B-BE

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم

# ڕێبەری هاتوچۆ

## بۆ بەکارهێنەرانی ڕێگاوبان

نووسەر و ئامادەکار : **نەجات نەجم**



v 1.0 | 2025

# ڕێبەری هاتوچۆ

بۆ بەکارهێنەرانی ڕێگاوبان

نووسەر و ئامادەکار **نەجات نەجم**



# ئەم پڕۆگرامانە بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە لایەن بیست و شەش

### . لیژنەی باڵای وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**. ڕێبەر ئەحمەد**
وەزیری ناوخۆ
**. د. عبدالرحمن حمدی**
بەڕێوەبەری نوسینگەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ
**. پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. سامی جەلال**
ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی ناوخۆ
**د. هێمن میرانی**
بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ
**لیوا دیدار عمر قادر**
بەڕێوەبەری گشتیی هاتوچۆی هەرێم/ بەوەکالەت
**. عەقیدی مافپەروەر هۆگر جمعە باپیر**
سەرپەرشتیاری پرۆژە

### . پەسەندکردنی پرۆگرام لە لایەن لیژنەی باڵای پەرەپێدانی هاتوچۆ

**. د. هێمن میرانی**
بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ
**. لیوای هاتوچۆ عبدالقادر عزیز ابراهیم**
بەڕێوەبەری گشتیی هاتوچۆی هەرێم
**. عەمیدی هاتوچۆ مؤید محمد مجید**
سکرتێری لیژنەی باڵای پەرەپێدانی هاتوچۆ
**. عەمیدی هاتوچۆ عمر نامیق**
بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی
**. عەمیدی هاتوچۆ ابراهیم عگید**
بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای دهۆک
**. عەمیدی هاتوچۆ حسن عبدالله**
بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای هەڵەبجە
**. عەمیدی هاتوچۆ حسن کلکان**
بەڕێوەبەری هاتوچۆی ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین
**. عەمیدی هاتوچۆ محسن منصور**
بەڕێوەبەری هاتوچۆی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان
**. عەقیدی هاتوچۆ زرار حسێن**
بەڕێوەبەری هاتوچۆی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران
**. عمیدی هاتوچۆ رشید ادم معروف**
بەڕێوەبەری هاتوچۆی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ

### . لیژنەی پێداچوونەوە و جێبەجێکردنی پڕۆگرام

**. عەمیدی هاتوچۆی ماف مؤید محمد مجید**
سکرتێری لیژنەی باڵای پەرەپێدانی هاتوچۆ
**. عەقیدی مافپەروەر هۆگر جمعە باپیر**
نوێنەری دیوانی وەزارەتی ناوخۆ
**. عەقیدی هاتوچۆ شیلان عثمان مجید**
نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی
**. عەقیدی هاتوچۆ جلال موسی علی**
نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی دهۆک
**. عەقیدی هاتوچۆ هەژار عثمان حسن**
نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر

### . لیژنەی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی پڕۆگرام

**. عەمیدی هاتوچۆی ماف مؤید محمد مجید**
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم
**سەرۆکی لیژنە**
**. عەمیدی هاتوچۆی ماف غانم احمد عبوش**
لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر
**ئەندامی لیژنە**
**. عەمیدی هاتوچۆ عبدالغفور محمود احمد**
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم
**ئەندامی لیژنە**

### . لیژنەی دانانی میکانیزمی پڕۆگرام

**. عمیدی هاتوچۆ ئەسعەد ملا کریم جکول**
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم
**سەرۆکی لیژنە**
**. عقیدی هاتوچۆ بارزان نوری کریم**
نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر
**ئەندام**
**. عقیدی هاتوچۆ شیلان عثمان مجید**
نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی
**ئەندام**
**. عقیدی هاتوچۆ بنار سردار زهدی**
نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی دهۆک
**ئەندام**

# لیژنەی جیاواز هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە و پەسەند کراوە.

**. لیژنەی پێداچوونەوە بە پرۆگرام بەپێی سیستەمی نوێی مۆڵەت**

**. عەمیدی هاتوچۆ ئەسعەد کریم جکول**
بەڕێوەبەری پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم
**سەرۆکی لیژنە**

**. عەمیدی هاتوچۆی ماف مؤید محمد مجید**
سکرتێری لیژنەی باڵای پەرەپێدانی هاتوچۆ
**ئەندام**

**. عەقیدی هاتوچۆ شیلان عثمان مجید**
نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی
**ئەندام**

**. عەقیدی هاتوچۆ عبدالرحمن عدنان میرزا**
لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان
**ئەندام**

**. عەقیدی هاتوچۆ ئاوات محمد احمد**
لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەڵەبجە
**ئەندام**

**. عەقیدی هاتوچۆ هەژار عثمان حسن**
لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر
**ئەندام**

**. عەقیدی هاتوچۆ جلال موسی علی**
لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی دهۆک
**ئەندام**

**. عەقیدی هاتوچۆ مریوان محمد امین**
لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ڕاپەڕین
**ئەندام**

**. موقەدەم نازم هیمت احمد**
لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی کۆیە
**ئەندام**

**. موقەدەمی هاتوچۆ عدنان عبید درویش**
لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سۆران

**. هەڵسەنگاندنی ئەندازەی هاتوچۆیی بۆ هێما و کەرەستەکانی هاتوچۆ**

**. ئەندازیار. دیلان عبداللە عمر**
**بەڕێوەبەری ئەندازەی هاتوچۆی هەرێم**

**. لیژنەی پێداچوونەوە بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی تیۆری**

**. عەمیدی هاتوچۆ اسعد ملا کریم جکول**
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم
**سەرۆکی لیژنە**

**. عەقیدی هاتوچۆ کمند عثمان ابراهیم**
بەڕێوەبەری بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر
**ئەندام**

**. عەقیدی هاتوچۆ شیلان عثمان مجید**
بەڕێوەبەری بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی
**ئەندام**

**. عەقیدی هاتوچۆ ئازا احمد محمد**
بەڕێوەبەری بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی دهۆک
**ئەندام**

**. عەقیدی هاتوچۆ مشیر عبدالله ڕسوڵ**
بەڕێوەبەری بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ڕاپەڕین
**ئەندام**

**. موقەدەمی هاتوچۆ پشتیوان غریب ڕشید**
بەڕێوەبەری بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەڵەبجە
**ئەندام**

**. موقەدەمی هاتوچۆ دانا هیدایەت حیدر**
بەڕێوەبەری بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان
**ئەندام**

**. موقەدەمی هاتوچۆ عدنان عبید درویش**
بەڕێوەبەری بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سۆران
**ئەندام**

**. موقەدەمی هاتوچۆ نزار صالح علی**
بەڕێوەبەری بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی زاخۆ
**ئەندام**

**. هەڵسەنگاندنی پرۆگرام لە لایەن پەیمانگەی پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێڕی و تەکنەلۆجیای زانیاری**

. **دکتۆرە. ئارا عمر** بەڕێوەبەری پەیمانگە

# 2025 - 2018

| | |
|---|---|
| ناوی پەرتووک | **ڕێبەری هاتوچۆ بۆ بەکارهێنەرانی ڕێگاوبان** |
| بابەت | **پرۆگرامی پێگەیاندن و پەرەپێدانی سالانەی مامۆستا و ڕاهێنەرانی بۆ مۆڵەتی B_BE**<br>**پرۆگرامی نووسینگەکانی فێرکردنی شۆفێریی بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی B_BE** |
| نووسەر و ئامادەکا | **نەجات نەجم** (بەڕێوەبەری گشتیی ناوەندی تۆتاڵ بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی هاتوچۆ) |
| پێداچوونەوەی یاسایی | **عەمیدی هاتوچۆی ماف سیروان علی** (بەڕێوەبەری بەشی یاسایی لە هاتوچۆی پارێزگای هەولێر) |
| هەڵسەنگاندنی زانستی | **ناوەندی تۆتاڵ** (بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی هاتوچۆ) |
| ئەرشیف و داتا | **ڕێکخراوی هێڵی سوور** (بۆ هۆشیاریی هاتوچۆ) |
| پێداچوونەوەی تەکنیکی | **م. مەریوان عەزیز** (جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی هێڵی سوور بۆ هۆشیاریی هاتوچۆ) |
| پێداچوونەوەی میکانیکی | **م. طارق زیاد حمو** (بەڕێوەبەری ڕاهێنانی سەرجەم لقەکانی PVI بۆ پشکنینی ئۆتۆمبێل لە عێراق) |
| پێداچوونەوەی فریاگوزاریی سەرەتایی | **د. هونەر ڕێبوار مستەفا** (ئەندامی کۆلێژی شاهانەی پزیشکی فریاکەوتن لە بەریتانیا) |
| پێداچوونەوەی فریاگوزاریی سەرەتایی | **عەمیدی پۆلیسی ماف دارا فاروق** (بەڕێوەبەری بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان) |
| پێداچوونەوەی زانستی تەندروستی | **پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. سەنگەر محمد احمد** (پسپۆری تەندروستی گشتی) |
| پێداچوونەوەی ئەندازەی هاتوچۆ | **ئەندازیار دیلان عبدالله عمر** (بەڕێوەبەری ئەندازەی هاتوچۆی هەرێم) |
| پێداچوونەوەی تەندروستی ژینگە | **م. مۆژدە قاسم قادر** (پسپۆری زانست و تەندروستی ژینگە) |
| ڕاوێژکاری زمانەوانی | **سەعید ڕەسوڵ** |
| پێداچوونەوەی زمانەوانی | **د. ابراهیم احمد شوان** |
| وردبینیی زمانەوانی | **اسو حسن روستم** |
| سەرپەرشتیی فۆتۆگرافی | **ئاژانسی میترۆگرافی** |
| سەرپەرشتیی هونەری | **Kamiloo Artmand** |
| ئامادەکردنی بۆ چاپ | **لوقمان ڕەشیدی** |
| ژمارەی چاپ | **یەکەم 2025** |
| ژ. سپاردنی وەزارەتی ناوخۆ | **16** |
| ژ. سپاردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری | **1280** |
| لە بڵاوکراوەکانی | **پەیمانگەی پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێڕی و تەکنەلۆجیای زانیاری وەزارەتی ناوخۆ** |



© سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراون بۆ نووسەر و ئامادەکار و وەزارەتی ناوخۆ، بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان، ڕێگە نادرێت بە لەچاپدانەوە و کۆپیکردنی ئەم بەرهەمانە، یان بڵاوکردنەوەیان لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یاخود خستنەسەر شێوازی دەنگ و کردنیان بە ئەپڵیکەیشن و سلاید و پاوەر پۆینت و هاوشێوەکانی، تەنیا لە ڕێگەی نووسینگەکانی فێرکردنی شۆفێریی وەک پرۆگرام بەکاردەهێنرێن.



KURDISTAN 2025 | Edition v 1.0

لەم بەرهەمانە پێکهاتوون لە: پەرتووکی ڕێبەری هاتوچۆ بۆ دەرهێنانی سەرجەم جۆرەکانی مۆڵەتی شۆفێریی و پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی تیۆری و تاقیکردنەوەی پراکتیکی و شێوازەکانی وانە وتنەوە بە تیۆری و هەنگاوەکانی ڕاهێنانی پراکتیکی و پرۆگرامی ساڵانەی پێگەیاندن و پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی مامۆستا و ڕاهێنەرانی فێرکردنی شۆفێریی کە ساڵانە هەموار دەکرێنەوە




























پێشکەشە بە

**کوردستان**

# پێشەکی

لـە جیهانـی هاوچەرخـی ئەمـڕۆدا سیسـتەمی هاتوچـۆ ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت لـە ژیانـی کۆمەڵگەکانـدا، بەوپێیـەی جموجۆڵـی ڕۆژانەمـان و چالاکییـە ئابوورییـەکان و پرۆسـەی گەشـەپێدان بـە گشـتی پشـت بـە سیسـتەمی هاتوچـۆ دەبەسـتن، لەگەڵ ئەوەشـدا ئاڵنگارییەکانـی هاتوچـۆ، وەک ڕووداوەکان و گیان لەدەسـتدان و زیانـە مادديیـەکان، هێشـتا سـەرچاوەیەکی گـەورەی مەترسـین بـۆ کۆمەڵگـەکان لـە سەرتاسـەری جیهـان، بـە کۆمەڵگـەی ئێمەشـەوە.

لـە کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، لەسـەر ڕاسـپاردەی جەنابـی سـەرۆک وەزیـران کاک مەسـرور بارزانـی وەکـوو بەشـێکی گرنـگ لـە کارنامـەی وەزاری، وەزارەتـی ناوخـۆ سـەرمایەگوزاری گـەورەی لـە کەرتـی هاتوچـۆدا کـردووە، کـە بـە هۆیـەوە کاروبـاری خەڵـک ئاسـان بـووە و کوالیتـی خزمەتگوزارییـەکان بەرزتـر بـووە، هەروەهـا ڕووداوەکانـی هاتوچـۆ و قوربانـی تـا ئاسـتێکی بـاڵا کەمبوونەتـەوە.

لـە ڕوانگـەی بەرپرسـیاریەتیمان بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئاسـایش و سـەلامەتی گشـتی و ئاسـانکردنی هاتوچـۆ، کـە لە یاسـای ژمـارە 6ی سـاڵی 2009 دا هاتـووە، هەروەهـا بـە هـۆی باوەڕمـان بـە گرنگیـدان بـە بـەردەوام باشـترکردنی سیسـتەمی هاتوچـۆ و سـەلامەتی لـە ڕێگاوبانەکاندا، ئـەم پەرتووکە خزمەتێکـی زانسـتی و پەروەردەیی سـەردەمیانە پێشـکەش دەکات، کـە ئامانجـی تێڕوانینێکـی گشـتگیر و قووڵـە بـۆ هەمـوو بەشـەکانی هاتوچۆ.

ئـەم پەرتووکـە هەنگاوەکانـی سـەلامەتی لەسـەر ڕێگاوبانـەکان و هۆکارەکانـی ڕووداوەکانـی هاتوچـۆ دەخاتـەڕوو، بـە پشتبەسـتن بـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری بەکارهێنەرانـی ڕێـگا و دانانـی میکانیزمـی گونجـاو بـۆ خوێندنـی وانەکانـی تیـۆری و ڕاهێنانـی کـرداری و تاقیکردنـەوەی سـەردەمیانە، کـە لـە جیهانـدا کاریگەرییان لەسـەر کەمکردنـەوەی ڕووداوەکانـدا سـەلماندووە.

هەروەهــا تیشــک دەخاتــە ســەر گرنگــی هۆشــیارکردنەوە و فێرکــردن بــۆ داڕشــتنی ڕەفتــاری شــۆفێران و بەرزکردنــەوەی پێوەرەکانــی ســەلامەتی هاتوچــۆ، ئەمــەش پابەندبوونــی قووڵــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان پێشــاندەدات بــە کەمکردنــەوەی ڕووداوەکانــی هاتوچــۆ و پاراســتنی ژیانــی هاووڵاتیــان و دانیشــتووان

هیــوادارم ئــەم پەرتووکــە ببێتــە ســەرچاوەیەکی گرنــگ بــۆ توێــژەران، پیشــەوەران، ئەفســەر و پۆلیــس و کارمەندانــی هاتوچــۆ، لەگــەڵ هەمــوو ئــەو کەســانەی کــە هــەوڵ بــۆ پەرەپێــدان و باشــترکردنی سیســتەمی هاتوچــۆ دەدەن لــە وڵاتەکەمانــدا.

ئــەم هەنگاوانــەی وەزارەتمــان لــە پێنــاوی ئەوەشــدایە، کــە ئەفســەرانی بــواری هاتوچــۆ بایەخــی زیاتــر بــە پێشخســتنی تواناکانیــان بــدەن و کار و بەرپرســیاریەتی خۆیــان بــۆ ئاســتی ســتانداردی جیهانــی بەرزبکەنــەوە.

بەرزکردنــەوەی تواناکانــی ئەفســەران لەگــەڵ بایەخــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان بــە ڕێگاوبــان و وانەکانــی فێــرکاری شــۆفێریی، کاریگــەری گــەورە دروســت دەکــەن لەســەر ســەلامەتی هاتوچــۆ و گۆڕانــکاری ئەرێنــی بەســەر پەیوەنــدی نێــوان ئەفســەر و کارمەندانــی هاتوچــۆ لــە لایــەک و هاووڵاتیــان و شــۆفێران لــە لایەکــی دیکــە دروســت دەکــەن.

ئــەم گۆڕانکارییــە پێویســتە بــە جۆرێــک بێــت ئەفســەران و کارمەنــدان بــە بەرزتریــن کوالێتــی بەرپرســیاریەتی خۆیــان بەجێبگەیەنــن و مامەڵــەی مۆدێــرن و شارســتانی لەگــەڵ هاووڵاتیــان بکــەن. لــە بەرامبــەردا هاووڵاتــی خۆشەویســتی و ڕێــز بــۆ ئەفســەران و کارمەنــدان بنوێنــن و پابەنــد بێــت بــە یاســا و ڕێنماییــەکان کــە دواجــار بــۆ ســەلامەتی گشــتین.

**ڕێبەر ئەحمەد**

وەزیری ناوخۆ

ڕێبەری هاتوچۆ پەرتووکێکی زانستی، یاسایی، ڕۆشنبیری هاتوچۆییە، بەو ئامانجە ئەم ڕێبەرە نووسراوە و ئامادەکراوە، بۆ ئەوەی هۆکارێک بێت بۆ کەمکردنەوەی سەرپێچی و ڕووداوەکانی هاتوچۆ، پاشان بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی قوربانیانی هاتوچۆ، کە بەداخەوە ساڵانە هەزاران کەس بەو هۆیەوە گیان لەدەستدەدەن یان بریندار دەبن.




1 پێناسەی یاسایی و زانستی بۆ تەواوی ئەو بابەتانە کراوە، کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی شەقامەوە هەر لە پیادە و سەرنشین تا دەگاتە شەقام و ڕێگا و سوارڕۆکان.




2 بنەما گشتییەکان بەشی دووەمی ئەم پەرتووکەن و باسی ئەو بنەمایانە دەکەن کە دیاریکراون بۆ پیادە و جۆرەکانی پیادەکان و سەرنشین.




3 یاسای کاربێکراوی هاتوچۆ بە مەرج و ڕێنمایی و سزاکان و پێناسەی یاسایی بۆ بابەتەکان لە بەشی سێیەمی ئەم ڕێبەرەدایە، تا لە ڕێگەیەوە شۆفێران بتوانن خۆیان لە سەرپێچی و سزا و ڕووداو بپارێزن و مامەڵەیەکی تەندروست و سەلامەت لەسەر شەقامەکان بکەن.



4 باسی ئامرازەکانی ڕێکخستنی شەقام دەکرێت کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ بۆ ڕێکخستن دادەنرێن یاخود لایەنی پەیوەندیدار ڕادەسپێرن بۆ دانانیان وەک ترافیک لایت، تابلۆ، هێڵ و تەواوی ئامرازەکانی دیکە، بۆیە دەکرێت ناوی زمانی هاتوچۆی لێبنێین.




5 بەشەکانی ئۆتۆمبێل وەک بزوێنەر و گێر و سوکان و بەشە گرنگەکانی و پشکنین و مەرجی توندوتۆڵی بەشێکن لە بابەتە گرنگەکان، دەبێت شۆفێر ئاشنایان بێت و بە شێوەیەکی زانستی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بۆیە وەک بەشی پێنجەم لەم ڕێبەرەدا بە پوختی ئامازەیان بۆ کراوە.




6 خۆ ئامادەکردن بۆ لێخوڕین هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لێخوڕینێکی سەلامەت، وەک ڕێکخستنی کوشن و ئاوێنەکان و تەواوی ئامادەکارییەکانی دیکە کە لە بەشی شەشەمدا باسکراون.










7 لێرە باس لە مانۆڕەکان کراوە، پێنج هەوراز، نشێو، دەستکردن بە لێخوڕین، جۆرەکانی پارککردن و سووڕانەوە و ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی شۆفێر دەبنەوە، بۆ هەر یەکێکیان باسی مامەڵەی دروست کراوە.

8 بارودۆخی سەر ڕێگاوبانەکانیش لە بەشی هەشتەمی ئەم ڕێبەرەدایە، پەکتریر و فلکە و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و دۆخەکانی دیکەی تێدا ڕوونکراوەتەوە.

9 نزیک گوند و ناوچە شاخاوییەکان هەمیشە مەترسی بوونی ئاژەڵی ماڵی و کێوییان لێ دەکرێت، ناو بازاڕ و کاتی ڕیزبەستن و پارککردنی ئۆتۆمبێلەکان ناوچەی مەترسیدارن بۆ پیادەی نەبینراو، بۆیە لە بەشی نۆیەمدا وەک هەڵسەنگاندنی مەترسی باسکراون.










10 باس لە تەندروستی شۆفێر کراوە، مامەڵەکردن لەگەڵ خەواڵووبوون و نەخۆشی و مەی و ماددە هۆشبەر و ئارامکەرەوەکان لەو بابەتانەن کە دەبێت شۆفێر ڕۆشنبیرییەکی تەواوی لەسەریان هەبێت و بەئاگا بێت بەرامبەریان.

11 پاراستنی ژینگە ئەرکێکی ئاینی و نیشتمانی و ئەخلاقییە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە، سوارڕۆ یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پیسبوونی ژینگە، چۆن بتوانین بە شێوەیەکی ژینگە دۆستانە ئۆتۆمبێل لێبخوڕین؟ وەڵامەکەی لە بەشی یازدەدا بە ناوی لێخوڕینی ژینگەپارێزانە باسکراوە.

12 ڕووداوی هاتوچۆ ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە و دەکرێت ڕووبەڕووی هەر شۆفێر و سەرنشین و پیادەیەک ببێتەوە، چۆن پەیوەندی بکەین و چۆن مامەڵە لەگەڵ قوربانییەکان بکەین (خوێنبەربوون، شکان، لەهۆشچوون، سووتان) لە بەشی دوازدەدا وەک فریاگوزاریی سەرەتایی باسکراوە.




لە کۆتایی ئەم ڕێبەرەدا فەرهەنگێکی هاتوچۆ بە زمانی کوردی خراوەتەڕوو. هیواخوازم ئەم ڕێبەرە ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی سەلامەتی زیاتر لە هەرێمی کوردستان و عێراق، هەروەها بەم ڕێبەرە کتێبخانەی کوردی لە بواری هاتوچۆدا دەوڵەمەند بکەم.

# INDEX | پێڕێست


| | | |
|---|---|---|
| 1 — 20-33<br>پێناسەکان | 2 — 34-45<br>بنەما گشتییەکان | 3 — 46-57<br>یاسای هاتوچۆ |
| 4 — 58-93<br>هێما و کەرەستەکانی هاتوچۆ | 5 — 94-117<br>بەشەکانی ئۆتۆمبێل | 6 — 118-127<br>خۆ ئامادەکردن بۆ لێخوڕین |
| 7 — 128-153<br>مانۆڕکردن | 8 — 154-173<br>باروودۆخی سەر ڕێگاوبان | 9 — 174-183<br>هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان |
| 10 — 184-195<br>تەندروستی شۆفێر | 11 — 196-205<br>لێخوڕینی ژینگەپارێزانە | 12 — 206-224<br>فریاگوزاریی سەرەتایی |

DEFINITIONS

## 1 پێناسەکان


1 سواررۆ 22
2 سواررۆ چەرخدارەکان
چەند جۆر سواررۆ هەن؟
پاسکیل
سواررۆی تایبەت بە منداڵ
3 ماتۆرسکیل 23
جۆرەکان
لە کاتی بەکارهێناندا
4 ئۆتۆمبێل 24
بەر لە لێخوڕین
لە کاتی لێخوڕیندا
5 تەکسی 25
بەرپرسیارێتی و ماڧەکانی شۆفێر و سەرنشین
6 پاس 27
7 بارهەڵگر 28
8 ئامێرەکانی بیناسازی
9 ئامێرەکانی کشتوکاڵ
10 سواررۆی ڕاکێشراو 29
11 مۆڵەتی شۆفێریی
12 پێناسەکان 30
13 جۆرەکانی ڕێگا 31
14 جۆرەکانی ڕێگا لە عێراقدا 32




GENERAL RULES

## 2 بنەما گشتییەکان


15 ڕێنمایی و پابەندییەکان 36
16 دابەشکردنی ڕێگا
17 پیادە
18 پەڕینەوەی پیادە 37
19 جۆرەکانی پیادە 38
20 سەرنشین 42
21 بنەماکانی ڕەفتاری سەرنشین 44
22 بنەماکانی تایبەت بە سواررۆ گشتییەکان






TRAFFIC LAW

## 3 یاسای هاتوچۆ


23 مێژووی یاسای هاتوچۆ 48
24 جۆرەکانی مۆڵەتی شۆفێریی 49
25 دەرهێنانی جۆرەکانی مۆڵەتی شۆفێریی 50
26 مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی شۆفێریی 26
27 شۆفێریکردن بە بێ مۆڵەتی شۆفێریی 52
28 لێخوڕین بە سەرخۆشی
29 لێخوڕین بە کەمتەرخەمی و سەرشێتی 53
30 بوونە هۆکاری مردن
31 ناوچە تەرخانکراوەکان بۆ تێپەڕینی پیادە 54
32 دەستدرێژیکردنەسەر پۆلیسی هاتوچۆ
33 هەڵپەساردنی مۆڵەتی شۆفێریی 55
34 جێبەجێکردنی توندترین سزا
35 بەڵگەنامەی سەلماندن
36 پێشرەوییەکانی هاتوچۆ 56

# 4 هێما و کەرەستەکانی هاتوچۆ

TRAFFIC SIGNS


60 37 تێگەیشتن لە ئاماژەکانی پۆلیسی هاتوچۆ
61 38 گڵۆپی هاتوچۆ (ترافیک لایت)
62 39 گڵۆپەکانی هاتوچۆی تایبەت بە پیادە
• گڵۆپە ترووسکەدارەکان
63 40 هێمای تیرێکی سوور
41 فلاشەری بازنەیی زەرد یان لە شێوەی تیرێکدا
65 42 سیستەمی تابلۆکان
66 43 هێماکانی ئاگادارکردنەوە
69 44 هێماکانی پێشڕەوی
70 45 هێماکانی ڕێگەپێنەدان یاخود سنووردارکردن
73 46 هێماکانی ناچارکردن
75 47 [illegible]
79 48 هێماکانی زانیاری و خزمەتگوزارییەکان
49 هێماکانی ئاراستەکردن و شوێن و ئاماژەکردن
80 50 هێمای ژێر تابلۆ
82 51 تابلۆکانی ڕێنیشاندان (خزمەتگوزارییەکان)
83 52 تابلۆکانی ڕێنیشاندان (شیکرنەوەی ڕەنگ)
86 53 هێڵەکانی سەر ڕێگاوبان
89 54 هێماکردن و گڵۆپی چواری
90 55 ناساندنی بارە مەترسیدارەکان
92 56 هۆڕن
93 57 ئاماژەکانی ئاگادارکردنەوە و قەبارەی بارهەڵگر





# 5 بەشەکانی ئۆتۆمبێل

CAR PARTS


96 58 بەشە بنچینەییەکانی ئۆتۆمبێل
59 هەیکەل
60 بزوێنەر
97 • بەشە جوولاوەکان
97 61 گێڕ و کلاچ
98 62 گێڕ
• گێڕی دەستی
99 63 پارێزگاریکردن لە گێڕی ئۆتۆمبێل
100 • گێڕی خۆکار (ئۆتۆماتیک)
• گێڕی نیمچە خۆکار
101 64 کلاچ
102 65 سیستەمی ئاراستەکردن
103 66 سوکان
105 67 سیستەمی وەستێنەرەکان
106 68 سیستەمی سووتەمەنی
69 سیستەمی کارەبایی
70 سیستەمی هەوا
107 71 سیستەمی دەرکردنی دووکەڵ
72 سیستەمی ساردکردنەوە
73 سیستەمی چەورکردن
108 74 تایەکان
109 75 گرفتەکانی تایە و چارەسەرەکانیان
110 76 چۆنیەتی گۆڕینی تایە
111 77 دابەزینی بارگەی پاتری و دانەگیرسانی ئۆتۆمبێل
112 78 سیستەمی ڕووناکی
113 79 پەککەوتن
114 80 هێماکانی نێو داشبۆرد
116 81 مەرجەکانی تونددوتۆڵی تایبەت و گشتی








# 6 خۆ ئامادەکردن بۆ لێخوڕین


82 پێداویستییەکانی شۆفێر 120
83 ڕێکخستنی کورسی ئۆتۆمبێل 121
84 پشکنینی ئۆتۆمبێل 123
85 ڕێکخستنی ئاوێنە 125
86 ناوچەی مردوو کوێیە؟ 126




# 7 مانۆڕکردن


87 32 هەنگاوی مانۆڕکردن 131
88 دەستکردن بە لێخوڕین 132
89 ڕاوەستان لە لێواری شەقام 133
90 گۆڕینی ڕێڕەوی لێخوڕین
91 پێچکردنەوە 134
■ 1 پێچکردنەوە بۆ لای چەپی ڕێگا و شەقام
■ 2 پێچکردنەوە بۆ لای ڕاستی ڕێگا و شەقام 135
■ 3 ڕاستەوڕاست لێخوڕین (لە یەکتربڕدا)
92 یەکگرتن و گۆڕینی ڕێڕەو 136
■ 1 یەکگرتنی ڕێڕەو
■ 2 گۆڕینی ڕێڕەو
■ 3 تەسکبوونی ڕێڕەو لە هەردوولاوە
■ 4 تیر هێڵەکانی سەر شەقام
93 شێوازەکانی سووڕانەوەی (یوتێرن) 137
94 سووڕانەوە 138
95 سووڕانەوەی یوتێرن U
96 سووڕانەوەی سێ خاڵ 139
97 پێناسەی تێپەڕاندن
98 ڕێنمایی تێپەڕاندن 140
99 تێپەڕاندنی نایاسایی
100 بەر لە تێپەڕاندن 141
101 کاتی تێپەڕاندن 142
102 دوای تێپەڕاندن 142
■ 1 تێپەڕاندنی ئاژەڵ یان عەرەبانە (گالیسکە)
■ 2 تێپەڕاندنی ماتۆڕسوار یان پاسکیلسوار
103 لێخوڕین بە پەگ 143
104 شێوەکانی لێخوڕین بە پەگ
105 پەگ بە شێوەی L 144
■ ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل کاتێک کەرەستەی پێوە بەستراوێت 143
106 ڕاوەستان / پارککردن (Park) 146
107 ئەو شوێنانەی پارککردن تێیاندا قەدەغەیە 147
شێوەکانی پارککردن 147
108 1 بە شێوەی تەریب (پاراڵێل) 149
109 2 لە نێوان دوو ئۆتۆمبێلی پارککراودا 150
110 3 بە لاری (بە شێوەی گۆشەی 45) 151
111 4 شێوازی گۆشە 152
112 5 لەسەر گرد و هەوراز 153




ROAD CONDITIONS

# 8 بارودۆخی سەر ڕێگاوبان


خێراییەکان لە هەرێمی کوردستاندا 156
یەکتربڕ 157
جۆرەکانی یەکتربڕ 158
- چوارڕیانی ئاسایی (هاوشێوە)
- چوارڕیانی مەترسیدار
- یەکتربڕێک بە شێوەی T
- یەکتربڕێک بە شێوەی Y
پابەندبوونی ڕەها و وەستان 159
پێچکردنەوە بۆ دەستە ڕاست لە یەکتربڕێکدا 160
پێچکردنەوە بۆ دەستە چەپ لە یەکتربڕێکدا 161
فلکە 163
- گرنگی فلکە چییە؟
مەترسییەکانی فلکە 164
پێچ، هەوراز و نشێو 165
گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا 166
لێخوڕین لە زستاندا • باران و تەڕبوونی شەقام 167
لێخوڕین لە زستاندا • بەفر و کەشوهەوای سارد 170
لێخوڕین لە زستاندا • هەبوونی تەم 171
لێخوڕین لە زستاندا • هەبوونی بای بەهێز
لێخوڕین لە هاویندا • کەشوهەوای گەرم 172
لێخوڕین لە هاویندا • خۆڵبارین و گەردەلوول




HAZARD PERCEPTION

# 9 هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان


129 هونەری هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان 176
130 دەستنیشانکردنی مەترسییەکان 177
- ئەو شوێنانەی کە ئەگەری تووشبوون بە ڕووداو تێیاندا زۆرە
- چی دەکەیت کاتێک لە مەترسییەکە نزیک دەبیتەوە؟ 177
- گرنگترین هۆکارە مرۆییەکان
131 هەڵگرتنی بار 181
132 بارە مەترسیدارەکان 182
133 هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاژەڵ 183




DRIVER'S HEALTH

# 10 تەندروستی شۆفێر


134 تەندروستی شۆفێر 186
- چۆن مەترسییەکانی ماندوێتی کەمدەکەیتەوە؟ 185
- ئەو دەرمانانەی کاریگەرییان لەسەر شۆفێریکردن هەیە
135 مەی و مادەی هۆشبەرەکان 190
- دیارترین کاریگەرییەکانی مەی لەسەر شۆفێر
136 مادە هۆشبەرەکان 191
137 کاریگەرییەکانی مادە هۆشبەرەکان 192
138 خۆراکی تەندروست 193
139 تەندروستی دەروونی 194







ECO DRIVING

## 11 لێخوڕینی ژینگەپارێزانە


140 مەبەست لە پیسبوونی ژینگە چییە؟ 198
141 ئۆتۆمبێل و پیسبوونی ژینگە 199
142 ئۆتۆمبێل و پیسبوونی ژینگە 200
- زیانەکانی پیسبوونی ژینگە چین؟
- چەند جۆر پیسبوون هەن
143 ئۆتۆمبێل و پیسبوونی ژینگە 201
144 لێخوڕینی ژینگەپارێزانە
145 مەبەست لە لێخوڕینی ژینگەپارێزانە چییە؟ 202
146 گرنگی لێخوڕینی ژینگەپارێزانە چییە؟ 205


TRAFFIC GLOSSARY

## * فەرهەنگی هاتوچۆ


- فەرهەنگی هاتوچۆ 226
- NOTES 230


FIRST AID

## 12 فریاگوزاریی سەرەتایی


147 فریاگوزاریی سەرەتایی چییە؟ 208
- پێداویستییەکانی فریاگوزاریی سەرەتایی
148 بووژاندنەوەی دڵ 209
- پێش دەستکردن بە ئەنجامدان
- چۆنیەتی ئەنجامدان
149 لەو کاتەی لە شوێنی ڕووداوەکەی چی دەکەیت؟ 211
150 بنەماکانی فریاگوزاریی سەرەتایی 214
151 (1) خوێنبەربوون
152 (2) خوێنبەربوون لە ناوەوەی جەستەدا 216
153 (3) خوێنبەربوون لە لووتەوە 217
154 (4) شکانی ئێسک
155 (5) پێوەدان لە لایەن مار و دووپشکەوە 219
156 (6) سووتان 220
157 لە کاتی ئەنجامدانی فریاگوزاریی سەرەتاییدا 221
158 کاتێک بە ئۆتۆمبێل تووشی ڕووداوێک دەبیت 222
159 کاتێک ئۆتۆمبێلەکەت لە ڕێگادا پەکیدەکەوێت 223
160 چۆن ئاگرکوژێنەوە بەکاردەهێنیت؟ 224


پێش خوێندنەوەی ئەم ڕێبەرە، تەماشای ئەم نیشانانە بکە:

37 هێمایە بۆ سەردێری بابەت. ئەم ڕێبەرە لە 160 بەش پێکهاتووە.

درێژەی بابەت 32 ئاراستەکانی ڕێنیشاندان

هێمایە بۆ درێژەی بابەت.

واتا بابەتەکە درێژەی هەیە.

واتا بابەتەکە کۆتایی هاتووە.

لەبیرتبێت

تێبینی

ئاگادارییە



25 ئاماژەیە بۆ یاسای هاتوچۆ

ئـەم ڕێبـەرە پوختەیەكـە لـە یاسـا و ڕێنمایـی و زانسـت و زانیـاری هاتوچـۆ و شـێوازەكانی بەكارهێنانـی ڕێگاوبـان بە سـەلامەتی. ئـەم ڕێبـەرەی بەردەسـتت بـە جۆرێـك ئامادەكـراوە خوێندەواریـت لـە هـەر ئاسـتێكدا بێـت دەتوانیـت لـە ناوەڕۆكـی تێبگەیـت. بـە وردی بیخوێنـەرەوە و ڕێنماییەكانـی جێبەجـێ بكـە. ئەگـەر تـۆ شـۆفێرێكی بـاش بیـت، ئەوانـی دیكـەش شـوێنت دەكـەون. شـۆفێریكردن مافێكە، بـەلام لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕەوشـتە و بەرپرسـیاریەتییە.

لـە تـەواوی جیهانـدا لـە لایـەن زۆربـەی ئـەو كەسـانەی ئۆتۆمبێـل لێدەخـوڕن، بەدەسـتهێنانی مۆڵەتـی شـۆفێریی وەك قۆناغێكـی گرنـگ و ئەزموونێـك تەماشـا دەكرێـت. بەدەسـتهێنانی مۆڵەتـی شـۆفێریی دەكرێـت هەلێكـی گرنـگ بێـت بـۆ بەدەسـتهێنانی چەندیـن هەلـی كار و پیشـەی جیاجیـا. لـە هەمـان كاتـدا، توانـای سـەربەخۆیی و متمانەبەخۆبـوون بەهێزتـر دەكات.

یەكێـك لـە ئامانجـە سـەرەكییەكانی ئـەم ڕێبـەرە، بریتییـە لـەوەی كاتێـك تۆی شـۆفێر بـە ئۆتۆمبێلەكـەت دەچیتە سـەر شـەقام شـارەزایی تـەواوت هەبێت لەبـارەی یاسـای هاتوچـۆ و چۆنیەتـی لێخوڕین، بۆیە پێویسـتە شـۆفێرێك بیـت لـە ڕێـگای هەڵسـوكەوتی بەرپرسـیارانەوە سـەلامەتی خـۆت و دەوروبـەر بكەیتـە مەرجی لە پێشـینەت.

لـە بیـرت بێـت، هاتوچۆكـردن بـە سـەلامەتی تەنیـا بریتـی نییـە لـە توانـای تـۆ، بۆیـە دەبێـت یاسـاكانی هاتوچـۆ بزانیـت و بـە باشـی و متمانەبەخۆبوونـەوە ئۆتۆمبێلەكـەت لێبخوڕیـت؛ لـە هەمـان كاتـدا، بریتییـە لـەوەی بـە شـێوەیەكی بەرپرسـیارانە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو بارودۆخانـەدا بكەیـت كـە لـە شـەقامەكاندا ڕووبەڕوویـان دەبیتەوە، لـەو كاتـەی تـۆ شـۆفێریت یـان پیادەیـت یـان سەرنشـین.

پێویسـتە ئـەوەش بزانیـت ڕووداوەكانـی هاتوچـۆ وێـڕای كوشـتن و بریندارب‌ـوون، زیانـی ئابـووری و كێشـەی كۆمەڵایەتیشـیان لێدەكەوێتـەوە، ئەمـە ئەركـی سەرشـانی هەموو تاكێكە و بەرپرسـیاریەتی گەورەش لەسـەر شـانی تـۆ دادەنێـت، چونكـە تـۆ ئـەو كەسـەیت كـە ئۆتۆمبێـل كۆنتـڕۆڵ دەكەیـت. سـەرەڕای ئـەوەی نابێـت سـەرپێچی بكەیـت و ببیتـە هـۆی ڕووداوكەوتنـەوە، دەبێـت بە شـێوەی لێخوڕینـی بەرگریانـە خۆت لـە هەڵـەی بەكارهێنەرانی دیكـەی ڕێـگاش بپارێزیـت.

بۆیـە گرنگـی ئـەم ڕێبـەرە لەوەدایـە، هـاوكارت دەبێت بۆ ئـەوەی بـە سـەركەوتوویی لەپێنـاو سـەلامەتی هەمووانـدا ئـەو بەرپرسـیاریەتییە هەڵبگریت بـە هاوبەشـی لەگـەڵ بەكارهێنەرانی دیكـەی ڕێگا.

**نەجات نەجم**

نووسەر و ئامادەكار


(وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الأَرْضِ هَوْنًا)
(بەندەکانی خوای میهرەبان بە ئارامی و شکۆوە بەسەر زەویدا دەڕۆن)
سورة الفرقان
٦٣

1

# پێناسەکان



1
14

# DEFINITIONS



## 1 سوارڕۆ

**سوارڕۆ:** هەر هۆیەکی چەرخدارە کە بە هێزی جەستەیی یان بە بزوێنەری میکانیکی بڕوات یان ڕابکێشرێت، واتا بە هەر ئامرازێک بڕوات، جگە لەوەی لە سەر هێڵی ئاسنین دەڕوات.

### چەند جۆر سوارڕۆ هەن؟

جۆرەکانی سوارڕۆ یان ئەو ئامێرانەی کە بۆ هاتوچۆکردن و گواستنەوە بەکاردەهێنرێن، بەگوێرەی جۆری پێداویستییەکانی مرۆڤ و بەکارهێنانیان جیاوازن. گرنگترین ئەو جۆرانەی پەیوەستن بە هاتوچۆی مرۆڤ یان گواستنەوەوە یان کاری بیناسازی و کشتوکاڵی و هێزی بەگەڕخستنیان بەدەستدێت، ئەمانەی خوارەوەن:

1. هێزی ماسوولکەی مرۆڤ 2. بزوێنەر (مەکینە) 3. کارەبا 4. ئاژەڵ.



## 2

**پاسکیل** ئەو جۆرانە دەگرێتەوە کە بە هێزی ماسوولکەی مرۆڤ بەگەڕدەخرێن، جگە لە هەندێک جۆر نەبێت کە لە ڕێگای پاتری بارگاویکراوەوە هێزی بەگەڕخستنیان بەدەستدێت.

**پاسکیل** بەگوێرەی قەبارەی تایەکان و چوارچێوەکەی، پێویستە پاسکیلێک هەڵبژێرێت کە لەگەڵ توانای جەستە و باڵاندا دەگونجێت.

**سوارڕۆی تایبەت بە منداڵ** بەر لەوەی منداڵ ئەم ئامێرانە بەکاربهێنێت:

- دڵنیابە لەوەی کە تەمەنی منداڵەکە بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامێرە بە سەلامەتی گونجاوبێت.
- قەبارەی گونجاو بەگوێرەی تەمەن و باڵای منداڵەکە هەڵبژێرە.
- پێداویستییەکانی سەلامەتی بۆ دابین بکە: کڵاو، دەستکێش، سەرئەژنۆ، سەرئەنیشک، جلی فسفۆری و زەنگ.
- ئاوبەئاو پشکنین ئەنجام بدە و کەموکوڕییەکانی چارەسەر بکە.
- جلوبەرگی گونجاو و ڕەنگداری پێبپۆشە.
- ڕاهێنانی پێبکە بۆ شارەزابوون.
- منداڵەکەت فێری ڕەوشتەکانی لێخوڕین بکە.
- شارەزای بکە بە هێما و کەرەستەکانی سەر شەقام و کۆڵان.
- ڕێنمایی بکە بۆ ئەوەی لە شوێنی گونجاودا بەکاریبهێنێت.
- وریای بکەرەوە لە مەترسییەکانی سەر شەقام.
- وریای بکەرەوە لە بەکارهێنانی سوارڕۆکەی بە مەبەستی نمایشکردن یان سەرکێشی.
- لە نزیک ئۆتۆمبێلەکان بەکاری نەهێنێت.



### جۆرەکانی سوارڕۆی منداڵ

- پێڵاوی تایەدار
- پاسکیلی سێ تایە
- پاسکیل بە تایەی یاریدەدەرەوە
- هۆڤەربۆرد
- پاسکیل
- سکوتەر
- پاسکیلی کارەبایی





## 3 ماتۆڕسکیل



- **پێناسەی ماتۆڕسکیل:** ئامێرێکی گواستنەوەیە کە دوو یان سێ تایەی هەیە. بە هێزی میکانیکی پاڵی پێوەدەنرێت و شێوەی وەک ئۆتۆمبێل نییە.



**جۆرەکان**

1. دوو تایە 2. سێ تایە 3. سکوتەر 4. مۆپێد
5. ماتۆڕسکیلی بچووک
6. ماتۆڕسکیلی چوار تایە (کواد)
7. ماتۆڕسکیل لەگەڵ عەرەبانەی بەستراو بە تەنیشتییەوە

**لە کاتی بەکارهێناندا**

- قەبارەی گونجاو هەڵبژێرە، بەگوێرەی تەمەن و باڵا و توانای جەستەیت.
- پێداویستییەکانی سەلامەتی بەکاربهێنە: کڵاو، دەستکێش، سەرئەنیشک، سەرلەژنۆ.
- جلوبەرگی گونجاو و ڕەنگدار بپۆشە.
- بە وریاییەوە لێیخوڕە و خۆت لە مانەوە لە ناوچەی مردووی سوارڕۆکانی دیکە بەدوور بگرە.
- بۆ جۆری دوو تایە و سێ تایە، دەتوانی لە تەمەنی 16 ساڵیدا مۆڵەتی شۆفێریی ماتۆڕسکیل بەدەستبهێنیت.



## 4 ئۆتۆمبێل

■ پێناسەی ئۆتۆمبێلی تایبەت:
تەرخانکراوە بۆ گواستنەوەی کەسی، بە بێ بەرامبەر.



■ بەکاردەهێنرێت بۆ گواستنەوەی تایبەت.

### پەر لە لێخوڕین

- دڵنیابە لە شیاوی ئۆتۆمبێلەکەت بۆ چوونەسەر شەقام.
- دڵنیابە لە تەندروستی جەستەیی و لەبوونی هیچ کاریگەرییەکی دەروونی.
- کوشن و ئاوێنەکان ڕێکبخە و پشتێنی سەلامەتی ببەستە.

### لە کاتی لێخوڕیندا

- لە کاتی لێخوڕیندا، خۆت لە سەرقاڵبوون بەدوور بگرە.
- پابەندبە بە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆوە.
- تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە و هێما دابگیرسێنە.
- مەودای سەلامەت لەگەڵ سوارڕۆکانی دیکەدا بپارێزە لە کاتی لێخوڕین و وەستان و پارککردندا.

### بەستنەوەی کەرەڤانە یان عەرەبانە بە ئۆتۆمبێلەوە

- دڵنیابە لەوەی ئۆتۆمبێلەکەت گونجاوە بۆ ئەوەی کەرەڤانەی لێ ببەسترێت.
- نابێت درێژی کەرەڤانە لە درێژی ئۆتۆمبێلەکەت زیاتر بێت.
- نابێت پانتایی کەرەڤانەکە لە پانتایی ئۆتۆمبێلەکە زیاتر بێت.
- دەبێت تابلۆ، گڵۆپەکان و ئاوێنەی پێویست و گڵۆپەکانی دواوە کاربکەن.
- وریابە لە کاتی لێخوڕین لە پێچ و هەوراز و نشێودا و لە کاتی تێپەڕاندن.
- نابێت بە خێرایی زیاتر لە *80 km/H لێبخوڕێت.
- نابێت کێشی عەرەبانە لە *750 kg زیاتر بێت بۆ مۆڵەتی B، دەتوانرێت لە *750 kg زیاتر بێت بۆ مۆڵەتی BE .
- لە کاتی لێخوڕیندا نابێت هیچ سەرنشینێک لە کەرەڤانەدا سەربکەوێت.

### لە بیرت بێت

❹ کاتێک کەرەڤانەیەک بە ئۆتۆمبێلەکەت ڕادەکێشێت، هەمیشە هێزی ئۆتۆمبێلەکەت لاوازتر دەبێت.



* H: کاتژمێر * km: کیلۆمەتر * kg: کیلۆگرام

## 5 تەکسی







- **پێناسەی ئۆتۆمبێلی تەکسی:** تەرخانکراوە بۆ گواستنەوەی کەسی، بەرامبەر بە کرێ.
- کەشتکردن بە تەکسی، ئەگەر شۆفێر بیت یان سەرنشین، چەند مافێکت هەیە و چەند بەرپرسیارێتییەکت لەسەر شانە.
- ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی سەرنشین بە کرێ ناسراو بە تەکسی، لە زۆربەی وڵاتاندا بە ئاسانی دەتوانرێت بەگوێرەی رەنگ و شێوە لە ئۆتۆمبێلە تایبەتەکان جیابکرێتەوە: هێمای تایبەت و وشەی TAXI لەسەر تابلۆی ئۆتۆمبێلەکە هەن.

**بەرپرسیارێتییەکان** وەک شۆفێر پێویستە:

- دەبێت بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم سەرنشینان و کەسانی سەر شەقام بکەیت و پارێزگاری لە سەلامەتیان بکەیت.
- هاوکاری سەرنشینەکان بکەیت بۆ سەرکەوتن یان دابەزین، ئەگەر پێویست بێت.
- هاوکاری سەرنشین بکەیت بۆ هەڵگرتن و داگرتنی جانتا و کەلوپەلەکانی، بە مەرجێک زۆر گەورە و قورس نەبێت و لە توانای مرۆڤدا بێت.
- ئۆتۆمبێلەکە پاک بێت و سەرنشینەکان هەست بە ئاسوودەیی بکەن.
- بە شێوەیەکی یاسایی و گونجاو لێبخوڕیت و نەبیتە هۆکاری ترساندنی سەرنشین و کەسانی سەر شەقام.
- جلوبەرگی گونجاو بپۆشیت.
- جگەرە نەکێشیت و دەنگی ڕادیۆ بەرزنەکەیتەوە.
- نابێت لە کاتی هەستکردن بە ماندوویەتی یان خەواڵوویی ئۆتۆمبێل لێبخوڕیت.
- نابێت لە ژێر کاریگەری مەی یاخود مادده هۆشبەرەکاندا ئۆتۆمبێل لێبخوڕیت.
- پرسیاری کەسی و تایبەت لە سەرنشین مەکە.



**بەرپرسیارێتییەکان** وەک سەرنشینێک لە نێو تەکسیدا پێویستە:

- ناونیشانی دروست بدەیت.
- پشتێنی سەلامەتی ببەستیت.
- جگەرە نەکێشیت.
- بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت بکەیت و نەبیتە مایەی سەرقاڵکردن یان بێزارکردنی شۆفێر.
- خواردن نەخۆیت و خواردنەوە نەخۆیتەوە، تەنیا مەگەر شۆفێر ڕێگەت پێبدات.
- کرێی گواستنەوەکە بدەیت و نەبیتە هۆکاری زیانگەیاندن بە ئۆتۆمبێلەکە.
- داوا لە شۆفێر نەکەیت بۆ ئەوەی بە خێرایی نایاسایی لێبخوڕێت یان یاساکانی سەر شەقام پێشێل بکات.



## 5-1 مافەکانی شۆفێری تەکسی چین؟

- لە ژینگەیەکی سەلامەتدا کاربکەیت و بە ڕێزەوە مامەڵەت لەگەڵدا بکرێت.
- ڕەتیبکەیتەوە ئاژەڵ لە نێو ئۆتۆمبیلەکەتدا هەڵبگریت، ئەگەر سەلامەت نەبێت.
- ڕەتیبکەیتەوە سەرنشینێک هەڵبگریت، کە لەوانەیە نەتوانێت کرێی گواستنەوەکە بدات.
- دەتوانیت داوای هاوکاری لە پۆلیس بکەیت، ئەگەر سەرنشین کرێی گواستنەوەکەی نەدات.
- پێش دەستکردن بە گەشت (سەفەر) داوای کرێ بکەیت ئەگەر گومانت هەبێت لەوەی سەرنشین لە کۆتاییدا ڕەتیبکاتەوە کرێ بدات.
- ئەگەر سەرنشین مافەکانت پێشێل بکات، دەتوانیت سکاڵا لە لای پۆلیس تۆمار بکەیت یان لە لای ئەو کۆمپانیایەی کاری بۆ دەکەیت.




## 5-2 مافەکانی سەرنشینی تەکسی چین؟

- ڕێگای گەشتەکەت دیاری بکەیت بە مەرجێک سەلامەت بێت.
- ڕەتیبکەیتەوە شۆفێر کەسانی دیکە هەڵبگرێت، ئەگەر بەتایبەت بە کرێت گرتبێت.
- کرێی دیاریکراو بدەیت، بەگوێرەی پێوەر و نرخی دیاریکراو؛ هەروەها ئەو بڕە پارەی کە لای شۆفێر ماوە وەریبگریتەوە.
- ئەو تەکسییەی گەشتی پێدەکەیت سەلامەت و مایەی ئاسوودەیی بێت.



## 6 پاس



پێناسەی پاس: سوارۆیەکی قەبارە گەورەیە بۆ گواستنەوەی ژمارەیەکی دیاریکراوی سەرنشین بەکاردەهێنرێت.

بنچینەی وشەی پاس لە لاتینییەوە وەرگیراوە Omnibus، کە بە واتای (بۆ هەمووان)ە.

**چەندین جۆری پاس هەن کە** قەبارە و شێوەکانیان و توانایان بۆ هەڵگرتنی سەرنشین جیاوازە. بەگوێرەی بەکارهێنان چەند جۆرێک دەگرنەوە:

- پاسی گواستنەوەی گشتی: بۆ گواستنەوەی سەرنشین لە ناوەوە و دەرەوەی شارەکاندا بەکاردەهێنرێت.
- پاسی گەشتیاری: بۆ گواستنەوەی گەشتیاران بە نێو شوێنە گەشتیارییەکاندا بەکاردەهێنرێت. زۆربەی پاسە نوێیەکان (مۆدێرنەکان) لە دوو کابینەی سەرەوە و خوارەوە پێکدێن و گەشتیاران بە ئاسانی دەتوانن دیمەنەکان ببینن، چونکە کابینەی سەرەوە کراوەیە.
- پاسی قوتابخانە: بۆ گواستنەوەی منداڵان بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆ گواستنەوەی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکانیش بەکاردەهێنرێت. هەندێک جار لە رێگەی شێوە و دیزاینیانەوە دەناسرێنەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی بینینیاندا شۆفێران بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.
- پاسی تایبەت: بۆ گواستنەوەی تایبەت بەکاردەهێنرێت، زیاتر لە لایەن فەرمانگە و کۆمپانیا و دامەزراوەکانەوە بەکاردەهێنرێت.



## 7 بارهەڵگر

- تەرخانکراوە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل بە هەموو جۆرەکانییەوە، پیکاپیش بە یەکێک لە بارهەڵگرەکان دادەنرێت.
1. لۆری: بۆ گواستنەوەی کەلوپەل.
2. گەلابە: بۆ گواستنەوەی کەرەستە و پێداویستییەکانی بیناسازی.
3. تانکەر: بۆ گواستنەوەی ئاو، سووتەمەنی و ئەو بەرهەمانەی لە شێوەی تۆز یان پاودەردان.
- بارهەڵگر و سوارڕۆ گەورەکان مەترسی ناوچەی مردوویان زیاترە و بە هۆی جۆر و قەبارەی ئەو بارەی دەیگوازنەوە لەوانەیە مەترسی بۆ سەر کەسانی سەر شەقام دروست بکەن.



## 8 ئامێرەکانی بیناسازی

- ئەم سوارڕۆیانە لە بیناسازیدا بەکاردەهێنرێن و بە هێزی بزوێنەری میکانیکی کاردەکەن، وەک حادیلە و بەرزکەرەوە و هتد.
- بە سوارڕۆ لەسەرخۆکان ناودەبرێن.
- بۆ هاتوچۆکردن، بە ئامێری گوێزەرەوەی تایبەت دەگوازرێنەوە.
- زۆربەی کات بە ڕەنگەکانی زەرد، سەوز و پرتەقاڵی بۆیەدەکرێن.



### بەگوێرەی بەکارهێنانیان چەند جۆرێک دەگرنەوە:

1. ئامێرەکانی هەڵکۆڵین: شۆفڵ - حەفارە - بیر هەڵکەن - هەڵکۆڵەری تونێل
2. ئامێرە بەرزکەرەوەکان: کرێن - کرێنی جووڵاو - بەرزکەرەوە - فۆرک لیفت
3. ئامێرەکانی ڕێگا دروستکردن: بۆلدۆزەر - ڕۆڵە - گرێدەر - ئامێری قیرتاوکردن - شۆفڵ - قیر هەڵکەن
4. ئامێرەکانی پاککردنەوەی ڕێگا: بەفرماڵ - گسکدەر



## 9 ئامێرە کشتوکاڵییەکان

- جۆرێکن لە ئامێرەکان کە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بەکاردەهێنرێن و بە هێزی بزوێنەری میکانیکی دەڕۆن و کاردەکەن، وەک تراکتۆر و دەڕاسە.



## 10 سوارڕۆی ڕاکێشراو (عەرەبانە)



- سوارڕۆیەکە بە بێ بزوێنەر دروستکراوە و بە هۆی ئامێرێکی دیکەوە ڕادەکێشرێت و لێی جیاکراوەتەوە؛ ئەگەر نیوەی کێشی عەرەبانەکە هەڵبگرێت، پێی دەگوترێت «نیو عەرەبانە».

## 11 مۆڵەتی شۆفێریی



- مۆڵەتی لێخوڕینی سوارڕۆیە. (ئەفسەری مۆڵەت دەریدەکات)

### تۆمارکردنی ساڵیانە (سەنەوی)

ئەو بەڵگەنامەیە کە «ئەفسەری تۆمار» بۆ خاوەنی سوارڕۆکە دەریدەکات و ئەم زانیارییانەی تێدا دەبێت:

- ژمارەی سوارڕۆ و جۆرەکەی
- ناوی خاوەن سوارڕۆ و ناونیشانەکەی تێدا دەبێت
- ژمارەی شاسی
- ژمارەی بزوێنەر
- ڕەنگ
- ڕۆژی دەرچوون
- ڕۆژی بەسەرچوون
- ژمارەی سەرنشینەکان یان کێشی بارەکەی
- مۆدێل

بەڵام ئێستا ساڵیانەی ئۆتۆمبێل ئەم چەند خاڵەی تێدا زیادکراوە:

- پلەی ژینگە
- ڕۆژی پشکنینی ئەندازەیی ئۆتۆمبێل
- ژمارەی مۆبایل

**تابلۆی تۆمارکردن:** تابلۆیەکی کانزاییە کە سوارڕۆ لەواتی دیکە جیادەکاتەوە.



**ئەفسەری هاتوچۆ:** سەر بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە و هەڵگری پلەی ئەفسەر (مولازم) و بۆ سەرەوەیە کە لە لایەن وەزیری ناوخۆوە ڕێگەپێدراوە یان لە لایەن هەر کەسێکی پەیوەندیداری دیکەوە، بۆ جێبەجێکردنی دەقەکانی یاسای هاتوچۆی ژمارە 86ی ساڵی 2004.

# 12 جۆرەکانی ڕێگا




**1 ڕێگا**: بریتییە لە هەر شوێنێکی قیرتاوکراو یاخود ئامادەکراوە بۆ بەکارهێنان لە لایەن سوارڕۆ یاخود پیادەکانەوە، بە هەمان ئەو شێوەیەی لە بەشی 14ی یاسای هاتوچۆی ژمارە **86**ی ساڵی **2004** ئامازەی بۆ کراوە و لەوانەیە دابەش بکرێت بۆ چەند هێڵێکی ڕۆیشتن بە هەمان ئاراستە.

**2 شانی ڕێگا**

ئەو بەشەیە کە ڕاستەوخۆ لە تەنیشتی ڕێگایە.

**3 ڕێگای فریاکەوتن یاخود ڕێگای خێراکردن**

ئەو بەشەی ڕێگایە کە لە هەردوو لای ڕێگاکەیە و لە ئاستی ڕێگاکە کەمێک نزمترە، لەوانەیە قیرتاو کرابێت یان هەر خۆڵ بێت، بۆ وەستانی سوارڕۆی پەککەوتوو بەکاردەهێنرێت یاخود بۆ وەستان و هەڵگرتن و دابەزینی سەرنشینەکان یان بۆ پشوودان، ئەگەر ڕێگاکە قیرتاو بێت هێڵێکی درێژ لە بەشەکەی دیکە جیای دەکاتەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی ئاسایی لە ڕێگا خێراکاندا بەکاردەهێنرێت.

**4 ڕێڕەو**: ئەو بەشەی ڕێچکەیە، کە پانتاییەکەی ڕێگەدەدات بە ڕۆیشتنی یەک ڕیز لەو سوارڕۆیانەی یەک لە دوای یەک دەڕۆن و بە گشتی ڕێچکە پێکدێت لە سێ ڕێڕەو، هەندێک جاریش زیاترە یان کەمترە بەگوێرەی جۆری ڕێگاکە. ڕێڕەوەکانیش ئەمانەن:

- **ڕێڕەوی لای چەپ**: تایبەتکراوە بۆ لێخوڕین بە ئەوپەڕی خێرایی ڕێگەپێدراو، سوورانەوە، تێپەڕین، هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکانی فریاگوزارییەوە.
- **ڕێڕەوی ناوەڕاست**: تایبەتکراوە بۆ لێخوڕینی ڕاستەوڕاست.
- **ڕێڕەوی لای ڕاست**: تایبەتکراوە بۆ لێخوڕین بە کەمترین خێرایی ڕێگەپێدراو.



**5 یەکتربڕی ڕێگا**: بریتییە لە هەموو بەیەکگەیشتن و جیابوونەوەی دوو ڕێگا یان زیاتر.

**6 کراوەی پێچکردنەوە (یوتێرن)**: بریتییە لەو بەشە کراوانەی کە لە ڕێگاکاندا جیاکراونەتەوە بە شۆستە و تایبەتکراون بە سوورانەوە بە ئاراستەی پێچەوانە.

عێراق خاوەنی ئەم جۆرە ڕێگایانەیە:

# 13 جۆرەکانی ڕێگا لە عێراقدا

**1 ڕێگای خێرا** (ڕێگای گواستنەوەی خێرا)
ڕێگایەکی گشتییە لە دوو ڕێڕەوی دیاریکراو یان زیاتر پێکهاتووە، هۆیەکانی گواستنەوە دەتوانن بە خێرایی لێیەوە هاتوچۆ بکەن، هەروەها:

- ڕێڕەوەکانی بۆ هاتوچۆی هۆیەکانی گواستنەوە جیاکراونەتەوە، ناوچەیەکی جیاکراوە لە نێوان هەردوو ئاراستەکەدا هەیە، یاخود بە هۆکاری دیکە دوو ئاراستەکە لە یەکتر جیاکراونەتەوە.
- لەگەڵ هیچ ڕێڕەوێکی دیکەی ئۆتۆمبێل یان شەمەندەفەر یاخود ترام تێکەڵ نابێتەوە و یەکتر نابڕن.
- بە هێمای تایبەت پیشانی دەدات کە ئەمە ڕێگایەکی خێرایە.

**2 ڕێگای خێرای دابەشکراو**
ڕێگایەکی دوو ئاراستەیە بە پەرژینێکی پارێزەر لە یەکتر جیاکراونەتەوە، بە شێوەیەک دیزاین کراوە جگە لەو ڕێڕەوانەی کە بۆی دروستکراوە هیچ ڕێڕەوی چوونەدەرەوە و هاتنەناوەوەی دیکەی نییە.

**3 ڕێگای لاوەکی**
ڕێگایەکە ئامادەکراوە بۆ پاسکیل یان هەر سوارڕۆیەک بڕوات بە کەمترین خێرایی دیاریکراو.

**4 ڕێگا دەرەکییەکان** ئەو ڕێگایانەن پارێزگاکان بە یەکتر دەبەستنەوە.

**5 ڕێگا ناوخۆییەکان**
ئەو ڕێگایانەن کە لە نێو شارەکاندان و دابەشدەکرێن بۆ سەرەکی و لاوەکی، ڕێگا سەرەکییەکان بەوە جیادەکرێنەوە کە بەراورد بە ڕێگا لاوەکییەکان پانتاییان زیاترە و ڕێگە بە تێپەڕینی سوارڕۆی زیاتر دەدەن.

**6 ڕێگا خزمەتگوزارییەکان (خەدەمی)**
بۆ خزمەتگوزاری ناوچەکانی دەوروبەر دیاریکراون و لە ڕێگا سەرەکییەکان جیاکراونەتەوە.





## 14 پێناسەکان بەپێی پەیماننامەی نێودەوڵەتی ڤییەننا



« ناوچەی نیشتەجێبوون » ئـەو ناوچانەیـە کـە لـە دەروازەکانـی هاتەنـاوەوە و چوونـەدەرەوەدا یاخـود بـە هـەر شـێوازێکی دیکـە لـە یاسـا ناوخۆییەکانـدا ئاماژەیـان بـۆ کـراوە.

بـە ئۆتۆمبێلێـک دەگوترێـت «وەسـتاو»: لـە جووڵەکردنـدا نەبێـت بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو بـە مەبەسـتی هەڵگرتـن یاخـود دابەزاندنـی سەرنشـینەکان یـان بارکـردن و داگرتنـی کەلوپـەل.

بـە ئۆتۆمبێلێـک دەگوترێـت «پارککراوە»: ئەگـەر ئۆتۆمبێلەکـە بـە هـەر هۆکارێـک بێـت وەسـتابێت، جگـە لـە وەسـتان بـۆ دوورکەوتنـەوە لـە بەریەککەوتـن لەگـەڵ هۆیەکـی دیکـەی گواسـتنەوە یـان ڕێگـەدان بـە بەکارهێنەرێکـی دیکـەی ڕێـگا یاخـود بـۆ پابەندبـوون بـە یەکێـک لـە یاسـاکانی هاتوچۆ؛ هەروەهـا ئەگـەر ئۆتۆمبێلەکـە بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو نەوەسـتابێت بـە مەبەسـتی هەڵگرتنـی یـان دابەزاندنـی سـەرنشـینێک یاخـود هەڵگرتـن و داگرتنـی بارێـک.

« شۆفێر » هـەر کەسـێکە کـە ئۆتۆمبێـل لێدەخورێـت و مۆڵەتـی شـۆفێریی هەیـە. (بـە هـەر کەسـێک دەگوترێـت کـە ئامێرێـک لێدەخورێـت بـە هێـزی بزوێنـەر کاربـکات (پاسـکیلیش دەگرێتـەوە). دەکرێـت بـەو کەسـانەش بگوترێـت کـە ئەسـپ یـان چەنـد ئاژەڵێـک وەکـوو هـۆکاری گواسـتنەوە بەکاردەهێنـن).

« ئاراستەی هاتوچۆ» و «پابەندبوون بە ئاراستەی هاتوچۆ»: بریتییـە لـە لای ڕاسـت یـان دەسـتە ڕاسـتی ڕێـگا بـۆ ئـەوەی شـۆفێر ڕێگـە بـە شـۆفێرێکی دیکـە یـان بـە هۆیەکـی گواسـتنەوەی دیکـە بـدات بـۆ تێپەڕانـدن بـە لای چەپـدا، بـە پێچەوانـەوە بـە واتـای لای دەسـتە چەپـی ڕێـگا دێـت.

« پاسکیل »: سـوارڕۆیەکە، دوو یـان سـێ تایـەی هەیـە، بـە توانـای کەسـی بەگەردەخرێـت و بزوێنـەری میکانیکـی نییـە. بـەڵام هـەر سـوارڕۆیەک بـە بزوێنـەری میکانیکـی کاربـکات و قەبارەکـەی لـە 125cc کەمتـر بێـت و شـێوە و قەبـارە و نەخشـەکەشـی لـە پاسـکیل بچێـت، بـە پاسـکیل ئەژمـار دەکرێـت.



| | |
|---|---|
| Cycle Lane | « ڕێڕەوی پاسکیل » ئـەو بەشـەی ڕێگایـە کـە بـۆ پاسکیلسـوارەکان جیاکراوەتـەوە. ڕێڕەوەکـە بـە هێڵێـک لـە ڕێـڕەوی ئۆتۆمبێلـەکان جیادەکرێتـەوە. |
| Cycle Track | « ڕێگای پاسکیل » ڕێگایەکی سەربەخۆیە بۆ پاسکیلسوارەکان. |

« ڕێگە بدە » واتـا دەبێـت ڕێگـە بـە هۆیەکانی دیکـەی گواسـتنەوە بدەیـت تێپـەڕن و بـەردەوام نەبیـت لـە لێخوڕیـن و دەسـت بـە لێخوڕیـن نەکەیتەوە.



# KURDISTAN

2

# بنەما گشتییەکان

15
22



# GENERAL PRINCIPLES



## 15 ڕێنمایی و پابەندییەکان

- سەرجەم بەکارهێنەرانی ڕێگا، پێویستە لەسەریان پابەندبن بە بنەماکانی تێپەڕین و هاتوچۆکردن بەو شێوەیەی کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا باسکراون:

## 16 دابەشکردنی ڕێگا



- بەکارهێنەرانی ڕێگا دابەش دەکرێن بۆ 3 جۆر: پیادە - سەرنشین - شۆفێر
- ڕێنمایەکانی تایبەت بە بەکارهێنەرانی ڕێگا لەم بەشەدا ڕوونکراونەتەوە.

## 17 پیادە

- پیادە وەک بەکارهێنەری ڕێگا دەبێت پابەندی ئەم ڕێنماییانە بێت، لە کاتی ڕۆیشتن بە سەر شەقامەکاندا:

- پێویستە پیادە لەسەر شۆستەی لێوار شەقامدا هاتوچۆ بکات.

- لە کاتی نەبوونی شۆستەدا، دەبێت پیادە لە نزیک لێواری لای چەپی ڕێگاوە ڕووەو هۆیەکانی گواستنەوە هاتوچۆ بکات؛ ئەگەر بە شێوەی کۆمەڵ بن، باشترە بە شێوەی یەک ڕیز لە دوای یەکترەوە بڕۆن، نەک لە تەنیشت یەکترەوە.

- بینینی پیادە ئاسانتر دەبێت، ئەگەر لە تاریکی و کەشوهەوای تەمومژدا جلی سپی یان ڕەنگکراوە یان تیشکدەر (فسفۆری) لەبەردابێت.





## 18 پەڕینەوەی پیادە



- پەڕینـەوەی پیـادە لـە دیوێکـی ڕێـگاوە بـۆ دیوەکـەی دیکـەی بەگوێـرەی ئـەم بنەمایانـەی خـوارەوە دەبێـت:



- دەبێـت پەڕینـەوە لـە ناوچەکانـی تایبـەت بـە پەڕینـەوەی پیـادە بێـت؛ ناوچەکانـی تایبـەت بـە پەڕینـەوەی پیادە بـە هێماکانـی سـەر ڕووی شـەقامەکان، یـان بـە پردەکانـی پەڕینـەوەی پیـادە یـان ژێـر پردەکانـی پەڕینـەوە دیاریکـراون.

- لـە کاتـی نەبوونـی ڕێگایـەک لـەو ڕێگایانـەی کـە باسـکراون بـۆ پەڕینـەوە لـە شـەقام بـە سـەلامەتی، پەڕینـەوە بـەم شـێوەیە دەبێـت: وەسـتان لـە لێـواری شۆسـتە، تەماشـاکردنی لای چـەپ، تەماشـاکردنی لای ڕاسـت و دووبـارە لای چـەپ، پاشـان پەڕینـەوە بـە وریایـی و بـە خێرایـی؛ ئەگـەر ڕێگاکـە شۆسـتەی ناوەڕاسـتی هەبێـت، دەبێـت هەنگاوەکانـی پەڕینـەوە دووبـارە بکرێنـەوە، بـەڵام سـەرەتا تەماشـای لای ڕاسـت دەکرێـت و دواتـر لای چـەپ و دووبـارە لای ڕاسـت، پاشـان پەڕینـەوە بـۆ بەشـەکەی دیکـەی شـەقامەکە.



- لـە کاتـی پەڕینـەوە لـە ڕێگایـەک یـان ڕێڕەوێـک، پێویسـتە پیـادە دڵنیابێـت لـە ئاراسـتەی جووڵەی هاتوچۆ.



- نەپەڕینـەوە لـە بـەردەم سـوارڕۆ وەسـتاوەکاندا، چونکـە بینینـی پیـادە لـە لایەن شـۆفێرانی ئـەو سـوارڕۆیانە گـران دەبێـت.



- لـە شـەودا، باشـترە پەڕینـەوە لـە نزیـک ترافیـک لایتـەوە ئەنجامبدرێـت، یـان لـە نزیـک گڵۆپەکانـی ڕووناککـەرەوەی شـەقام.



- شـۆفێر نابێـت ئامێـری وریاکردنـەوە (هـۆڕن) بەکاربهێنێـت، ئەگـەر لـە کاتـی پێویستدا نەبێت، بۆ وریاکردنەوە لە مەترسییەک.





- پێویسـتە پێشـڕەوی هاتوچـۆ بـە پیـادەکان بدرێـت، بـەو کەسـانەی لـە ناوچەکانی پەڕینەوە دەپەڕنەوە، کە بە هێما دیاریکراون.





- لـە کاتـی لێخوڕیـن لـە نزیـک ئـاژەڵ، پێویسـتە لەسـەرخۆ لێبخوڕێـت و ئامێـری هۆڕن بەکارنەهێنێت.

## 19 جۆرەکانی پیادە




پیادەکان بەشێکی سەرەکین لە هاتوچۆی سەر شەقامەکان و هەموومان و کەسانی نزیک و هاوڕێ و خۆشەویستانمان دەکرێت ببینە سەر شەقام. وەک بەشێک لە هونەری هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان، زۆر گرنگە وەک شۆفێر بتوانیت زوو لە مەترسییەکانی پەیوەست بە پیادەکان تێبگەیت و بزانیت لە هەر بارودۆخ و ناوچەیەکدا چۆن مامەڵە دەکەیت بۆ ئەوەی دووربیت لە کارەسات و ڕووداوی نەخوازراو لەگەڵ پیادەکان، چونکە پیادەکان لە زۆربەی بارودۆخەکاندا بە لاوازترین کەسانی سەر شەقام دادەنرێن و هیچ هۆکارێک نییە بۆ پارێزکاریکردن لێیان لە کاتی ڕووداوەکاندا. پیادەکانیش بەپێی جۆری ئەو مەترسییانەی لێیان چاوەڕوان دەکرێت و شێوازی هەڵسوکەوتیان لەسەر شەقام دابەش دەکرێن بەسەر چەند جۆرێک، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### مناڵ



- منداڵان، ئەوانەی لە سەرەتای قۆناغی منداڵیدان تواناکانیان زۆر لاواز و سنووردارن بە هۆی لاوازی جەستەیی و مێشک و تێگەیشتن و هەڵسوکەوتەکانیان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمانەش هۆکارن بۆ ئەوەی منداڵان لەم قۆناغەدا زیاتر لە هەموو قۆناغەکانی دیکە لاوازترین و مەترسییەکانی سەریان گەورەترین بەراورد بە گەورەکان.

- بە هۆی کورتی باڵایانەوە، سەختە منداڵان بە باشی بتوانن دەوروبەری خۆیان ببین و دووری ئەو ئۆتۆمبێلانە بخەمڵێنن کاتێک بەرەو ڕوویان دێن، هەروەها بە هەمان شێوە بۆ شۆفێرەکانیش قورسە بتوانن بە باشی بیان بینن.



- منداڵ تاوەکوو تەمەنی کەمتر بێت توانای تێگەیشتن و لێکدانەوەی بۆ دەنگ و شتەکانی دەوروبەر لاوازترە، لەمە کاریگەری لەسەر بڕیاردانیان دەبێت و دەکرێت بڕیاری هەڵەبدەن لەبارەی دوور و نزیکی و خێرایی و ئاراستەی جووڵەی سوارڕۆکان لەسەر شەقامەکان.

- منداڵان لەم قۆناغەدا زیاتر ڕەفتاری سەرەڕۆیی بەسەریاندا زاڵە، کەمی خۆڕاگرتنیان دەبێتە هۆکارێکی دیکە، چونکە بەلایانەوە زۆر زەحمەتە بتوانن لە یەک کاتدا مامەڵە لەگەڵ زیاتر لە یەک ئاستەنگدا بکەن کاتێک ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

- لە کاتی لێخوڕین لە ناوچەکانی نیشتەجێبووندا، خێراییت کەمبکەرەوە و بەردەوام سەرنج بدە مەترسییەکان، هەمیشە پێشبینی ئەوە بکە کە منداڵان بە شێوەیەکی کتوپڕ بێنە بەردەم ئۆتۆمبێلەکەت بە هۆی یاریکردن یان پەڕینەوەیان لەسەر شەقام.

## 2 هەرزەکار

- لەم قۆناغەش لە تەمەندا بەوە جیادەکرێتەوە کە ئەگەری ئەوەی هەیە مرۆڤ تێیدا زۆر کاری سەرشێتانە و مەترسیدار بکات، بۆیە هەرزەکاران سەلامەتی و ژیانیان دەخەنە مەترسییەوە لەسەر شەقام و ڕێگاوبانەکان.

- هەرزەکاران هەندێک جار لەوانەیە بە بەکارهێنانی یارییەکانی وەک پێڵاوی تایەدار یان سکەیت بۆرد سەرکێشی بکەن، لەم کاتانەشدا هەر وەک پیادە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت بەڵام مەترسی لەسەریان زیاترە بە هۆی خێرایی و جووڵەی چاوەڕوان نەکراویان.

## 3 بەساڵاچوو



- کەسانی بەساڵاچوو (پیر) لەسەر شەقام هەندێک جار بە هۆی لاوازبوونی توانای تێگەیشتنیان لە مەترسییەکان، دەکرێت بە هەمان شێوەی منداڵان ڕووبەڕووی مەترسی بینەوە، بەڵام بە گشتی ئەم کەسانە بەوە دەناسرێن، کە لەسەر شەقام و لە کاتی پەڕینەوەیان لە شەقامەکاندا لەسەرخۆ دەڕۆن، بە پێچەوانەی منداڵان کە بەردەوام ئەگەری ئەوە هەیە بە ڕاکردن بێنە سەر شەقام.

- بۆیە پێویستە بوەستیت و ڕێگە بدەیت بە پەڕینەوەی کەسانی بەساڵاچوو یان لە کاتی هاتنیان بۆ سەر شەقام بەتایبەتی لە شوێنەکانی تایبەت بە کۆبوونەوەی ئەم کەسانە و نزیک خانەی بەساڵاچووان.

## سەرخۆش



یەکێک لە مەترسیدارترین جۆرەکانی پیادە لەسەر شەقام کەسانی مەست (سەرخۆش) و ئالوودەبووەکانن، چونکە ئەمانە ناتوانن جووڵەی جەستەیان کۆنترۆڵ بکەن و بە هۆی کاریگەری خواردنەوە سەرخۆشکەرەکان و هۆشبەرەکانەوە، لەو مەترسییانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە تێناگەن یاخود هەندێک جار کاریگەری ئەو ماددانە وایان لێدەکات کاری سەرکێشی و مەترسیدار بکەن و بێنە بەردەم ئۆتۆمبێلەکەت.



کاتێک هەر جووڵێنەرێکی خاوەن پێداویستی تایبەت شۆستە و خەتی پەڕینەوەی بەکارهێنا وەک پیادە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

## کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت

به سەرجەم ئەو پیادانە دەوترێت کە بە هۆی لەدەستدانی ئەندامێکی جەستەیانەوە ناتوانن وەک کەسانی ئاسایی شەقامەکان بەکاربهێنن و پێویستیان بە یارمەتی کەسانی دیکەیە یان پێویستیان بە بەکارهێنانی عەرەبانە و کورسی و ئامێری تایبەتە.

کەسانی کەمئەندام یان ئەوانەی بەشێک لە جەستەیان لەدەستداوە یاخود بەشێکی جەستەیان کارناکات و بە هۆیەوە بە عەرەبانە و ئامێری تایبەت دەڕۆن، دەکرێت لەناو بازاڕ و ناوچەکانی نیشتەجێبووندا بێنە سەر شەقامەکان یان بیانەوێت بپەڕنەوە، ئەم کەسانەش بە هەمان شێوە بە هۆی ئەوەی ناتوانن وەک کەسانی ئاسایی بەپێوە بوەستن بۆیە مەودای بینینیان کەمترە و لەوانەیە هەست بە ئۆتۆمبێلەکەی تۆ نەکەن کاتێک لێیان نزیک دەبێتەوە. بە هەمان شێوە بۆ تۆی شۆفێر ئاسان نییە لە دوورەوە بە باشی بیان بینیت. لە کاتی پەڕینەوەیان پێویستە لە دووری گونجاودا بوەستیت تاوەکوو بە تەواوەتی لە شەقام دەپەڕنەوە.



لە کاتی لێخوڕین لەسەر شەقامەکان وریابە بەرامبەر بە کەسانی نابیست (کەڕ)، چونکە لەوانەیە تۆ بتەوێت بە هۆڕن ئاگاداریان بکەیتەوە، لە کاتێکدا ئەوان گوێیان لێنابێت و ڕەنگە ژیانیان بخەیتە مەترسییەوە.

دەکرێت کەسانی نابینا لەسەر شەقام هەبن، ئەگەر ڕێگا نەدەیت بە تێپەڕینیان ئەوا لەوانەیە تووشی ڕووداو ببێت لەگەڵیان لە کاتێکدا تۆ وا پێشبینی دەکەیت ئەوان تۆ دەبینن.



### 6 بەخشراو (شێت)

■ دەکرێت بوترێت ئەوانەن کە کێشەی ئەقڵیان هەیە یاخود بە هۆی نەخۆشی دەروونی و بارودۆخیانەوە بە شێت یان ناتەواو ناودەبرێن. ئەمانەش کەسانێکن پێویستیان بە چاودێری کەسانی دیکەیە، بۆیە جۆرێکی دیکەن لە مەترسییەکان کە بە هەمان شێوەی کەسانی سەرخۆش و بێئاگا لەوانەیە بێنە بەردەم ئۆتۆمبێلەکەت. لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا، هەوڵ بدە کارێک نەکەیت ببێتە هۆی تووڕەکردنیان و بە چاو سەرنجیان لێ مەدە، هەروەها ڕێگە بدە بە پەڕینەوەیان.



### 7 کەسی سەرقاڵ

■ هەندێک جار مەترسییەکان بە هۆی کەسانێکەوە سەرهەڵدەدەن کە هەرچەندە هیچ یەکێک لەو گرفتانەی سەرەوەیان نییە، بەڵام بە هۆی بەکارهێنانی مۆبایل و نامە ناردن یان بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بێئاگان بەرامبەر مەترسییەکانی سەر شەقام و لەوانەیە لە ناکاو لە شەقام بپەڕنەوە



● کاتێک پاسکیل یان سکوتەر یان ماتۆڕ لە تەنیشت خۆتەوە پاڵی پێوە دەنێیت مامەڵەی پیادەی لەگەڵ دەکرێت.



**نابینا:** کاتێک گۆچانەکەی بەرزدەکاتەوە بە مەبەستی پەڕینەوە، دەبێت گشت لێخوڕەکان بۆی بوەستن و مافی پێشڕەوی بدەنێ.

گۆچانی نابینا ڕەنگی سووری لەسەرە.








❹ لە ناوەوە دەرگای ئۆتۆمبێلەکەت دابخە ئەگەر سەرنشینی منداڵ یان بەخشراوت لەگەڵدا بوو.

وەک شۆفێر بەرپرسیت لە سەلامەتی سەرجەم ئەو سەرنشینانەی لە ئۆتۆمبێلەکەتدا هەڵیان دەگریت، سەرنشینەکانیش بەپێی تەمەن و قەبارەیان بەسەر چەند جۆرێک دابەش دەکرێن و پێویستە چەند ڕێنماییەک ڕەچاو بکەیت بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتییان.

## 1 سەرنشینی منداڵ



ئاشکرایە منداڵ پێویستی بە چاودێری و پاراستن هەیە لە لایەن گەورەکانەوە، بەتایبەتی پێویستە گرنگی بە سەلامەتی منداڵ بدرێت کاتێک وەک سەرنشین لە ئۆتۆمبێلدا هەڵیان دەگریت، چونکە لە کاتی تووشبوون بە هەر ڕووداوێک دەکرێت زۆرترین زیانیان بەرکەوێت.



پێویستە منداڵ تاوەکوو تەمەنی دەگاتە 13 ساڵ لە کورسی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە و کورسی تایبەتی بۆ بەکاربهێندرێت بەگوێرەی کێش و تەمەنی. تاوەکوو گەیشتن بەم تەمەنە پشتێنی سەلامەتی ناتوانێت پارێزگاری لە منداڵەکە بکات، تەنانەت بەکارهێنانی پشتێنی سەلامەتی بۆ منداڵ لە کاتی ڕووداودا زیانی زیاتر دەبێت.





نابێت منداڵ لە کورسی پێشەوەی ئۆتۆمبێل و لەسەر کورسێک دابنرێت کاتێک باڵۆنی هەوایی Airbag چالاک بێت.



منداڵی ساوا تاوەکوو کێشی دەگاتە 13kg، دەبێت لەسەر کورسی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە، لەناو کورسی تایبەت بێت، کە ڕووی لە دواوەیە، بەسترێتەوە، پاشان تاوەکوو 25kg لە کورسی سەلامەتی، کە لەسەر کورسی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە و ڕوو لە پێشەوەیە، بە هەمان شێوە بەسترێتەوە، دواتر تاوەکوو کێشی دەگاتە 36kg دەبێت کورسی بێ پاڵپشتیکەری بۆ بەکاربهێندرێت Booster Seat.






## 2 سەرنشینی نەخۆش و بەتەمەن

- لە کاتی هەڵگرتنی کەسانی بەساڵاچوو یان نەخۆش وەک سەرنشین هاوکاریان بە بۆ بەستنی پشتێنی سەلامەتی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو پشتێنەکە لەسەر ئێسکی کەمەر و شان بەستن.

- با هەمیشە لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا کیسەی ڕشانەوە هەبێت بۆ بارودۆخە لەناکاو و پێویستەکان، ئەگەر یەکێک لە سەرنشینەکان تووشی ڕشانەوە بێت لە کاتی لێخوڕیندا. کیسەی ڕشانەوە لە تەنیشت کوشنی ئۆتۆمبێلەکەت هەبێت، بۆ نموونە کیسەی پلاستیک یان کاغەز یاخود هەرکامیان بێت، باشتروایە ڕاخەری نایلۆن بخەیتە ژێر کوشنەکان.

- تەماشاکردنی پێشەوە تا ئاستێکی باش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕشانەوە و دڵتێکەڵهاتن.

- بنێشت جووین دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕشانەوە و دڵتێکەڵهاتن.

- ڕێگە بدە بە ئاڵوگۆڕی هەوا لە کاتی بوونی چەند سەرنشینێک لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بەتایبەتی ئەگەر کەسی نەخۆش هەبێت لەناویاندا.



## 21 بنەماکانی ڕەفتاری سەرنشین

- پێویستە لە کاتی سەرکەوتن و دابەزین لە سوارڕۆکاندا، لە لایەن سەرنشینەکانەوە ڕەچاوی ئەم بنەمایانەی خوارەوە بکرێت:

- نابێت لە سوارڕۆیەک دابەزیت یان سەربکەویت، ئەگەر بە تەواوەتی لە جووڵەکردن نەوەستابێت و دەبێت وەستان لە شوێنی تایبەت بە خۆی ئەنجامبدرێت. هەروەها دەبێت سەرکەوتن و دابەزین بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بێت.
- ئەگەر سەرنشین ویستی لە دوای دابەزین لە پاس بپەڕێتەوە، پێویستە لەسەری چاوەڕێ بکات تاوەکوو پاسەکە تێدەپەڕێت، بۆ ئەوەی بینینی شەقام و ڕێگا بۆی ڕوون بێت.
- پێویستە لەسەر سەرنشین بە ماوەیەکی گونجاو بۆ دابەزین شۆفێر ئاگاداربکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە سەلامەتی بوەستێت.



## 22 بنەمای تایبەت بە سەرنشین



- جگەرەکێشان لەناو سوارڕۆکانی گواستنەوەی گشتیدا قەدەغەیە.
- سەرنشین نابێت هیچ بەشێکی جەستەی لە دەرەوەی سوارڕۆکەدا بێت.
- قسەتەکردن لەگەڵ شۆفێر، چونکە دەبێتە هۆی بێئاگابوون و سەرقاڵبوونی.
- پارێزگاریکردن لە پاکی و خاوێنی سوارڕۆ گشتییەکان.
- نابێت هیچ جۆرە کەلوپەل و جانتایەک دابنرێت، کە ببێتە هۆی دروستکردنی بەربەست لە پێش چاوی شۆفێر.
- سەرنشین نابێت لەبری شۆفێر ئاماژەی هاتوچۆ بدات.
- دەبێت منداڵ لە کوشنەکانی دواوەی سوارڕۆکەدا دابنیشێت.
- نابێت سەرنشین بەپێوە ڕابوەستێت، نەوەک ببێتە بەربەست لە پێشی چاوی شۆفێر مەگەر دەسکی تایبەتی هەبێت وەک پاسی فڕۆکەخانە.


MOTORS

3

# یاسای هاتوچۆ



23
36


TRAFFIC
LAW

## 23 مێژووی یاسای هاتوچۆ

ئامانج لە یاساکانی هاتوچۆ بریتییە لە پاراستنی سەلامەتی شۆفێر و سەرجەم هاوتیشتمانیان، وەک بەکارهێنەرانی ڕێگا. ئەگەر وەک شۆفێرێک پابەندنەبیت بە یاساکانەوە، نەک تەنیا خۆت، بەڵکوو کەسانی سەر شەقامەکانیش دەخەیتە مەترسییەوە.

یاسای گواستنەوە لە وشکانی ژمارە 50ی ساڵی 1935 بە یەکەم یاسای هاتوچۆ دادەنرێت لە عێراق. پاشان یاسای ژمارە 48ی ساڵی 1971، پاشان یاسای ژمارە 86ی ساڵی 2004 کە لە لایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق) دەرچوو و تاوەکوو ئێستا لە هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت.

**تێبینی:**

یاسای ژمارە 86ی ساڵی 2004 لە 38 بەش و پاشکۆیەک پێکهاتووە. گرنگترین ئەو بەشانەی کە پێویستە وەک شۆفێر پابەندیان بیت لەم بەشەدا هاتوون.







**پێناسەی یاسایی:**

دەقێکی ڕێکخراوە، لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراوە، ناساندن بۆ بابەتێک دەکات و لەسەر بنەمای پێناسەکە سزا و پاداشت دیاری دەکرێت. تەنیا بە یاسایەکی دیکە دەگۆڕدرێت.

# 24 جۆرەکانی مۆڵەتی شۆفێریی



- مۆڵەتی شۆفێریی A ماتۆڕسکیل
- مۆڵەتی شۆفێریی B-BE ئۆتۆمبێلی تایبەت
- مۆڵەتی شۆفێریی C1-C1E-C-CE ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر
- مۆڵەتی شۆفێریی D1-D1E-D-DE ئۆتۆمبێلی پاس
- مۆڵەتی شۆفێریی T ئامێرەکانی بیناسازی و کشتوکاڵی



## مەرجەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی شۆفێریی ئۆتۆمبێلی تایبەت چین؟

- بەپێی یاسای هاتوچۆی ژمارە 86ی ساڵی 2004، ئەو کەسەی دەیەوێت مۆڵەتی شۆفێریی ئۆتۆمبێلی تایبەت بەدەستبهێنێت، دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

1. تەمەنی 18 ساڵی تەواوکردبێت.
2. نابێت دادگا سزای دابێت بە بێبەشکردنی لە لێخوڕینی سوارڕۆکان.
3. دەبێت لە ڕووی تەندروستی جەستەییەوە پشتگیری کرابێت و لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

## هەنگاوەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی شۆفێریی ئۆتۆمبێلی تایبەت چین؟

- بەدەستهێنانی مۆڵەت بە چەند هەنگاوێک دەبێت و پێویستە لە سەرجەم هەنگاوەکاندا مەرجەکان بەدیبهێنێت.

1. پڕکردنەوەی فۆڕم.
2. دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شۆفێریی دیاریکراون.
3. خولەکانی تیۆری و پراکتیکی ببینێت لە یەکێک لە ناوەند یان نووسینگەکانی فێرکردنی شۆفێریی.
4. دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی تایبەتمەند.

## دەرهێنانی جۆرەکانی مۆڵەتی شۆفێریی

**بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ی وەزارەتی ناوخۆ**

### مۆڵەتی شۆفێریی جۆری A

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ماتۆڕسکیلێک لێبخوڕێت کە قەبارەی هێزی بزوێنەرەکەی لە (125 cc) کەمتر نەبێت و ماتۆڕسکیلی جۆری (hybrid یان کارەبایی) دەگرێتەوە.

### مۆڵەتی شۆفێریی جۆری B

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێک لێبخوڕێت کە کێشی بە بارەوە لە (3500) کیلۆگرام زیاتر نەبێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر نەبێت، واتا بە هەردووکیان بە بارەکانیانەوە کێشیان لە (3500) کیلۆگرام زیاتر نەبێت. هەڵگری ئەم جۆرە مۆڵەتە دەتوانێت ئامێری جۆری (T) لێبخوڕێت، بە هەمان مەرجی کێشی ئۆتۆمبێل و عەرەبانە.

### مۆڵەتی شۆفێریی جۆری BE

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێک لێبخوڕێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت، کە کێشی عەرەبانەکە لە (750) کیلۆگرام زیاتر بێت، بەو مەرجەی کێشی ئۆتۆمبێل و عەرەبانەکە لە (3500) کیلۆگرام زیاتر نەبێت.

### مۆڵەتی شۆفێریی جۆری C1

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لێبخوڕێت، کە کێشی بە بارەوە لە نێوان (3500) بۆ (7500) کیلۆگرام بێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر نەبێت.

### مۆڵەتی شۆفێریی جۆری C1E

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لێبخوڕێت، کە کێشی بە بارەوە لە نێوان (3500) بۆ (7500) کیلۆگرام بێت و عارەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر بێت.

### مۆڵەتی شۆفێریی جۆری C

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لێبخوڕێت، کە کێشی بە بارەوە لە (3500) کیلۆگرام زیاتر بێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر بێت.

### مۆڵەتی شۆفێریی جۆری CE

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی کە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لە جۆری تریلەر و (قاطرە و مقطورة) لێبخوڕێت. کە کێشی لە (750) کیلۆگرام زیاترە.

## 26 مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی شۆفێریی

### مەرجی تەمەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێریی






**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری D1**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی پاس لێبخوڕێت، کە ژمارەی سەرنشین و شۆفێرەکەی لە (16) شازدە کەس زیاتر نەبێت و درێژی پاسەکە لە (8) هەشت مەتر زیاتر نەبێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت.



**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری D1E**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی پاس لێبخوڕێت، کە ژمارەی سەرنشین و شۆفێرەکەی لە (16) شازدە کەس زیاتر نەبێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر بێت.



**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری D**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێکی پاس لێبخوڕێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر نەبێت.



**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری DE**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێکی پاس لێبخوڕێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر بێت.



**دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێریی جۆری T**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئامێری کشتوکاڵی لێبخوڕێت، کە خێراییەکەی لە (40) کیلۆمەتر زیاتر نەبێت و دەتوانێت عەرەبانەیەک ڕابکێشێت، هەروەها ئامێری بیناسازی لێبخوڕێت کە خێراییەکەی لە (60) کیلۆمەتر زیاتر نەبێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت.

**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری (TAXI)**




1. گۆڕینی مۆڵەتی شۆفێریی جۆری(B) بۆ (تاکسی) پێویستی بە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی نییە.
2. لە دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی وەرگرتنی لۆگۆی تەکسی، مۆڵەتی شۆفێریی دەگۆڕدرێت بە مۆڵەتی تەکسی.

## 27 21 لێخوڕین بە بێ مۆڵەتی شۆفێریی



1 هەر کەسێک سواررۆ لێبخورێت بە بێ مۆڵەتی شۆفێریی یان مۆڵەتەکەی لێسەندرابێتەوە یان مۆڵەتی هەڵوەشێندرابێتەوە یان مۆڵەتەکەی تایبەت نەبێت بە جۆری سواررۆکەی سزا دەدرێت بە سزای دارایی لە 250,000 دینار کەمتر نەبێت و لە 1,000,000 دینار زیاتر نەبێت.
ئەو کەسەی سواررۆکەی لە بەردەستە (خاوەنی بێت یان لە ژێر دەستی بێت) هەمان سزا دەدرێت، ئەگەر رێگە بدات کەسێکی مۆڵەتپێنەدراو ئەم سواررۆیە لێبخورێت.

2 لە ئەگەری دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو تاوانەی کە لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا باسکراوە ئەوە سزاکە دەبێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە دەبێت لە یەک مانگ کەمتر نەبێت و لە 3 مانگ زیاتر نەبێت و بە سزایەکی دارایی لە 250,00 دینار کەمتر نەبێت و لە 1,000,000 دینار زیاتر نەبێت.

## 28 22 لێخوڕین بە سەرخۆشی یان لە ژێر کاریگەری مادده هۆشبەرەکان



1 ئەگەر کەسێک بە سەرخۆشی سواررۆکەی لێبخورێت یان لە ژێر کاریگەری مادده هۆشبەرەکاندا بێت، سزا دەدرێت بە بەندکردن، کە ماوەکەی لە 3 مانگ کەمتر نەبێت و لە 6 مانگ زیاتر نەبێت، یان بە سزایەکی دارایی کە لە 500,000 دینار کەمتر نەبێت و لە 1,500,000 دینار زیاتر نەبێت و مۆڵەتی شۆفێرییەکەی لێ دەسەندرێتەوە بۆ ماوەیەک لە 3 مانگ زیاتر نەبێت.

2 لە ئەگەری دووبارە ئەنجامدانی ئەو تاوانەی لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقی لەسەر کراوە، سزاکەی دەبێتە بەندکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە 6 مانگ و زیاتر نەبێت لە یەک 1 ساڵ یان بە سزای دارایی کە لە 2,000,000 دینار کەمتر نەبێت و لەگەڵ لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێریی بۆ ماوەیەک لە 6 مانگ کەمتر نەبێت.

3 لە کاتی ئەنجامدانەوەی تاوانەکە بۆ زیاتر لە دوو جار سەرەرای ئەو سزایانەی لە برگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێرییەکە بۆ ماوەیەک دەبێت لە 3 ساڵ زیاتر نەبێت.

4 پێویستە لەسەر دادگا، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پەیوەندیدار لە دەرکردنی بریاری لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێریی ئاگاداربکاتەوە لە دوای حوکمی کۆتایی تاوانبارکردنەکە.

## 29 23 لێخوڕین بە کەمتەرخەمی و سەرشێتی

1 هەر کەسێک بە هۆی لێخوڕینی سوارڕۆیەک ببێتە مایەی ئازاردان یان نەخۆشی گەورە یان پەککەوتنی هەمیشەیی بۆ کەسانی دیکە یان زیانگەیاندن بە سەروەت و سامانیان بە هۆی ڕەچاونەکردنی یاسا و ڕێنماییەکان ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە 6 مانگ کەمتر نەبێت و لە 2 ساڵ زیاتر نەبێت و بە پێبژاردنێک لە 750,000 دینار کەمتر نەبێت و لە 1,500,000 دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت لەگەڵ لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێرییەکەی بۆ ماوەیەک لە 6 مانگ کەمتر نەبێت.

2 ئەگەر تاوانەکە ئەنجامدرابوو لە کاتی لێخوڕینی سوارڕۆیەکە بە سەرکێشی یان بێ باکی یان شۆفێرەکە لە ژێر کاریگەری ماددەیەکی سەرخۆشکەر یان هۆشبەر بووبێت یان یارمەتی ئەو کەسەی نەدابێت کەوا تاوانەکەی بەرامبەر کردووە یان داوای یارمەتی نەکردبێت بۆی لەگەڵ بوونی توانای یارمەتیدانی ئەوا سزاکەی دەبێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە 1 ساڵ کەمتر نەبێت و لە 3 ساڵ زیاتر نەبێت و بە سزایەکی دارایی کە لە 1,000,000 دینار کەمتر نەبێت و لە 1,500,000 دینار زیاتر نەبێت لەگەڵ لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێریی بۆ ماوەیەک لە 1 ساڵ کەمتر نەبێت.

3 پێویستە لەسەر دادگا بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ لە دەرکردنی بڕیاری لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێریی ئاگاداربکاتەوە لە دوای حوکمی کۆتایی تاوانبارکردنەکە.

## 30 24 بوونە هۆکاری مردن بە هۆی لێخوڕینی مەترسیدارەوە

1 هەر کەسێک ببێت بە هۆکاری مردنی کەسێک لە ئەنجامی لێخوڕینی سوارڕۆ بە هۆی ڕەچاونەکردنی یاسا و سیستەم و بڵاونامە تایبەتەکان، سزادەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە 5 ساڵ و زیاتر نەبێت لە 7 ساڵ و بە پێبژاردن کە کەمتر نەبێت لە 1,000,000 دینار و زیاتر نەبێت لە 1,500,000 دینار.

2 سزاکە دەبێتە زیندانیکردنی بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە 7 ساڵ و زیاتر نەبێت لە 10 ساڵ. لەگەڵ پێبژاردنێک کە کەمتر نەبێت لە 1,500,000 دینار و زیاتر نەبێت لە 3,000,000 دینار یان بە هەردوو سزاکە سزادەدرێت، ئەگەر هاتوو لە تاوانی ئاماژە بۆ کراودا لە بڕگەی 1ی لەم بەشە ببێتە هۆی مردنی زیاتر لە کەسێک و زیانگەیاندن بە سەختی بریندارکردن یان شێواندنی هەمیشەیی زیاتر لە یەک کەس.

3 هەر کەسێک، ببێتە هۆی مردن بە هۆی لێخوڕینی سوارڕۆکەی بە کەمتەرخەمی یان سەرشێتی لە ژێر کاریگەری ماددە سەرخۆشکەر یان هۆشبەرەکاندا یان بە بێ ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی تایبەتمەند سزادەدرێت بە زیندانیکردنی بۆ ماوەیەک لە 7 ساڵ کەمتر نەبێت و لە 10 ساڵ زیاتر نەبێت یاخود بە پێبژاردن لە 3,000,000 دینار کەمتر نەبێت و لە 5,000,000 دینار زیاتر نەبێت.

4 بەگوێرەی ئەو تاوانەی لە بڕگەی 3ی ئەم بەشەدا دیاری کراوە، ئەگەر کەسێک ببێتە هۆی مردنی کەسێک یان چەند کەسێک یاخود ببێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییەکی سەخت یان بریندارбوونی سەخت بۆ چەند کەسێک، بە زیندانیکردن سزادەدرێت بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە 10 ساڵ و زیاتر نەبێت لە 20 ساڵ یاخود بە پێبژاردن کەمتر نەبێت لە 5,000,000 دینار و زیاتر نەبێت لە 7,000,000 دینار.

## 31 (25) ناوچە تەرخانکراوەکان بۆ تێپەڕینی پیادە



1. دروستبوونی ڕووداو لە ناوچەی تەرخانکراو بۆ پەڕینەوەی پیادە لەو ڕێگایانەی کە هێما و هێڵکاری یاخود شۆفێری کەمتەرخەم بارمەتی کەسی زیان لێکەوتووی نەدا بە گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە یاخود هەر بنکەیەکی تەندروستی یان بە ئاگادارنەکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەوا بە بارودۆخی توند (ظروف مشددة) دەژمێردرێت بۆ ئەو سزایانەی کە لە هەردوو بەشی 23 و 24ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

2. سزاکە کەم دەکرێت بۆ بڕگەی 1ی ئەم بەشە، ئەگەر ڕووداوەکە دووربێت لە ناوچەکانی پەڕینەوە یاخود ئەگەر شۆفێرەکە دەستبەجێ یارمەتی بریندارەکە بدات، بە گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە یاخود هەر بنکەیەکی تەندروستی یان بنکەی پۆلیسی ئاگادارکردەوە بە هەر هۆکارێک بێت.

## 32 (26) دەستدرێژیکردنە سەر پۆلیسی هاتوچۆ



1. هەر کەسێک سووکایەتی بکات یان بەرهەڵستی پۆلیسی هاتوچۆ بکات لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرک و فەرمانەکانیدا سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە 2 ساڵ زیاتر نەبێت.

2. هەر کەسێک هەڕەشە یان هێرش بکاتە سەر پۆلیسی هاتوچۆ لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرک و فەرمانەکانی، سزا دەدرێت بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە 3 ساڵ.

3. هەر کەسێک هێرش بکاتە سەر ئەفسەری هاتوچۆ لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی و ئەگەر بە هۆی ئەو هێرشکردنەوە بریندار بێت یان زیانی پێبگات، سزا دەدرێت بە دەستبەسەرکردن بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە 5 ساڵ. ئەگەر سزایەکی دیکە هەبێت لە یاسایەکی دیکەدا، ڕێگری ناکرێت لە سەپاندنی ئەو یاسایە لەسەری.

ڕێنمای هاتوچۆ

## 27 — 33 هەڵپەساردنی مۆڵەتی شۆفێریی



- کاتێـک دادگا سـزایەک دەردەکات بـە لێسـەندنەوەی مۆڵەتـی شـۆفێریی سـزادراو بـۆ ماوەیـەک کەمتـر نەبێـت لـە 1 سـاڵ و زیاتـر نەبێـت لـە 3 سـاڵ ئەگـەر حوکمدراوەکـە خاوەنـی مۆڵەتـی شـۆفێریی نەبێـت بێبـەش دەکرێـت لـە بەدەسـتهێنانی مۆڵەتـی شـۆفێریی ئۆتۆمبێـل بـۆ مـاوەی 3 سـاڵ کـە دەسـتپێدەکات لـە دوای دەرکردنـی بڕیـاری سـزادانەکە.

## 28 — 34 جێبەجێکردنی توندترین سزا



- ئەگـەر دەقـی یاسـایەکی دیکـە هەبێـت سـەبارەت بـە سـزای توندتـر لـە کاتـی ئەنجامدانی یەکێـک لـە کردارەکانـی سـزا لەسـەردراو لـەم یاسـایەدا، توندتریـن سـزا پەیـڕەو دەکرێت.

## 29 — 35 بەڵگەنامەی سەلماندن

1 دادگا بـۆی هەیـە پشـت بەسـتێت بـە وێنـە و بڵاونامـە و بڕیارەکانـی وەرگیـراو لـە ڕێگـەی ئامرازەکانـی پشـکنین و پێوانەکردنـی ئاسـتی سەرخۆشـی و ئامێرەکانـی چاودێـری سـەرڕێچییەکان و هێڵـکاری شـوێنی ڕووداو لـە لایـەن کارمەنـدی هاتوچـۆ ڕێکدەخرێـت کـە دەبێـت پلەکـەی لـە عەریـف کەمتـر نەبێـت.





## پێشڕەوییەکانی هاتوچۆ






1 پێشڕەوییەکانی هاتوچۆ بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن:

- بەدەست ئاماژە بۆ کردن لە لایەن پۆلیسی هاتوچۆ لەسەر گڵۆپی هاتوچۆ و هێماکانی ڕێگاوبان، پێشڕەوی گڵۆپی هاتوچۆ لەسەر هێماکانی هاتوچۆ هەیە.
- پێشڕەوی سوارڕۆی جووڵاو بەرامبەر بە سوارڕۆی وەستاو.
- پێشڕەوی سوارڕۆیەکی ڕێگای سەرەکی بەرامبەر بە ڕێگای لاوەکی.
- پێشڕەوی سوارڕۆی ڕاستڕۆیشتوو بەرامبەر بە سوارڕۆیەک کە پێچدەکاتەوە.
- پێشڕەوی سوارڕۆی پێشکەوتوو بەرامبەر بە سوارڕۆی دواکەوتوو.
- پێشڕەوی ئەو سوارڕۆیانەی کە لە ناو فلکەدان یان لە لای ڕاستی یەکتریبڕەکانەوە دێن.
- پێشڕەوی سوارڕۆیەک کە بە هەورازدا سەردەکەوێت بەرامبەر بەو سوارڕۆیانەی دێنەخوارەوە.
- پێشڕەوی ئەو سوارڕۆیانەی دەڕۆن بەرامبەر بەو سوارڕۆیانەی دەیانەوێت بێنە ناو ڕێگاکەوە.
- پێشڕەوی تێپەڕینی هەر هۆیەکی گواستنەوەی سەر هێڵی ئاسن بەرامبەر بە سوارڕۆکانی دیکە.

2 ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن کاتێک لە ئەرک و فەرماندا بن پێشڕەوییان هەیە بەرامبەر بە هەموو جۆرە سوارڕۆکانی دیکە؛ پێشڕەوییەکە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن
- ئۆتۆمبێلەکانی ئاگرکوژێنەوە
- ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس
- ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیسی هاتوچۆ
- ئۆتۆمبێلەکانی بەشدار لە مەراسیمە فەرمییەکان
- ئۆتۆمبێلەکانی ئەندامانی هێزەکانی هاوپەیمانان
- ئۆتۆمبێلە ئاساییەکان کاتێک وەک ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بەکاردەهێنرێن

جۆرەکانی فەرارە



3 پێشڕەوی بۆ پیادەیە لەسەر هێڵی پەڕینەوە لە بەرامبەر سوارڕۆکاندا.

4 کاتێک بەشێک لە شەقامێکی دوو ئاراستە دادەخرێت، پێشڕەوی بۆ ئەو لایە دەبێت، کە دانەخراوە.



### ژمارە تەلەفۆنەکانی فریاکەوتن

لە کاتی هەبوونی هەر ڕووداوێکی کتوپڕدا پەیوەندی بکە بە یەکەکانی فریاکەوتن، ژمارە 911 یاخود:

| | |
|---|---|
| 115 | ئاگرکوژێنەوە |
| 440 | پۆلیسی هاتوچۆ |
| 104 | پۆلیسی فریاکەوتن |
| 122 | فریاکوزاری (ئەمبولانس) |





NO COMMENT!

4

# هێما و کەرەستەکانی هاتوچۆ




37
57

# TRAFFIC SIGNS



## 37 تێگەیشتن لە ئاماژەکانی پۆلیسی هاتوچۆ

■ وەک شۆفێر پێویستە پابەندبیت بە هێما و لەبەرچاوگرتنی کەرەستەکانی سەر شەقام؛ هەندێک جار لە جێگەی گڵۆپەکانی هاتوچۆ (ترافیک لایتەکاندا) یان لە هەندێک بارودۆخی دیکە پۆلیسی هاتوچۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی جووڵەی سوارڕۆکان لەسەر ڕێگاکان دەوەستێت، بۆیە دەبێت لە ئامارەکان تێبگەیت و بتوانیت بە شێوەیەکی دروست هەڵسوکەوت بکەیت.

### گرنگترین ئاماژەکانی پۆلیسی هاتوچۆ، کە دەبێت لێیان تێبگەیت:




1 بوەستە.
ئاماژەیە بۆ وەستان



2 بەردەوامبە لە لێخوڕین،
ئاماژەیە بۆ لێخوڕین



3 فەرمانکردن بۆ وەستاندنی لایەک و ڕێگەدان بە ڕۆیشتنی لایەکی دیکە.



4 لە پێشەوە و پشتەوە، بوەستن.



5 ئاماژەیە بۆ وەستان و لادان لە لێواری ڕێگاکاندا.



■ لە بەشی **17** لە یاسای هاتوچۆ، ئاماژەکردن بە دەست لە لایەن پۆلیسی هاتوچۆوە مافی پێشڕەوی هەیە بەرامبەر بە سەرجەم کەرەستەکانی دیکەی ڕێگاکان. بۆیە هەر کاتێک لە لایەن پۆلیسی هاتۆچۆوە ئاماژە بۆ ئەنجامدانی فەرمانێک بکرێت، پێویستە ڕاستەوخۆ جێبەجێی بکەیت، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی گڵۆپەکانی (ترافیک لایت) یان هێمایەکی هاتوچۆش بێت.

## 38 گڵۆپی هاتوچۆ (ترافیک لایت)

▪ ئـەم گڵۆپانـەی هاتوچـۆ لـە خـوارەوە بـۆ ڕێکخسـتنی هاتوچـۆی سـوارڕۆکان بەکاردەهێنرێـن، مەبەسـتی هـەر یەکێکیـان لـە خـوارەوە ڕوونکراوەتـەوە:





### گڵۆپی سوور ؛ بۆ وەستان

- لە کاتی وەستان بۆ داگیرسانی گڵۆپی سوور، نابێت شۆفێر **هێڵی وەستان ببەزێنێت**، یان لە کاتی نەبوونی هێڵی وەستاندا نابێت لەو ئاستە زیاتر بچێتە پێش کە گڵۆپی هاتوچۆکەی لێیە، یاخود نابێت هێڵەکانی پەڕینەوە ببەزێنێت.



### گڵۆپی زەردباو
Amber (پرتەقاڵی)

- بە تەنیا یان لەگەڵ گڵۆپی سووردا دادەگیرسێت.
- کاتێک بە تەنیا دادەگیرسێت واتا **هیچ سوارڕۆیەک ناتوانێت لە هێڵی وەستان تێپەڕێت** یاخود لە گڵۆپەکان تێپەڕێت **مەگەر ئەوەی زۆر لە گڵۆپەکان نزیک بێت** و نەتوانێت بە سەلامەتی ڕاستەوخۆ لە بەردەم هێڵی وەستاندا بوەستێت.



### گڵۆپی سوور و زەردباو

- کاتێک لەگەڵ گڵۆپی سووردا دەردەکەوێت، داگیرسانی گڵۆپی زەرد واتا کەمێکی دیکە گڵۆپەکە دەگۆڕێت بۆ سەوز **ئامادەبە بۆ لێخوڕین**، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە لێخوڕەکان دەتوانن بۆ پێشەوە بڕۆن، ئەمە کار لە حوکمی داگیرسانی گڵۆپی سوور ناکات.

**بۆکسی زەرد:**
لە ناو یەکتربڕ لەگەر گڵۆپی ترافیک لایتەکەش سەوز بێت، ڕێگە بە شۆفێران نادات پێشڕەوی بکەن ئەگەر لەو ڕێگایەی بۆی دەڕۆن بلۆک (خنکا) بوو، واتا نابێت بچێتە ناو شوێنە ڕەنگکراوەکە لەگەر ڕێگای دەرچوونت کراوە نەبێت.





### گڵۆپی سەوز ؛ بۆ پێشڕەوی

- **دەست بە لێخوڕین بکە یان بۆ بەردەوامبوونە لە لێخوڕین**، هەرچەندە داگیرسانی گڵۆپی سەوز لە یەکتربڕێکدا هەمیشە ڕێگە بە شۆفێران نادات پێشڕەوی بکەن، ئەگەر قەرەباڵغی زۆر لەناو یەکتربڕەکەدا هەبێت.



### چرکەژمێر

- چرکەژمێرێکە بە شێوەیەکی ژمارەیی (دیجیتاڵی) **کاتی پێشبینیکراو بۆ گۆڕانی گڵۆپەکانی هاتوچۆ پێشاندەدات**، وەک گۆڕانی گڵۆپی سەوز بۆ زەرد یان سوور.

## 39 گڵۆپەکانی هاتوچۆی تایبەت بە پیادە



- ڕەنگی سوور بۆ ڕێگەنەدانە بە پەڕینەوەی پیادەکان.
- ڕەنگی زەردباو بەو واتایەیە کە پیادەکان ناتوانن بپەڕنەوە، بەڵام ئەوانەی کە بەر لە داگیرسانی گڵۆپە زەردەکە لەسەر هێڵەکەبوون، دەتوانن بەردەوامبن لە پەڕینەوە بۆ ئەوبەری شەقامەکە.
- ڕەنگی سەوز لە نێو گڵۆپەکاندا ئەوە دەگەیەنێت، کە پیادەکان دەتوانن بپەڕنەوە.







- **گڵۆپـە تروسـکەدارەکان:** گڵۆپی سەوزی تروسکەدار ئەو ماوەیە پێشاندەدات کە پیادەکان تێیدا دەتوانن بپەڕنەوە و کەمێکی دیکە کۆتاییدێت و گڵۆپە سوورەکە دادەگیرسێت.

- هەرچەندە بە گشتی سیستەمی دوو ڕەنگی لە گڵۆپەکانی تایبەت بە پیادەکاندا بەکاردەهێنرێت، کە لە هەردوو ڕەنگی سوور و سەوز پێکدێت، بەڵام دەتوانرێت سیستەمی سێ ڕەنگیش بەکاربهێندرێت، کە لە هەرسێ ڕەنگی سوور، پرتەقاڵی زەردباو و سەوز یەک لە دوای یەک پێکدێت.
- گڵۆپەکانی هاتوچۆ بە شێوەی ستوونی دادەنرێن و ڕەنگی سوور هەمیشە لە سەرەوە و سەوز هەمیشە لە خوارەوە دەبێت. گڵۆپە سوورەکە لە شێوەی پیادەیەکی وەستاودا دەبێت و گڵۆپە سەوزەکەش لە شێوەی پیادەیەکی بەڕێوەدا دەبێت.
- گڵۆپەکانی تایبەت بە پیادە بە شێوەیەک دیزاینکراون بە ئاسانی بناسرێنەوە و شێوەیان لەگەڵ گڵۆپی سوارڕۆکان جیاوازە.
- گڵۆپەکانی تایبەت بە پیادە دەتوانرێت لە ڕێگای دەنگ (هەستی بیستن) و بەرکەوتنەوە بەهێزتر بکرێن و لەم ڕێگایەوە یارمەتی کەسانی نابینا بدرێت، تاوەکوو بتوانن لە هێڵەکانی پەڕینەوەدا بە سەلامەتی لە شەقامەکان بپەڕنەوە.

## 40 گڵۆپی هاتوچۆ (ترافیک لایت) لە شێوەی تیر





### دوو جۆر لە شێوەی گڵۆپی ترافیک لایت هەیە:

1. گڵۆپەکانی خڕ و بڕە.  2. گڵۆپەکانی لە شێوەی تیرە. 

تێبینی: گڵۆپی خڕ و بڕ بۆ سەرجەم شوفێرانی ڕێگەکەیە، بەڵام گڵۆپ لە شێوەی تیر تەنها بۆ ڕێڕەوێکە، ئەگەر تیرکە ڕووی لە سەرەوە یان لایەکان بوو واتا ئاماژە بۆ لێخوڕین بۆ ئەو شەقامە دەکات کە تیرەکە ڕووی لێیە، بەڵام ئەگەر ڕووی تیرەکە لە خوارەوە بوو، واتا تەنها ئاماژە بۆ ئەو شۆفێری ڕێڕەوانە دەکات کە تیرەکە ڕووی لێیە.

## 41 فلاشەری بازنەیی زەرد یان لە شێوەی تیرێکدا

گڵۆپە تروسکەدارەکان
Flashing Lights

- ئەمەش ئاماژەیە کە شۆفێر دەتوانێت بە وریاییەوە تێپەڕێت و دەبێت یاسای مافی پێشڕەوی بۆ سوارڕۆکانی لای ڕاست یان یاسای بەکار ڕەچاو بکات.

1. ئەگەر گڵۆپێکی سوور یان دوو گڵۆپی سوور، کە بە نۆرە دادەگیرسێن و دەکوژێنەوە، لە هەمان شوێن و بە هەمان بەرزی لەسەر یەک ڕاگر (دینگە) و ڕووەو هەمان ئاراستە دانرابن، ئەوە دەگەیەنێت کە هۆیەکانی گواستنەوە نابێت لە هێڵی وەستان یان لەو شوێنەی کە هێماکانی لێدانراوە، بپەڕنەوە:
ئەم هێمایانە دەکرێت وەک ئاماژەیەک بۆ هەبوونی هێڵی شەمەندەفەر یان پردی جوڵانەیی یان سەکۆی وەستانی بەلەم لە کەنار دەریاکاندا دابنرێن یاخود بۆ وریاکردنەوەی سوارڕۆکان کە بۆیان نییە بچنە ناو ڕێگاکەوە، بە هۆی بوونی ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە و تیمەکانی فریاگوزاری یان بە هۆی تێپەڕینی فڕۆکە بە نزمی لە شوێنەکەدا.

2. گڵۆپێکی زەرد یان دوو گڵۆپی زەرد، کە دادەگیرسێن و دەکوژێنەوە: ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هۆیەکانی گواستنەوە دەتوانن تێپەڕن، بەڵام پێویستە زۆر بە وریاییەوە بەردەوامبن. هەروەها ئەم گڵۆپی هاتوچۆیە دەتوانرێت لەو شوێنانەشدا بەکاربهێندرێت کە سیستەمی سێ ڕەنگی گڵۆپەکان تێیاندا بەکاردەهێنرێت.






42
سیستەمی
تابلۆکان

## 42 سیستەمی تابلۆکان

■ تابلۆکان بەگوێرەی ڕەنگ و شێوە و دیزاین بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەبن، کە بریتین لە ئەوانەی ناو ڕێککەوتننامەکە، بە شێوەی کۆد و بەم شێوازەی خوارەوە دیاریکراون:



| | |
|---|---|
| هێماکانی ورياکردنەوە | |
| هێماکانی پێشڕەوی | |
| هێماکانی قەدەغەکردن یاخود سنووردارکردن | |
| هێماکانی ئاراستەکردن و ناچارکردن | |
| هێما تایبەتەکانی ڕێکخستن | |
| هێماکانی زانیاری و خزمەتگوزارییەکان | |
| هێماکانی ئاراستەکردن و شوێن و ئاماژەکردن | |
| تابلۆی ژێر هێماکان | |







● عێراق و هەرێمی کوردستان پابەندن بە هێما نێودەوڵەتییەکانی هاتوچۆ، کە لە دەقی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا دیاریکراون.

## 43 Ⓐ تابلۆکانی وریاکردنەوە

■ تابلۆی وریاکردنەوە: ئەم هێمایانە دەگرێتەوە، کە بە مەبەستی وریاکردنەوەی شۆفێران و بەکارهێنەرانی دیکەی ڕێگا، کە لە پێش مەترسییەک یاخود چەند مەترسییەک دادەنرێت و تێیدا ئاماژە بۆ سرووشتی مەترسییەکە دەکرێت.






وریابە
پێچێک بۆ لای
چەپ لە پێشە



وریابە
پێچێک بۆ لای
ڕاست لە پێشە



وریابە
پێچێک بۆ لای چەپ
پاشان بۆ ڕاست
لە پێشە



وریابە
پێچێک بۆ لای ڕاست
پاشان بۆ لای چەپ
لە پێشە




وریابە
نشێو لە پێشە




وریابە
هەوراز لە پێشە



وریابە
تەسکبوونی ڕێگا لە لای
ڕاستەوە لە پێشە



وریابە
تەسکبوونی ڕێگا
لە هەردوولاوە لە پێشە



وریابە
تەسکبوونی ڕێگا لە لای
چەپەوە لە پێشە



وریابە
پردی هەڵدراوە
لە پێشە



وریابە
کەناری دەریا یان ڕووبار
لە پێشە، ئاستی ڕێگاکە بەرزترە



وریابە
فلکە لە پێشە



وریابە
ناسەی کەمکردنەوەی
خێرایی لە پێشە



وریابە
ڕێگایەکی شەپۆل یان
ڕێگەی خراپ لە پێشە



وریابە
ڕێگای ناڕێک
لە پێشە



وریابە
لێوار ڕێگای مەترسیدار
لە پێشە



وریابە
ڕێگای خلیسک
لە پێشە



وریابە
پەڕینی بەرد
لە پێشە



وریابە
ئاژەڵی کێوی
لە پێشە



وریابە
ئاژەڵی ماڵی
لە پێشە



وریابە
پاسکیلسوار
لە پێشە



وریابە
منداڵ - قوتابخانە
لە پێشە



وریابە
پەڕینەوەی پیادە
لە پێشە



وریابە
شوێنی پەڕینەوەی پیادە
لە پێشە



وریابە
هەرەسی شاخ
لە پێشە



وریابە
ترافیک لایت
لە پێشە



وریابە
ڕێگای دوو ئاراستەیی
لە پێشە



وریابە
جۆرێکی دیکەی مەترسی
لە پێشە



وریابە
یەکتربڕی کۆنترۆڵ نەکراو
لە پێشە



وریابە
یەکتربڕ لە پێشە



وریابە
ڕێگای لاوەکی
لە لای ڕاستەوە لە پێشە



وریابە
ڕێگای لاوەکی
لە لای ڕاست و چەپ
لە پێشە



وریابە
ڕێگای لاوەکی
لە لای چەپەوە لە پێشە



وریابە
یەکگرتن لەگەڵ
ڕێگای لاوەکی لە لای ڕاستەوە
لە پێشە



وریابە
یەکگرتن لەگەڵ
ڕێگای لاوەکی لە لای چەپەوە
لە پێشە



وریابە
لقی ڕێگا لە لای
ڕاست و چەپ لە پێشە

## درێژەی بابەت 43 تابلۆکانی وریاکردنەوە



وریابە
هێڵی شەمەندەفەری بێ لەمپەر لە پێشە



وریابە
هێڵی شەمەندەفەر بە لەمپەرەوە لە پێشە



وریابە
هێڵی ترام لە پێشە



300 مەتر
دووری



200 مەتر
دووری



100 مەتر
دووری



وریابە
مەترسی بای تەنیشت
لە پێشە



وریابە
فڕۆکەی نزم-فڕیوو لە
پێشە



وریابە
بەکتربڕ لەگەڵ هێڵی
شەمەندەفەری یەک ڕێڕەو
لە پێشە



وریابە
بەکتربڕ لەگەڵ هێڵی
شەمەندەفەری فرە-ڕێڕەو
لە پێشە

## درێژەی بابەت 43 تابلۆکانی وریاکردنەوەی کاتی

- ئەو هێمایانە دەگرێتەوە، کە هەندێک جار بە مەبەستی وریاکردنەوەی شۆفێران و بەکارهێنەرانی دیکەی ڕێگا لە مەترسییەک یاخود چەند مەترسییەک و سرووشتی مەترسییەکە دادەنرێن کە بۆ ماوەیەکی کاتییە کارکردن لەو ڕێگا و دەوروبەرەدا هەیە.



تەسکبوونەوە لە
لای ڕاستی ڕێگاوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



تەسکبوونەوەی ڕێگا
لە هەردوولاوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



تەسکبوونەوە لە
لای چەپی ڕێگاوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



ڕێگایەکی ڕێکنەخراو
لە پێشەوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



پەڕینی بەرد
لە پێشەوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



ڕێگای دوو ئاراستە
لە پێشەوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



مەترسییەک جگە
لەوانەی تابلۆکانی دیکە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



کارکردن لەسەر ڕێگا
لە پێشەوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی

## 44 B تابلۆکانی پێشڕەوی

تابلۆکانی پێشڕەوی بەشێکن لە کۆمەڵەی هێماکانی ڕێکخستن، کە شۆفێر لە یاسا تایبەتەکانی پێشڕەوی لە یەکتربڕ و بەیەکگەیشتنەکاندا ئاگاداردەکەنەوە. خۆیان لەم تابلۆیانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:



هێمای **ڕێگە بدە** بریتییە لە سێگۆشەیەکی لایەکسان و سەری سێگۆشەکە ڕووەو خوارەوەیە. دەڵێت ڕێگە بە لێخوڕەکانی ڕێگا سەرەکییەکە بدە. هێواشی بکەرەوە تەماشا بکە، ئەگەر دەرفەت هەیە بڕۆ، ئەگەر دەرفەت نەبوو بوەستە.




هێمای **بوەستە** STOP

لە و شوێنانەدا دادەنرێت، کە پێویستە لێخوڕەکان پێش چوونە ناو یەکتربڕەکە بوەستن و ڕێگە بەو لێخوڕانەی ناو ڕێگا بدەن کاتێک نزیکدەبنەوە.

**تێبینی:** دەکرێت ئەم تابلۆیە جگە لە یەکتربڕەکان لە شوێنی دیاریکراوی دیکەشدا دابنرێت ئەگەر پێویست بێت.



هێمای **پێشڕەوی بۆ تۆیە**

لە یەکتربڕەکان یاخود لەو شوێنانەدا دادەنرێت کە سوارڕۆ سەر شەقامەکە ئاگاداردەکاتەوە کە مافی پێشڕەوی بۆ ئەوە و دەبێت سەرجەم لێخوڕەکانی دیکە بوەستن.



**• پێشڕەوی بۆ سوارڕۆی بەرامبەرە**

بازنەیەکی سوورە، لەو شوێنانە دادەنرێت، کاتێک تەسکبوونی شەقام لە بەردەم ئەوسوارڕۆیەدا هەیە، کە تابلۆکە لە بەردەمیدا دانراوە، لەم کاتەدا ئەم تابلۆیە بۆ ئاراستەی بەرامبەر دادەنرێت.



**• پێشڕەوی بۆ تۆیە**

هێمایەکی شێوە چوارگۆشە یان لاکێشەییە و تەختێکی شینی هەیە لەگەڵ تیرێکی سپی لە نێویدا، کە پێشڕەوی بۆ ئەو ئاراستەیە پیشاندەدات و تیرێکی سوور بۆ لێخوڕەکانی بەرامبەر کە پێشڕەوی نییە.



**• کۆتایی ڕێگای سەرەکی**

واتا هێمای «کۆتاییهاتنی پێشڕەوی» لە کاتی گەیشتن بە کۆتایی ئەو ڕێگایە دادەنرێت، کاتێک پیشانیدەدات مافی پێشڕەوی بەسەر ڕێگاکانی دیکەدا لەم خاڵەوە کە هێماکەی لێدانراوە کۆتایی دێت. ئەم هێمایە دەتوانرێت لە چەند شوێنێک بەر لە گەیشتن بە خاڵی کۆتایی ڕێگاکە دووبارە بکرێتەوە.

## 45 C تابلۆکانی قەدەغەکردن یاخود سنووردارکردن

تابلۆیەکی بازنەیی سوورە، کە بۆ قەدەغە و سنووردارکردنی ئامادەی ئاو هێماکە بەکاردەهێنرێت. هەر کاتێک لە نێو تابلۆکەدا تیری ئاراستەکردن هەبێت، بە واتای قەدەغەی لێخوڕینە بەو ئاراستەیە و لە کاتی بوونی ژمارەدا بە واتای سنووردارکردن دێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:



بۆ سەرجەم سوارڕۆکان بەکاردەهێنرێت و ئامازە دەکات، لەم بەشەی ڕێگاکەدا چوونەناوەوە قەدەغەیە.



بۆ سەرجەم سوارڕۆکان بەکاردەهێنرێت و ئامازە دەکات، کە چوونەناوەوە بە هەردوو ئاراستەکەدا قەدەغەیە.



چوونەناوەوە بۆ سەرجەم ئەو سوارڕۆیانە قەدەغەیە، کە بە هێزی بزوێنەر کاردەکەن جگە لە ماتۆڕسکیلی دوو تایە بە بێ عەرەبانە.



چوونەناوەوە بۆ ماتۆڕسکیل قەدەغەیە.



چوونەناوەوە بۆ پاسکیل قەدەغەیە.



چوونەناوەوە بۆ بارهەڵگر قەدەغەیە.



چوونەناوەوە بۆ سەرجەم ئەو بارهەڵگرانە قەدەغەیە کە عەرەبانەیان پێوە بەستراوە.



چوونەناوەوە بۆ سەرجەم ئەو لێخوڕانە قەدەغەیە، کە عەرەبانەیان پێوە بەستراوە.



- چوونەناوەوە بۆ بارهەڵگر بە باری مەترسیدارەوە قەدەغەیە.



- چوونەناوەوە و پەڕینەوە بۆ پیادە قەدەغەیە.



- چوونەناوەوە بۆ گالیسکە (ئەو عەرەبانەیەی بە ئاژەڵ ڕادەکێشرێت) قەدەغەیە.



- چوونەناوەوە بۆ عەرەبانەی دەستیی قەدەغەیە.



- چوونەناوەوە بۆ ئامێرە کشتوکاڵی و بیناسازییەکان قەدەغەیە.



- چوونەناوەوە بۆ سەرجەم ئەو سوارڕۆانەی کە بە هێزی بزوێنەر جووڵە دەکەن قەدەغەیە.



- چوونەناوەوە بۆ ئەو سوارڕۆایانەی کە بە بزوێنەر کاردەکەن یان بە گالیسکە کە عەرەبانەکەی بە ئاژەڵ ڕادەکێشرێت قەدەغەیە.



- پێچکردنەوە بۆ دەستە ڕاست قەدەغەیە.



- سووڕانەوە U-Turn قەدەغەیە.



- پێچکردنەوە بۆ دەستە چەپ قەدەغەیە.




چوونەناوەوە بۆ ئەو سوارڕۆیانە قەدەغەیە، کە پانتاییان لە 2 مەتر زیاترە.




چوونەناوەوە بۆ ئەو سوارڕۆیانە قەدەغەیە، کە بەرزییان لە 3.5 مەتر زیاترە.




چوونەناوەوە بۆ ئەو سوارڕۆیانە قەدەغەیە، کە درێژییان لە 10 مەتر زیاترە.




دووری نێوان بارهەڵگرەکان نابێت کەمتر بێت لە 70 مەتر.



تێپەڕاندنی ئەو سوارڕۆیانەی بە بزوێنەر کاردەکەن قەدەغەیە.



تێپەڕاندن بۆ بارهەڵگر قەدەغەیە، ئەگەر تێکڕای قورسایی لە 3.5 تەن زیاتر بێت.



بەکارهێنانی هۆڕن قەدەغەیە.




ئەم تابلۆیە هەر ژمارەیەکی تێدابوو بەرزترین خێرایی ڕێگەپێدراوە.



پارککردن قەدەغەیە



وەستان و پارککردن قەدەغەیە.

## وەستان



- بریتییە لە وەستانی سوارڕۆ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە شێوەیەک لە پێنج خولەک زیاتر نەبێت بۆ سەرکەوتن یان دابەزینی سەرنشینەکان یاخود بۆ بارکردن یان داگرتنی کەلوپەل.
- ڕێگەپێدراو نییە شۆفێر ئۆتۆمبێل بەجێبهێڵێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمتر لە پێنج خولەکیش بێت.

تابلۆکانی کۆتاییهاتنی قەدەغەکردن و سنووردارکردن: بەشێکن لە کۆمەڵەی هێماکانی قەدەغە و ئاگاداری بە سوارڕۆکان دەدەن کە بڕیاری تابلۆکەی پێشتر لەم خاڵەدا کۆتایی دێت.



- کۆتاییهاتنی قەدەغەکردن بە خێرایی دیاریکراو (60).
- کۆتاییهاتنی قەدەغەکردن بە تێپەڕاندن بۆ لۆری.
- کۆتاییهاتنی قەدەغەکردن بە تێپەڕاندن.

## 46 D تابلۆکانی ئاراستەکردن و ناچارکردن

- ئەم تابلۆیانە بە شێوە بازنەییەکی شین جیادەکرێنەوە لەگەڵ هەبوونی ئاماژەیەک بە ڕەنگی سپی لە نێویاندا.

1 لە کاتی هەبوونی ئاماژەی تیرەکان لەناو ئەم بازنەیەدا، ئاماژەکە بەواتای ئاراستەکردن و ناچارکردن دێت، وەک ئەمانەی خوارەوە:



کۆتایی لەم ڕێیەوە پێچبکەرەوە بۆ لای ڕاست | کۆتایی ئەم ڕێڕەوە پێچبکەرەوە بۆ لای ڕاست یان چەپ | کۆتایی لەم ڕێیەوە پێچبکەرەوە بۆ لای چەپ | پێچبکەرەوە بۆ لای دەستە ڕاست | ئاراستەی لێخوڕین تەنیا ڕاستەوڕاستە | پێچبکەرەوە بۆ لای چەپ



ئاراستەی لێخوڕین لە فلکە | تەنیا بە لای ڕاستدا بڕۆ | تەنیا بە لای چەپدا بڕۆ | تەنیا بۆ پێشەوە و دەستە ڕاست بڕۆ | لێخوڕین بە هەردوو ئاراستەیە | تەنیا بۆ پێشەوە و چەپ بڕۆ

2

هەبوونی وێنە لە تێو ئەم تابلۆیەدا بە واتای دیاریکردنی ڕێڕەو دێت؛ تەنیا بۆ وێنەی ناو تابلۆکە وەک ئەمانەی خوارەوە:



ڕێڕەوی دابەشکراو بۆ پیادە و پاسکیل



ڕێڕەوی هاوبەش بۆ پیادە و پاسکیل



ڕێڕەوی پیادە



ڕێڕەوی پاسکیل



ڕێڕەوی ئەسپسوار

3

هەبوونی ژمارە لە تێو ئەم تابلۆیەدا بە واتای کەمترین خێرایی ڕێگەپێدراو دێت؛ لەگەر هێڵ بەسەر ژمارەکەدا هاتبێت، ئەوا ئاماژەیە بۆ ئەوەی بڕیاری تابلۆکە کۆتایی دێت.




کەمترین خێرایی ڕێگەپێدراو




کۆتایی کەمترین خێرایی ڕێگەپێدراو

## 47 E هێما تایبەتەکانی ڕێکخستن

تابلۆکان بە گشتی شێوەیەکی چوارگۆشەیی یان لاکێشەییان هەیە و بە ڕەنگێکی شین لەگەڵ ئامازەیەک یان نووسینێک بە ڕەنگێکی کاڵ لەسەریان هێماکراون، یاخود تەختێکی کاڵیان هەیە و بە ڕەنگێکی توخ لەسەریان نووسراوە یان ئامازەکان کێشراون، وەک ئەمانەی خوارەوە:



تابلۆی 1 کەمترین خێرایی ڕێگەپێدراو بۆ هەر ڕێڕەوێک.
تابلۆی 2 کەمترین خێرایی ڕێگەپێدراو بۆ یەک ڕێڕەو.
تابلۆی 3 خێرایی سنووردارکراو بۆ هەر ڕێڕەوێک، لەم هێمایەدا لێواری بازنەکان بە ڕەنگی سوور و نووسینەکان بە ڕەنگی ڕەش دەبن.
تابلۆی 4 نموونەیەکە لە هێماکانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لەو ڕێگایانەی کە لە چەند ڕێڕەوێک پێکهاتوون.



5 ڕێگای خێرا Freeway لەو شوێنە دادەنرێت، کە یاسا تایبەتەکان بە ڕێگای خێرا دەستپێدەکەن یان کۆتاییان دێت.

6 ڕێگای سەرەکی Higway لەو شوێنە دادەنرێت، کە یاسا تایبەتەکان بە ڕێگای سەرەکی لێیانەوە دەستپێدەکەن یان کۆتاییان دێت.

جیاوازی نێوان ڕێگای خێرا Freeway لەگەڵ ڕێگای سەرەکی Higway
ڕێگای ئازاد ڕێگایەکی خێرایە کە هیچ هێمای وەستان و چوارڕیانێکی ڕاستەوخۆی نییە، ئەمەش وا دەکات زیاتر گونجاوتر و سەلامەتتر بێت، لەکاتێکدا ڕێگای خێرا دەکرێت ترافیک لایت و یەکتربڕی تێدابێت، ئەمەش وا دەکات خێرایی و سەلامەتیەکەی کەمتر بێت.

تابلۆی ئامازەکردن بۆ دەستپێکردنی ناوچەی نیشتەجێبوون یان دەرچوون لە ناوچەی نیشتەجێبوون. ناوی شارەکە یان ناوچەی نیشتەجێبوونەکەی تێدا دەبێت، یان ئامازەی تێدایە بۆ شارێک یاخود هەردووکیان بەیەکەوە. تابلۆکانی نموونەی ئەو تابلۆیانەن، کە ئامازە بۆ دەستپێکردنی ناوچەیەکی نیشتەجێبوون دەکەن.



## ئەو تابلۆیانەن کە تایبەتن بە ناوچەیەکی دیاریکراو (زۆن zone)

- بۆ پیشاندانی ئەوەی کە هێمایەک ڕەوایەتی ناوچەیی هەیە و بەسەر سەرجەم شەقامەکانی ئەو ناوچەیەدا جێبەجێ دەبێت، هێماکە لەسەر پانێڵێکی لاکێشەیی پیشاندەدرێت، تێیدا ئەختێکی ڕەنگ کراوەی هەیە. وشەی (ZONE) یان هاوتای ئەم وشەیە بە زمانی دەستووری (فەرمی) وڵاتەکە لە بەشی سەرەوە یان خوارەوەی هێماکەدا دەنووسرێت.

شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی حوکمەکانی تابلۆکەوە لە پانێڵێکی زیادکراو لە ژێر هێماکەوە زیاد دەکرێت یان لە بەشی خوارەوەی ناو هێماکەدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت. لەم هێمایە لە سەرجەم ئەو شەقامانە دووبارە دەکرێتەوە، کاتێک دەچنە ناو ناوچە دیاری کراوەکەوە. پێویستە ئەو ناوچە دیاری کراوە تەنیا ئەو شەقامانە بگرێتەوە کە هەمان تایبەتمەندییان هەیە، وەک ئەمانەی خوارەوە:



ناوچەی قەدەغەکردن بە ڕاوەستان و پارککردن (ڕاگرتن)



ناوچەی کەمکردنەوەی خێرایی



ناوچەی خێرایی سنووردار 40km



ناوچەی پیادە



ناوچەی نیشتەجێبوون


شوێنی پارککردن


کامێرای چاودێریی هاتوچۆ



سنووری خێرایی گشتیی کوردستان

ڕێبەری هاتوچۆ

- تابلۆی ئامازەکردن بۆ تەواوبوونی ناوچەیەک، ئەم هێمایە تەختێکی کاڵی هەیە و هێڵێکی لار لە گۆشەی سەرەوەی لای ڕاستی هێماکەوە بۆ گۆشەی چەپی هێماکە بە ڕەنگێکی کاڵ دەکێشرێت. لە کاتی دانانی یەکێک لەم هێمایانە لە سەرجەم ڕێگا و شەقامەکانی دەرچوون لە ناوچەکە دووبارەدەکرێتەوە، وەک ئەمانەی خوارەوە:




کۆتایی ناوچەی قەدەغەکردن
بە هاتوچۆی بارهەڵگر



کۆتایی ناوچەی پیادە




کۆتایی ناوچەی
خێرایی سنووردار




کۆتایی ناوچەی
نیشتەجێبوون




کۆتایی ناوچەی پارککردن




کۆتایی ناوچەی
قەدەغەکردن بە پارککردن

- بەشێکی دیکە لە تابلۆکانی ڕێکخستن، شێوەی چوارگۆشە یان لاکێشەی شینن و ئاماژەکانی بە ڕەنگی سپین، وەک تابلۆی زانیارییپێدان دەناسرێن، هاوشێوەی ئەم تابلۆیانەی خوارەوە:


شوێنی پارککردن


گەراجی پارککردنی بنمیچدار (سەقف)


نەخۆشخانە


لێخوڕین تەنیا بە یەک ئاراستەیە


لێخوڕین تەنیا بە یەک ئاراستەیە


شوێنی پەڕینەوەی پیادە


ڕێگای ژێرزەمینی بۆ پەڕینەوە


پردی پەڕینەوەی پیادە


ڕێڕەوی تایبەت بە بارهەڵگر


ڕێڕەوی تایبەت بە ماتۆڕسکیل


ڕێڕەوی تایبەت بە بارهەڵگر بە باری مەترسیدارەوە


سووڕانەوە (یوتێرن)


ئاراستەی لێخوڕین بۆ بارهەڵگر بە باری مەترسیدارەوە

## 48 F تابلۆکانی زانیاری و خزمەتگوزارییەکان



سەرجەم تابلۆکانی ئەم بەشە ئاماژەی ناو هێماکەیان تێدایە. هەندێک جار لە بەشی خوارەوەی هێماکەدا، ئەو دوورییە دەنووسرێت و ماوەی گەیشتن بۆ شوێنی خزمەتگوزارییەکە یان ئەو ڕێڕەوە پیشاندەدات کە دەچێت بۆ شوێنەکە، وەک ئەم تابلۆیانەی خوارەوە:



هۆتێل



ڕێستۆرانت



کافتریا



شوێنی وەستانی پاس



وێستگەی ترام



فڕۆکەخانە



خێوەتگە
بۆ کەرەڤانە



چاککردنەوە
(فیتەر)



بەنزینخانە



خێوەتگە (چادرگەی
گەشتیاری)

## 49 G تابلۆکانی ئاراستەکردن و شوێن و ئاماژەکردن

تابلۆکانی ئاماژەکردن بۆ ڕێڕەوێکی داخراو لە شەقامێکدا دانانی تابلۆیە لە سەرەتای ڕێگا یان شەقامەکە، لەوە دەگەیەنێت، کاتێک شەقامێکی یان ڕێگایەکی داخراو (بنبەست) لە پێشەوەیە، نموونەی ئەو هێمایانەش ئاماژە بۆ ڕێڕەوێکی داخراو دەکەن، وەک ئەم تابلۆیانە:



## 50 H تابلۆی ژێر تابلۆ

- ئەم پانێڵانە تەختێکی (باکگراوندێکی) سپییان هەیە لەگەڵ چوارچێوەیەکی ڕەش ئاماژە و دەستەواژە نووسراوەکان لەسەر پانێڵەکە بە ڕەنگی ڕەش لەم بارودۆخەشدا ئاماژە و نووسراو و ژمارەکان بۆ پیشاندانی دووری یان درێژی مەوداکەن، وەک ئەم تابلۆیانەی خوارەوە:






**تێبینیی**

ئەو تابلۆیانە لە کەناری ڕێگایەکدا دادەنرێت، لە تەواوی ستووری فراوانی ڕێگاکەدا کاریپێدەکرێت، بەڵام دەکرێت هێمایەک تایبەت بکرێت تەنیا بۆ یەک یاخود چەند ڕێڕەوێک، کاتێک بە هێڵێکی درێژی نەپچڕاو ئەم ڕێڕەوە جیاکرابێتەوە.



تابلۆکانی دەستنیشانکردنی لێواری ڕێگا
بۆ پێچی قووڵ (گۆچانی)



هێماکانی لێواری ڕێگا
بۆ پێچی (کەوانەیی)



پلێتی لایەکان
لێواری پرد، لێواری دیوار، ستونی ئامێرەکان
تێبینی ڕەش و زەرد هەمان واتایان هەیە.





تیرەکانی ئاراستەکردن
(جیاکەرەوەی ڕێگا)

## لەمپەری ئاگادارکردنەوە کاتی تەسکبوون یان داخستنی ڕێگا



به لای ڕاستی ئەم شریتە (ئەناقە) برۆ.



بگەرێوە (ڕێگە داخراوە).



به لای چەپی ئەم شریتە (ئەناقە) برۆ.



دینگەی لێواری ڕێگا
بەکاردەهێندرێن بۆ دیاریکردنی
لێواری ڕێڕەوی قرباکەوتن
(شۆڵەر)



قووچەک (قسفۆر)
دێران و شێوەیان زۆرە، بەکاردەهێندرێن بۆ جیاکردنەوەی یان دیاریکردنی لێواری ڕێگا بۆ هاتوچۆی سوارڕۆ یان پیادەکان بە نێو یاندا، بەکاریشدەهێندرێن بۆ بەربەستێکی کاتیی یان هەمیشەیی.



# 51 تابلۆکانی ڕێپیشاندان (خزمەتگوزارییەکان)

- زانیاری بە شۆفێر و بەکارهێنەرانی ڕێگا دەدەن، دەربارەی ئاراستەی لێخوڕین بۆ گەیشتن بە شوێنێکی دیاریکراو لە نێو شار و ناوچەکانی نیشتەجێبووندا. بەگوێرەی ڕەنگی پشتەوەی تابلۆکە، زانیارییەکان بۆ بەکارهێنەران ڕوونکراونەتەوە.

لەو شوێنانەدا، کە بە ڕێگایەکی سەرەکی لەگەڵ یەکتربڕێک یان ڕێگایەکی ناسەرەکی دادەنرێن، تابلۆکە بۆ ئامازەکردن بۆ شوێنەکان دادەنرێت و بە هۆی ڕەنگەکانەوە زانیاریت لەبارەی شوێنەکانەوە پێدەدات. ئەمانەش بە هێماکانی ڕێپیشاندان ناودەبرێن.




لەو ڕەنگانەی لە تابلۆکانی ڕێگاپێشاندان بەکاردەهێنرێن.



## 52 تابلۆکانی ڕێپێشاندان (شیکرنەوەی ڕەنگ)

- جیاکردنـەوەی هێمـاکان بـە ڕەنـگ و نەخشـەی جۆراوجـۆر بـۆ دڵنیابـوون لـە پلانـی گەشـتەکەت و هەڵبژاردنـی ڕێـڕەوی گونجـاو یارمەتیـت دەدات.




تابلۆیەک بە ڕەنگی شین، ئاماژەیە بۆ ناونیشانێک لە **ڕێگای خێرا Freeway**.




تابلۆیەک بە ڕەنگی سەوز، ئاماژەیە بۆ ناونیشانێک لە **ڕێگای سەرەکی Higway** لە دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوون.




تابلۆیەک بە ڕەنگی سپی، ئاماژەیە بۆ ناونیشانێک لە **ڕێگایەکی سەرەکی** لە ناوچەی نیشتەجێبوون.

● هێڵکارییەکانی سەر ڕێگا، یان نووسینەکان لەسەر ڕووی ڕێگا بە مەبەستی جیاکردنەوەی ڕێڕەوەکان یان دووبارەکردنەوەی فەرمانێک یان ورپاکردنەوە یان پێدانی زانیارییەک دەکێشرێن، بۆ بەکارهێنەرانی ڕێگا، کە ناتوانرێت لە ڕێگای تابلۆوە پیشانبدرێت بە هۆی چری دار و درەخت یان هەر هۆکارێکی دیکە.




تابلۆکان چەند شێوەیەکی جیاوازیان هەیە. ئەو تابلۆیەی کە لە یەکتربڕێکدا دەبینیت لەوانەیە بە شێوەی نەخشە بێت کە ئاراستەی ڕێگا یەکتربڕەکان پێشاندەدات. فراوانی شەقامەکان بە هۆی پانتایی ئاماژەکانی ناو تابلۆکەوە پێشاندەدرێن. بە گشتی لە یەکتربڕ و فلکەکاندا بەکاردەهێنرێن.

تابلۆکان لەوانەیە بە شێوەی کۆمەڵ یان لەسەر یەک بن، بەڵام ئەم جۆرە نەخشەیە ڕێگاکە پێشاننادات و بە گشتی بچووکترە لە تابلۆ نەخشەییەکان و بۆ ئەو یەکتربڕانە بەکاردەهێنرێن، کە ڕێگای ئاڵۆزین؛ یان بە هۆی نەبوونی فراوانی تەواوەتی شوێنەکەوە ناتوانرێت تابلۆی گەورە دابنرێت، بەتایبەتی لە ناوچەکانی نیشتەجێبووندا.

لەم جۆرە هێمایانەدا، تیرەکان ئاماژە بۆ ئاراستەکانی چوونەدەرەوە لە یەکتربڕەکەدا دەکەن. هەر تیرێک لەسەر بەشێکی جیاکراوەی تابلۆکە پێشاندراوە.




تابلۆکانی پێشاندانی ئاراستە






تابلۆکانی
پێشاندانی
دووری گەیشتن بە
شوێنی دیاریکراو.




تابلۆی
ئاگادارکردنەوەیە لە
هەبوونی کامێرای
کۆنترۆڵ.




تابلۆی
گوندەکان




تابلۆی کۆڵان




تابلۆی گەڕەگ




تابلۆی شەقام




ژمارەی خانوو

# 53 هێڵەکانی سەر ڕێگاوبان

## شوێنی پەڕینەوەی پیادە

هێڵی پەڕینەوەی پیادەکان بە هێڵی فراوان و تەریب بە ناو ڕێگاکەدا دەکێشرێت.



لە پێش هێڵی ستۆپ بۆ پیادە بوەستە



لە پێش هێڵی پەڕینەوە بۆ پیادە بوەستە



وریابە پەڕینەوەی پیادە لە پێشە

- ئەو هێڵانەی بە مەبەستی دەرخستنی لێواری شەقامەکان دەکێشرێن.
- ئەو هێڵانەی بۆ جیاکردنەوەی سنووری ناوچەی پارککردن لەسەر ڕێگا و شەقامەکان دەکێشرێن.
- ئەو هێڵە درێژانەش بۆ ڕێگەپێنەدان و سنووردارکردنی پارککردن (ڕاگرتن) و وەستان دەکێشرێن، وەکوو هێڵی بەربەست مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت.

هێڵکاری سەر ڕێگاکان بەکاردەهێنرێن، کاتێک لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی ڕێکخستنی هاتوچۆ یان ورياكردنەوەمن یاخود زانیاریپێدان و ڕێنماییکردنی بەکارهێنەرانی ڕێگا بە پێویستیان بزانێت. هێڵکارییەکان دەتوانرێت بە مەبەستی جەختکردنەوە یان زیاتر ڕوونکردنەوەی واتاکانیان بە تەنیا یاخود لەگەڵ هێما و ئامرازەکانی دیکەی هاتوچۆدا بەکاربهێندرێن.

① **تاک هێڵی پچڕپچڕ:** دەتوانیت لەسەر ڕێگاکە تێپەڕاندن و گۆڕینی ڕێڕەوەکان ئەنجام بدەیت.

② **هێڵێکی درێژی پچڕپچڕ:** لەسەر ڕێگا و شەقام بەم شێوەیەی خوارەوە بەکاردەهێنرێت:
بۆ دیاریکردن و جیاکردنەوەی سنووری ڕێڕەوەکان، بە مەبەستی ڕێنماییکردنی شۆفێرەکان.
بۆ ورياكردنەوەی سوارڕۆکان لە نزیکبوونەوەیان لە هێڵێکی نەپچڕاو و ڕێگەپێنەدراوەکان، یاخود بۆ ورياكردنەوەی شۆفێرەکان لە نزیکبوونەوە لە مەترسییەک. دووری نێوان هێڵەکان یاخود بۆشایی ناو هێڵە پچڕپچڕەکان پێویستە کەمتر بن، کاتێک بۆ ئەو ئامانجە بەکاردەهێنرێن.

③ **تاک هێڵی بەربەست:** ئەم جەشنە هێڵە بۆ ئەوەیە پیشانبدرێت کە نابێت تێپەڕاندن و گۆڕینی ڕێڕەوەکان ئەنجام بدەیت.

④ **جووت هێڵی بەربەست:** بەربەستی جیاکردنەوەی سایدەکانە واتا ڕێگاکە دوو ئاراستەیە. ناتوانیت هێڵەکان تێپەڕێنیت لە هەردوولادا.

⑤ **هێڵێکی بەربەست شانبەشانی هێڵێکی پچڕاو:** شۆفێران ئاگاداردەکاتەوە لەوەی پێویستە پابەندی ئەو هێڵە بن کە لە دیوی ئەوانە. ئەم یاسایە ڕێگە لە تێپەڕاندن ناگرێت، بەو شێوازەی کە لە شوێنەکەی ئەوانەوە ڕێگەپێیدراوە.



7 **سێگۆشەی سەربەرەوخوار:** ئاماژەیە بۆ ئەوەی مافی پێشرەویت نییە، ڕێگە بدە.

8 ئەگەر هێڵێکی بەردەوام (ستۆپ) لەمبەر بۆ ئەوبەر بە نێو ڕێڕەوێک یان زیاتردا کێشرابێت، ئەوا ئەو هێڵە دەستنیشانی دەکات، کە سوارڕۆکان ناچارن بوەستن و بەردەوام نەبن لە لێخوڕین.

9 کاتێک ڕێڕەوێک بۆ هۆکارە گواستنەوە گشتییەکان (وسائل النقل العامة) تەرخان دەکرێت، وشەی پاس BUS لەسەر ئەو ڕێڕەوە دەنووسرێت.

10 هێڵکاری ئەو ڕێڕەوانەی کە بۆ جۆرێکی دیاریکراو لە سوارڕۆکان بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە ڕێڕەوی پاسکیل، پێویستە بە شێوەیەک بکێشرێت کە بە ڕوونی لە هێڵە پچڕپچڕ و بەردەوامەکانی دیکە لەسەر ڕێگا جیابکرێنەوە. بەزاندنی لە لایەن سوارڕۆکانی دیکەوە قەدەغەیە.

11 هێڵێکی پێچاوپێچ Zigzag، کە لە لایەکی ڕێگاکە دەکێشرێت. بۆ نموونە: لە پێش قوتابخانە و نەخۆشخانە و بنکەی پۆلیس، بنکەی ئاگرکوژێنەوە یان هەر شوێنێکی دیکەی گرنگ. بە واتای ئەوە دێت، کە پارککردن و وەستان بە درێژایی هێڵەکە لەسەر ئەو ڕێگایە قەدەغەیە. بەڵام هەبوونی وشەی Bus لەسەر ڕووی شەقامەکە لەگەڵ ئەم هێڵانەدا شوێنی وەستانی پاس پێشاندەدات.



7



8




9



10



11

## ڕەنگی شۆستە:

- بۆیەکردنی لێوار شۆستەی شەقامەکان بەشێک نییە لە هێما نێودەوڵەتییەکانی هاتوچۆ، بە گشتی بۆ دەرخستنی شۆستەیە و نیشانەی جوانکاری و خزمەتگوزاری شەقامە و شۆفێر ئاگاداردەکاتەوە لە خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی.
- تا ئێستا لە جیهاندا ڕەنگی بۆیەی شۆستەکان یەک نەخراوە و هەر وڵاتێک بە یاسایەکی تایبەت چەند ڕەنگێکی دیاریکراو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردەهێنێت، بۆ وەستان و پارککردن و شوێنی تەکسی و پاس و خاوەن پێداویستیی تایبەت لە شەقامەکاندا.
- لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕەنگی شۆستە جێگرەوەی هێمای هاتوچۆ نییە و بە واتای ڕێگەدان بەوەستان و پارککردن نییە، لە خاڵی 13 لە پاشکۆی یاسای هاتوچۆی ژمارە 86ی ساڵی 2004ی هەموارکراو لە ساڵی 2018 لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئاماژە کراوە کە وەستان و پارککردن لە کوێدا قەدەغەیە. لە لاپەڕە 147 ڕوونکراوەتەوە.



**تیری سەر ڕێگا:**
لە ڕێگا و شەقامەکاندا کاتێک وەک گونجاو فراوان بن بۆ ئەوەی ڕێڕەوەکان جیابکرێنەوە، ئاراستەی دیاریکراو بۆ هەر ڕێڕەوێک بە تیرێک پێشاندەدرێت، لە شوێنەکانی نزیکبوونەوە لە یەکتربڕەکاندا، هەروەها دەتوانرێت تیرەکان بۆ پێشاندان و دووبارەکردنەوەی ئاراستەی لێخوڕین لە ڕێگا و شەقامی یەک ئاراستەدا هەبن. درێژی تیرەکە نابێت لە دوو 2 مەتر کەمتر بێت. دەتوانرێت لەگەڵ تیرەکاندا دەستەواژەی بەکارهاتوو لەسەر ڕووی ڕێگا و شەقامەکە بنووسرێت.

**دوورگە یان ناوچەی بەربەست:**
شۆفێر ناتوانێت سوارۆکەی لەسەر ئەو بەشەی ڕێگا لێبخوڕێت، کە جووت هێڵی بەردەوام (ناپچڕپچڕ) بە دەوریدا کێشرابێت. ئەگەر جووت هێڵی پچڕپچڕ بە دەوریدا کێشرابێت، دەتوانێت شوێنەکە بۆ هاتنەناوەوە یان دەرچوون لە ڕێگاکە یان بۆ چوونە ناو ڕێڕەوی پێچکردنەوەوە بەکاربهێنێت.

**هێڵی جیاکەرەوە / ڕێچکە:** بە شێوەیەکی گشتی ڕێگا دەکات بە دوو بەش، بەشێکیان بۆ هاتن و ئەوەی دیکەی بۆ چوون، بەدەر لەوەی دیاریکرابێت بە درێژایی یاخود دیاری نەکرابێت لەسەر پانتایی ڕێگاکە.

**لەنگەرەکانی ڕێگا:** بریتین لە بەیەکترگەیشتن یان جیابوونەوەی دوو ڕێگا یان زیاتر.



**تێبینی**

- کاتێک هێڵە هەمیشەییەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت، بە هۆی کارکردن لە ڕێگادا یاخود گۆڕینی ئاراستەی ڕێگا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، پێویستە هێڵکارییە کاتییەکان بە ڕەنگێکی جیاواز لە ڕەنگی هێڵە درێژخایەنەکان ڕەنگ بکرێن.
- ئەگەر هێڵکارییەکان بۆیە بکرێن، پێویستە بە ڕەنگی سپی یان زەرد بن: هەرچەندە دەتوانرێت بۆیەی شین بۆ پێشاندانی ئەو شوێنانە بەکاربهێنرێت، لە کاتێکدا پارککرن تێیاندا ڕێگەپێدراوە؛ ڕێگەپێدانەکە بەگوێرەی چەند مەرج و سنووردارکردنێک دەبێت.

ڕێنمای هاتووچۆ



## 54 هێماکردن و گڵۆپی چواری (فلاش)



- دەستکردن بە لێخوڕین
- پێچکردنەوە بۆ لای چەپ
- گۆڕینی ڕێڕەو

- پێچکردنەوە بۆ لای ڕاست
- وەستان لە لێواری ڕێگا
- گۆڕینی ڕێڕەو

- وەستانی لەناکاودا
- بوونی مەترسی
- پەککەوتن




- کەمکردنەوەی خێرایی
- وەستان

- بوەستە

- خێرایی کەمکەرەوە

پێویستە شۆفێر و کەسانی دیکەی سەر شەقام لە کاتی لێخوڕیندا ئاگادار بکەیتەوە، بەر لەوەی هەر جووڵەیەکی نوێ بکەیت.

بۆ هێماکردن لە ناوچەی نیشتەجێبوون، وا باشترە بەپێی خێرایی شەقام بێت (ئەگەر خێرایی 20km بێت، 20m پێش لادان هێما دادەگیرسێنێت).

بۆ هێماکردن لە دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوون، وا باشترە دوو هێندەی خێرایی شەقامەکە بێت، پێشتر هێما دادەگیرسێنێت (ئەگەر خێرایی 80km بێت، 160m پێش لادان هێما دادەگیرسێنێت).



## 55 ناساندنی بارە مەترسیدارەکان

بارە مەترسیدارەکان بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا دابەش دەکرێن و بەگوێرەی ڕەنگ ئاماژەی ناو هێما تایبەتەکان و مەترسییەکان پیشاندەدرێن. ئەگەر وەک شۆفێرێک بارێکی مەترسیدارت هەڵگرتبێت، یاخود کاتێک لەسەر ڕێگاکان بارهەڵگرێک دەبینیت ئەم هێمایانەی پێوە هەڵواسراپێت، پێویستە لە واتای هێماکان بگەیت.




ئەو ماددانە دەگرێتەوە کە ماددەی تەقەمەنی یان هەر ئامێر و کەرەستەیەک کە لەگەری تەقینەوەیان لێ دەکرێت.




گازە خێرا و زوو گڕگرتووەکان کە بەسەر سێ جۆردا دابەش دەکرێن و بریتین لە: گازە گڕگرتووەکان، گازە ژەهراوییەکان و گازە گڕنەگرتووەکان نازەهراوییەکان و گازی ئۆکسیجین.



شلەمەنییە خێرا و زوو گڕگرتووەکان دەگرێتەوە. لەمانەش ماددەکانی بۆیەکردن و مەی و بەنزین و نەوت و ئیسیتۆڵ دەگرێتەوە، کە لە ناوەڕاست بە هێمایەکی سوور جۆری ماددەکە نووسراوە لەگەڵ ژمارە ٣ لە خوارەوە و وێنەی گرافیکیی ئاگر لە سەرەوە.



ماددە گڕگرتووە ڕەقەکان دەگرێتەوە. لەمەش سێ جۆر دەگرێتەوە و بریتین لە ماددە گڕگرتووە ڕەقەکان، ماددە کیمیاییە خێرا و زوو گڕگرتووەکان، ئەو ماددانەی جێگەی مەترسین، کاتێک تەڕ دەبن یاخود بە ئاو کاریان تێدەکرێت.




ماددەی ئۆکسان دەگرێتەوە، کە بە ڕەنگی زەرد لەگەڵ ژمارەی کۆمەڵەکە جیادەکرێتەوە.



### لەبیرتبێت

**هێماکانی ورياكردنەوە لە مەترسی ماددە گڕگرتووەکان و تەقەمەنی دابەش دەكرێن بەسەر نۆ كۆمەڵە (جۆر) بەگوێرەی توخم یان جۆری ماددەکان و مەترسییەکان.**
پێویستە ئەم هێمایانە بناسیتەوە، بۆ ئەوەی بتوانیت خۆت لە مەترسییەکان دووربخەیتەوە.




ماددە ژەهراوییە خنکێنەرەکان دەگرێتەوە و بە ڕەنگی سپی هێماکانی جیادەکرێنەوە.




ماددەی تیشکدەری ناوکی دەگرێتەوە، کە بە ڕەنگی زەرد و سپی لەگەڵ بوونی لۆگۆی تیشکدەری ناوکی جیادەکرێنەوە.




ئەو ماددانە دەگرێتەوە، کە ژەنگهەڵهێنەرن، هێماکەیان ڕەنگی سپی و ڕەشی هەیە و گرافیکی هێمای ژەنگهەڵهێنەر لە سەرەوەیەتی.




ماددەی هەمەجۆری مەترسیدار دەگرێتەوە، هێمای ئەمەش بە هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی لە ناوڕاستەوە جیادەکرێنەوە یاخود هێڵی سپی و ڕەش و هێماکە لە بەشی سەرەوەدایە.



## 56 هۆڕن

ئارامبە و توانای قبووڵکردنی بەکارهێنەرانی ڕێگات هەبێت.

- بۆ ئەوە دانراوە کە سوارڕۆ، پیادە و بەکارهێنەری دیکەی ڕێگا لەبارەی مەترسییەکەوە ئاگاداربکەیتەوە.

### کەی دەتوانم هۆڕن بەکاربهێنم؟

کاتێک دەتەوێت سوارڕۆکانی دیکە ئاگاداربکەیتەوە کە زۆر لە ئۆتۆمبێلەکەت نزیکدەبنەوە.

کاتێک پێویست بێت بۆ دوورکەوتنەوە لە تووشبوون بە ڕووداو.

کاتێک بتەوێت شۆفێرێک ئاگاداربکەیتەوە سەبارەت بە ئامادەبوونی تۆ. نموونە: ئەگەر شۆفێرێک بیەوێت پێچبکاتەوە بۆ ڕێڕەوەکەی تۆ و ئەگەری تووشبوون بە ڕووداو هەبێت.

سەرەڕای ئەمانە بە مەرجێک دەتوانیت هۆڕن بەکاربهێنیت ئەگەر دەنگی هۆڕنەکە تۆنێکی ڕێکخراوی هەبێت و لەبارێت، نەبێتە مایەی بێزارکردن.




### کەی نابێت هۆڕن بەکاربهێنم؟

بۆ سڵاوکردن لە کەسێک یان شۆفێری سوارڕۆکانی دیکە، چونکە دەبێتە مایەی بێزارکردنی کەسانی دیکە و دیاردەیەکی ناشارستانییە، لەوانەیە ببێتە هۆی سەرلێشێواندنی شۆفێرانی دیکە و تووشبوون بە ڕووداو.

کاتێک شۆفێرێک دەبینیت هەڵەیەک یان سەرپێچییەک دەکات، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی زیاتر سەرلێشێواندن یان تووڕەکردن.

کاتێک شۆفێرێک زۆر لەسەرخۆ لێدەخوڕێت.

کاتێک پاسکیلسوارێک لە پێشەوە لەسەرخۆ لێدەخوڕێت، چونکە لەوانەیە بە دەنگی بەرزی هۆڕن تووشی سەرلێشێوان و ڕووداو بێت.

بۆ دەربڕینی دڵخۆشی یان تووڕەیی.

لە نزیک شوێنە گشتییەکان و نەخۆشخانە و شوێنەکانی حەوانەوەدا.

بۆ منداڵ و بەساڵاچووان و خاوەن پێداویستیی تایبەت.

لەناو تونێل و ژێر پرد و شوێنی داخراو وەک پارکی داخراوی ئۆتۆمبێل (گەراج).

بۆ ئاژەڵ.



**ئاگاداربە** هەمیشە دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکەت لە دەرەوە زیاترە بەراورد بە دەنگی لە ناوەوەی ئۆتۆمبێلەکەت.

## 57 ئاماژەکانی ئاگادارکردنەوەی بارهەڵگر



بە لای چەپدا تێپەڕە



ئاماژەیە بۆ بوونی بەربەستێک لەسەر بەشێکی ڕێگا بۆ نموونە: سوارڕۆی پاککردنەوەی شەقام و ئاودانی باخچەکان.

بە لای ڕاستدا تێپەڕە



سوارڕۆیەکی مامناوەندە لە 3.5 قورسترە





سوارڕۆیەکی درێژە (Long Vehicle)
مەقتورەی پێوەیە و لە 7.5 قورسترە



### نیشانەی سوارڕۆیەکی لەسەرخۆیە کە خێرایی لە KM/30 کەمترە.

وەک: تراکتۆر دەڕاسە





باری مەترسیداری هەڵگرتووە





### نیشانەکانی ئاگادارکردنەوە لە کارکردن لەسەر ڕێگا



# 5

# بەشەکانی ئۆتۆمبێل

58
81



# CAR PARTS



## 58 بەشە بنچینەییەکانی ئۆتۆمبێل

ئۆتۆمبێل پێداویستییەکی گرنگی مرۆڤە و هۆکارێکە بۆ ئاسانی لە گواستنەوە و هاتوچۆکردندا، بەڵام ڕۆژانە چەندین نەهامەتی ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە، بە هۆی ڕووداوەکانی پەیوەست بە ئۆتۆمبێلەوە. بەشێکی ئەم ڕووداوانە بە هۆی کەموکوری یان ناڕێکی لە بەشەکانی ئۆتۆمبێل و کوێپێنەدانی شۆفێران یاخود بە هۆی نەزانینەوە ڕوودەدەن، بۆیە تۆی شۆفێر چەندە زیاتر زانیاری و شارەزاییت لەبارەی سیستەم و بەشەکانی ئۆتۆمبێلەکەتەوە هەبێت، باشتر دەتوانیت پارێزگاری لە سەلامەتی خۆت و ئۆتۆمبێلەکە و کەسانی دیکە بکەیت، لەگەڵ درێژکردنەوەی تەمەنی ئۆتۆمبێلەکەت و کەمکردنەوەی تێچووی چاککردنەوەی.



## 59 هەیکەل

هەیکەلی ئۆتۆمبێل لە چوارچێوەیەکی بەهێز پێکهاتووە، کە سەرجەم بەشەکانی ئۆتۆمبێلی هەڵگرتووە. دوو جۆر هەیکەلی ئۆتۆمبێل هەن و ئەوانیش بریتین لە شاسی و هەیکەل.

## 60 بزوێنەر



بزوێنەر ئامێرێکە بۆ دروستکردنی جووڵە بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوەیەکی پەیداکردنی وزەی وەک سووتەمەنی بەنزین، گاز و گازوایل، وزەی کارەبا و وزەی خۆر.

بزوێنەر لە چەند بەشێکی سەرەکی پێکدێت، کە بە گشتی دابەشدەبن بەسەر بەشە وەستاو و جووڵاوەکان.

### بەشە وەستاوەکان

**Cylinder** سلندەر پێکهاتەیەکی کانزایی بەهێزە، پستنەکان لە نێویدا کاردەکەن.

**Cylinder Head** داپۆشەری سلندەر قەپاخی داپۆشەری سەرەوەی سلندەرە، ژوورەکانی سووتاندن پێکدەهێنێت.

**Oil pan** حەوزی ڕۆن بەشی ژێرەوەی بزوێنەر دادەپۆشێت و ڕۆنی بزوێنەر تێیدا کۆدەبێتەوە.

**Gasket** گاسکێت پارچە پلێتێکی کانزایی بەهێزە، لە نێوان سلندەر و داپۆشەری سلندەردا، ڕێگری دەکات لە چوونەناوەوە یان دەرچوونی شلە بۆ بەشەکانی ناوەوە و دەرەوەی بزوێنەر.

### بەشە جووڵاوەکان



- پستن Piston سەرچاوەی دروستکردنی جووڵە و هێزە، تێکەڵەی بەنزین و هەوا بۆ ئێو سلندەر رادەکێشێت.

ڕینگەکانی پستن Piston Rings چەند بازنەیەکی بە هێزی کانزایین، ڕێگری دەکەن لە چوونەناوەوەی شلە بۆ ئێو سلندەر.

ڕۆدی بەیەکەوەبەستن Connection Rod جووڵەی پستن دەگوازێتەوە بۆ کرینک شەفت.
کرینک شەفت Crankshaft جووڵەی بەرزی و نزمی پستنەکان دەگۆڕێت بۆ جووڵەی بازنەیی.

فلای وێل Fly Wheel جووڵەی بەدەستهاتوو دەگوازێتەوە بۆ کلاچ.

## 61 گێڕ و کلاچ

- گێڕ و کلاچ Transmission دوو سیستەمن بەیەکەوە بۆ ڕێکخستنی ئەو جووڵە و هێزەی لە بزوێنەرەوە بەدەستهاتووە، کاردەکەن.

گرنگترین شێواز بۆ گۆڕینی گێڕەکان بە شێوەیەکی ئاسایی، بێ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە بلەرزێت یان بکەوێتە هەمبەڵەکردن، بریتییە لە شارەزاییت لە کۆنترۆڵکردنی کلاچدا، کە لە سەرەتای وانە پراکتیکییەکاندا ڕاهێنان لەسەریان ئەنجام دەدەیت.

تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردنی ئەم دوو بەشە بنچینەییە پێویستە، بۆ ئەوەی بتوانیت بە باشی کۆنترۆڵیان بکەیت.

پێویستە ڕاهێنانی تەواو ئەنجام بدەیت تاوەکوو بە تەواوەتی شارەزا دەبیت، چونکە نەبوونی کۆنترۆڵی تەواوەتی بەسەر کلاچ و گێڕدا کاریگەری لەسەر لێخوڕین دەبێت و لەوانەیە ڕووبەڕووی مەترسی ببیتەوە.

لەگەر ئۆتۆمبێلەکەت لە جۆری گێری خۆکەر(ئۆتۆماتیک) بێت، ئەوا گێڕەکان بە شێوەیەکی خۆکەری (ئۆتۆماتیکی) لە نزم بۆ بەرز و بە پێچەوانەوە دەگۆڕێن.



## 62 گێڕ

سیستەمێکی میکانیکیە، ئەو هێزەی بۆ بزوێنەر دەگوازرێتەوە، لە ڕێگەی سندووقی گێڕ و دەسکی گێڕەوە دیاری دەکات.

**باوترین جۆرەکانی سیستەمی گێڕی ئۆتۆمبێل:**

- گێڕی دەستی
- گێڕی خۆکار (ئۆتۆماتیک)
- گێڕی نیمچە خۆکار (نیمچە ئۆتۆماتیک)



**1 گێڕی دەستی:** لەو ئۆتۆمبێلانەی بەم جۆرە سیستەمە کاردەکەن، لە ڕێگەی پایدەری کلاچ و دەسکی گێڕەوە گۆڕینی گێڕەکان تێیاندا ئەنجامدەدرێت، واتا گۆڕینی گێڕەکە دەکەوێتە سەر شۆفێر، ئەمەش بە گێڕ-عادی ناسراوە.

هەروەک لە ناوەکەی «گێڕی دەستی» دا دەردەکەوێت، زیادکردن و کەمکردنەوەی گێڕەکان بە هۆی گێڕ وکلاچەوە ئەنجامدەدرێت.

زۆربەی ئۆتۆمبێلە تازەکان پێنج یان شەش پلە لەگەڵ گێڕی یەک لە سیستەمی گێڕەکانیاندا هەن.

ژمارەی گێڕەکان یان پلەکان لەسەر دەسکی گێڕەکە نووسراون.

بە هۆی ژمارەی گێڕەکان خێرایی دیاری دەکرێت.

سەرەتای دەستکردن بە لێخوڕین بە «گێڕی یەک» دەبێت.

پێت بخەرە سەر پایدەری کلاچ و بە تەواوەتی پێی پێدابنێ بەمەش کلاچەکە دەکەوێتەکار و بزوێنەر و گێڕەکە لە یەکتر جیادەبنەوە.

هەتاوەکوو ژمارەی گێڕ گەورەتر بێت، خێرایی زیاتر دەبێت، بەڵام هێز کەمدەبێتەوە. بۆیە، لە کاتی سەرکەوتن بەسەر هەورازدا گێڕی نزم بەکاردەهێنرێت.



## 63 چۆن پارێزگاری لە گێڕی ئۆتۆمبێلەکەت دەکەیت؟












- بۆ ئەوەی تەمەنی گێڕەکە زیاتر بێت:

به شێوەیەکی گونجاو و بەریزبەندی گێڕەکان بگۆڕە.
بۆ ئەوەی خێرایییت لەگەڵ ژمارەی گێڕەکاندا گونجاوبێت و کەمترین سووتەمەنی بەکاربهێنێت: ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەت مۆدێلی تازە بێت، ئەم شێوازە رەچاو بکە.

هەر کە ئۆتۆمبێلەکە کەوتە جووڵەکردن (بە مەرجێک لە 1200 RPM خولانەوە کەمتر نەبێت)، دەستبەجێ گێڕی یەک بگۆڕە بۆ دوو.

لە 30 کم/کاتژمێر بۆ سەرەوە بیگۆڕە بۆ گێڕی 3
لە 40 کم/کاتژمێر بۆ سەرەوە بیگۆڕە بۆ گێڕی 4
لە 50 کم/کاتژمێر بۆ سەرەوە بیگۆڕە بۆ گێڕی 5

کاتێک خێرایی پیشاندەری کرینک شەفت RPM دەکاتە 1200 بۆ 2500 گێڕەکان بگۆڕە.

**تێبینی**

لە کاتی لێخوڕیندا پێویست بێت لە پڕ ئۆتۆمبێلەکە بوەستێنیت، دەتوانیت راستەوخۆ گێڕەکە بۆ نزمترین دابەزێنیت، بێ لەبەرچاوگرتنی ریزبەندی گێڕەکان. پاش خێرایی کەمکردنەوە.

پشکنین بۆ رۆنی گێڕەکە بکە و دڵنیابە لە پاکی و پڕەکەی.
لە کاتی بوونی دەنگ لە نێو گێڕەکەدا، بە زووترین کات پشکنینی بۆ بکە.
ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە گێڕ-خۆکەر (ئۆتۆماتیک) بێت، هەمیشە بەر لە داگیرساندن، گێڕەکە لەسەر P یان N رابگرە.
شێوازی دروست و سەلامەت پەیڕەو بکە لە کاتی دەستگرتن بە دەسکی گێڕەکە و هەڵبژاردنی گێڕی پێویست.
هەڵبژاردنی گێڕی هەڵە لە کاتی لێخوڕیندا لەوانەیە ببێتە هۆی لەوەی کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکەت لەدەستبدەیت.
دانانی دەست لەسەر گێڕ لە کاتی لێخوڕین گونجاو نییە، چونکە بەتوندی لێستۆیکردن گێڕەکە دەخاتە سەر بۆش **N** **Neutral**.

### لایەنە باش و خراپەکانی ئەم سیستەمە چین؟

- 👍 هێزی زۆر دەدات بە ئۆتۆمبێل.
- 👍 ئاسان و هەرزانە بۆ چاککردنەوە.
- 👍 مەترسی کەمترە لە کاتی هاتنەخوارەوە لە گرد و ڕێگای خلیسک.
- 👍 ئۆتۆمبێلەکە سووتەمەنی کەمتر بەکاردەهێنێت، ئەگەر بە دروستی بەکاربهێندرێت.
- 👎 فێربوونی گرانە و ڕاهێنانی زۆری دەوێت.
- 👎 فشار (پەستانی) زۆری لەسەر دروستبکرێت، لەوانەیە ببێتە هۆی لەکارکەوتنی کلاچەکە.
- 👎 لە ڕێگا قەرەباڵغەکان بۆ لێخوڕین ماندووکەرە.

## 2 گێڕی خۆگەڕ (ئۆتۆماتیک)



بۆ زیادکردن و کەمکردنەوەی گێڕ پێویستی بە کلاچکردن و دەستی شۆفێر نییە.
بە شێوەیەکی خۆکەڕ گۆڕینی گێڕەکان لە نێو سندووقی گێڕدا ئەنجامدەدرێت.
چەند پیتێک ئاماژە بۆ جۆری گێڕەکە دەکەن، کە لەگەڵ دەسکی گێڕەکە پیشاندەدرێن:

پارککردن **Park** Ⓟ بۆش **Neutral** Ⓝ لێخوڕین **Drive** Ⓓ بەک **Reverse** Ⓡ

هەڵبژاردنی گێڕەکان بەگوێرەی خێرایی لێخوڕین، خێرایی بزوێنەر و توانای مانۆڕی ئۆتۆمبێلەکە بە شێوەیەکی خۆکەڕی ئەنجامدەدرێت.

### لایەنە باش و خراپەکانی ئەم سیستەمە چین؟

- 👍 زۆر ئاسانە بۆ بەکارهێنان.
- 👍 لە زۆربەی جۆرە تازەکاندا توانا و کێشەی خەرجییەکانی سووتەمەنی چارەسەرکراوە.
- 👎 ئاڵۆزە و ئەگەری لەکارکەوتنی زۆرە.
- 👎 تێچووی چاککردنەوەی زۆرە.

## 3 گێڕی نیمچە خۆگەڕ:




- سیستەمێکە هەردوو جۆرەکەی تێدایە، لە بەشێک لەو ئۆتۆمبێلانەدا هەیە کە وەرزشین و زیاتر لە بارهەڵگر و ئامێرە گەورەکانی گواستنەوەدا بەکاردەهێنرێت.

- ئەگەر شێوەی گونجاو بۆ گرتنی گێڕ پەیڕەونەکەیت، زۆر بە ئاسانی لەوانەیە هەڵە لە گێڕ گۆڕین بکەیت.

- باشترین شێواز بۆ گۆڕینی گێڕەکان ئەوەیە، بە توندی گێڕەکە بگریت و بە لەپی دەست پاڵییتەوەبنێیت.

- خۆت شارەزا بکە لەو هێڵکارییەی کە لەسەر دەسکی گێڕەکە بۆ دیاریکردنی گێڕەکان کێشراوە؛ لە کاتی لێخوڕیندا دەرفەتی ئەوە نییە تەماشای بکەیت.

- ئەو بۆشاییەی نێوان گێڕەکان وا دەکات بە ئاسانی گێڕەکە لە یەکێکەوە بۆ ئەوەی دیکە بگۆڕێت.



## 64 کلاچ

- ئامێرێکی میکانیکییە لە نێوان بزوێنەر و گێڕدا. وەک لە سەرەوە باسکرا ئەرکی سەرەکی بریتییە لە گۆڕینی گێڕەکان. بە واتایەکی دیکە ئەرکی بریتییە لە گواستنەوەی جووڵەی بزوێنەر بۆ گێڕ.



- **چۆن کاردەکات؟** لە ڕێگای پایەدری کلاچەوە، کاتێک پێ دەخەیتە سەر پایەدرەکە، بزوێنەر لە گێڕ جیادەبێتەوە و جووڵەی پێناکات.



**کەی دەبێت کلاچ بەکاربهێنیت؟**

- کاتێک ئۆتۆمبێلەکەت دادەگیرسێنیت.
- کاتێک گێڕەکان دەگۆڕیت.
- کاتێک ئۆتۆمبێلەکەت دەوەستێنیت.

## 65 سیستەمی ئاراستەکردن Steering System



سیستەمی ئاراستەکردن Steering System سیستەمێکە بۆ دیاریکردنی ئاراستەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لە ڕێگەی سوکانەوە، کە بە ویلەکانی پێشەوە بەستراوە.

سیستەمی بەهێزکردن Power Steering سیستەمێکە یارمەتی شۆفێر دەدات هێزی کەمتر بۆ سووڕاندنەوەی سوکان بەکاربهێنێت.

جۆرەکانی سیستەمی ئاراستەکردن بریتین لە:



1 هایدرۆلیکی: سیستەمێکە بە هایدرۆلیک کاردەکات؛ لەم جۆرەدا سیستەمی هێزی سووڕانەوە بە قایشێک لە بزوێنەری ئۆتۆمبیلەکە بەستراوە، بۆ دروستکردنی فشاری (پەستانی) هایدرۆلیکی. بەمەش سیستەمەکە بەشێک لە هێزی بزوێنەرەکە بۆ کارپێکردنی خۆی کەمدەکاتەوە. ئەم جۆرەیان سەرەتاییترینیانە.

2 ئەلیکترۆ-هایدرۆلیک سیستەم: بە هایبرید ناودەبرێت. لەم جۆرەدا فشاری هایدرۆلیکی لە ڕێگەی ماتۆڕێکی کارەباییەوە دروستدەبێت، وەک لەوەی بە قایش لە بزوێنەرەوە وەربگیرێت.



3 کارەبایی: ناوی هێزی یارمەتیدەری کارەبایی سوکانی Electric Power Assisted Steering ی لێنراوە. ئەم جۆرەیان بەتەواوی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی و کارەباییە و کۆمپیوتەری ئۆتۆمبێلەکە خۆی سیستەمەکە کۆنترۆڵ دەکات. ئەمیان بە نەرمترین و سووکترین سیستەمی هێزی سووڕانەوە دادەنرێت.

# 66 سوکان







- سوکان سیستەمێکە بۆ سووڕانەوە و دیاریکردنی ئاراستەی سوارڕێ.

هەرچەندە تەنیا یەک شێوازی دروست نییە بۆ سوکانگرتن و کۆنترۆڵکردنی ئاراستە، بەڵام پێویستە باشترین ئەو شێوازانە پەیڕەوبکەیت بۆ خۆ لادان لە مەترسی.

ئاوێنەکان و کوشنەکەت بەو شێوازەی لە سەرەوە خراوەتەڕوو ڕێکبخە.

بەرزی سوکانەکەت بە دەسکی ڕێکخستن لە ژێر سوکانەکەوە ڕێکبخە.

ئەگەر سوکانەکەت بە باشی ڕێکخستبێت، دەتوانیت بە باشی پیشاندەرەکانی ناو داشبۆرد و پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە ببینیت.

دەبێت بەشی سەرەوەی سوکانەکە نزمتر بێت لە شانت و فشار نەکەوێتە سەر قۆڵەکان و چەمانەوەی گونجاو لە نێوانیاندا هەبێت.

!

- پێویستە شۆفێر سوکانی ئۆتۆمبێلەکەی بە دوو دەست و بە شێوەیەکی دروست بگرێت و ئامادە بێت بۆ هەر ڕووداوێکی لەناکاو.
- بە یەک دەست سوکان گرتن بینینی هێما و پێوەرەکانی ناو داشبۆرد لە شۆفێر دەشارێتەوە.
- دەست خستنەسەر ئێرباگی سوکان یان داشبۆرد مەترسیدارە، چونکە لە کاتی تەقینی ئێرباگەکە دەست دەشکێنێت و بە زەبرێکی زۆر بەهێز بە ڕووخساری شۆفێرەکەی دەداتەوە.
- بە هەمان شێوە قاچ خستنەسەر ئێرباگ مەترسیدارە، چونکە لە کاتی تەقینیدا قاچ و ڕان و حەوز و تا ئاستی بڕبڕەکانی پشت زیانیان بەردەکەوێت.






سوکانەکە وەک کاتژمێرێک ببینە: دەستەکانت بخەرە سەر شوێنی کاتژمێرەکانی 9 و 3.

بە پەنجەکانت دەتوانیت بە ئاسانی گلۆپ دابگیرسێنیت و کار بە فلچە و لایتەکان بکەیت.

شێوازی دەستگرتن لە شوێنی کاتژمێرەکانی 10 و 2 گونجاوترە بۆ ئۆتۆمبێلە مۆدێل کۆنەکان یاخود ئەو ئۆتۆمبێلانەی سوکانیان گەورەیە.

پەنجەی گەورە بە شێوەیەکی دروست لەسەر سوکانەکە جێگیر بکە.

بۆ پێچکردنەوە سەختەکان و سووڕانەوە، شێوازی دەست لەسەر دەست بەکاربهێنە.

دەستگرتن بەم شێوەیە وا دەکات لە کاتی لێخوڕیندا هەست بە ئاسوودەیی بکەیت و لە کاتی ڕووداویشدا مەترسییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە.



ڕاهێنان بکە، بۆ ئەوەی بتوانیت سوکانەکە بە یەک دەست و بە باشی کۆنتڕۆڵ بکەیت، لەو کاتانەدا کە دەستدەکەیت بە گێڕ گۆڕین یاخود لە کاتی لێخوڕیندا بۆ دواوە.

زۆربەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئێستا دروستدەکرێن، سیستەمی بەهێزکەری سوکانیان هەیە، کە بە پاوەر ناسراوە. سیستەمەکە خولاندنەوەی سوکانەکە ئاسانتر دەکات.

ئەگەر نەتوانی بە ئاسانی سوکانەکە بجووڵێنیت (جووڵەی پێبکەیت)، پێویستە دەستبەجێ پشکنینی بۆ بکەیت، چونکە لەوانەیە لێچوون لە هایدرۆلیکی سیستەمەکەدا هەبێت یان (هەر کێشەیەکی دیکە).
لە کاتی خولاندنەوەی سوکانەکەدا، دەبێت بۆشیی لە سوکانەکەدا 5cm زیاتر نەبێت.

ڕێنمای هاتوچۆ

## 67 سیستەمی وەستێنەرەکان:



سیستەمێکە بۆ کەمکردنەوەی خێرایی و وەستاندن و جێگیرکردنی ئۆتۆمبێل بەکار دەهێنرێت.

پێکدێت لە وەستێنەرەکان (ئیستۆپ) و سیستەمی جێگیرکردن (برێک).



دوو جۆر وەستێنەر هەن: دیسک و تاس.



دەکرێت بە چەند سیستەمێک کاریان پێبکرێت وەک:

- سیستەمی هایدرۆلیکی
- سیستەمی هەوایی
- سیستەمی ئوتۆماتیکی کارەبایی
- سیستەمی میکانیکی



زۆربەی سیستەمەکان دەکرێت بە سیستەمی دیکەی بەهێزکەر هاوکاری بکرێن.

### سیستەمی دژەقوفڵبوون:

Anti-lock Braking System یان سیستەمی دژە خلیسکان، سیستەمێکی دڵنیایی ئۆتۆمبێلە لە کاتی ئیستۆپکردندا تایەکان لە قوفڵبوون یاخود لە خلیسکان دەپارێزێت.

لە کاتی ئیستۆپکردندا سیستەمەکە کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێل زیاد دەکات و ماوەی وەستانی لە کاتی ڕۆیشتنیدا کەمدەکاتەوە؛ ئەگەر لەسەر ڕووبەکی وشک یان خلیسک بێت، بەڵام لەسەر ڕووبەکی بەستوو یان قیرتەکراودا ماوەی وەستانەکەی زیاتر دەبێت و کۆنترۆڵکردنێکی زیاتر بە ئۆتۆمبێلەکە دەبەخشێت.



لە کاتی بوونی هەر کێشەیەک لەم سیستەمەدا، هێمای سیستەمی دژەقوفڵبوون ABS بە ڕەنگی پرتەقاڵی زەردباو لە داشبۆردی ئۆتۆمبێلەکەدا دادەگیرسێت.

### (هاندبرێک):



بۆ هێشتنەوەی ئۆتۆمبێل بە جێگیری لە کاتی وەستاندا بە دەسکی وەستێنەر (برێک) بەکار دەهێندرێت. تێبینی: برێکی قاچ و دووگمەش هەیە، کە هەمان کاردەکەن بە برێکی ئەمێرجنسی (EMERGENCY) ناو دەبرێت.

## 68 سیستەمی سووتەمەنی:



سیستەمی هەڵگرتن و گواستنەوە و تێکەڵکردنی سووتەمەنی و هەوایە بۆ بزوێنەر.
لە تانکی بەنزینەوە بە پەمپی سووتەمەنی (فیول پەمپ) پاڵ بە سووتەمەنییەوە دەنێت بۆ فلتەری پاڵاوتن و پاشان بۆ سەر نۆزڵەکان تاوەکوو دەگاتە دەرزیلەکانی پرژاندن.

## 69 سیستەمی کارەبایی:



وزەی کارەبای پێویست بۆ بەشە سەرەکی و لاوەکییەکانی ئۆتۆمبێل دابین دەکات، وەک گەیاندنی وزە بۆ داگیرساندنی بزوێنەر، گڵۆپەکانی (لایتەکانی) ڕووناکی و هێماکان و زۆربەی سیستەمەکانی دیکە.
پێکدێت لە:

- پاتری ▪ سلف ▪ کۆیل ▪ دایەمۆ ▪ دیلکۆ ▪ پلاگەکان

کاتێک سویچی ئۆتۆمبێل دەخولێنینەوە (سلف لێدەدەیت)، پاتری وزەی پێویست بۆ داگیرساندنی بزوێنەر دەنێرێت؛ لە ڕێگەی بەستنەوەی بە بزوێنەرەوە، دایەمۆ وزەی کارەبا بۆ بەشەکانی ئۆتۆمبێلەکە دابین دەکات.

کۆیل: تەزووی پاتری بەرزدەکاتەوە تاوەکوو بتوانێت بزوێنەرەکە دابگیرسێنێت.

دیلکۆ: دابەشکردنی کارەبای بەدەستهاتوو ڕێکدەخات.

## 70 سیستەمی هەوا:



هەوای پێویست بۆ بزوێنەر دابین دەکات، بۆ ئەوەی سووتان لە نێو ژوورەکانی سووتاندا ڕووبدات.

پێکدێت لە: شووتە بۆ ڕاکێشانی هەوا، فلتەری هەوا بۆ پاڵاوتن و پاککردنەوەی، هەستەوەری پێوانەکردنی تەوژمی هەوا Air Flow، دکشنی سارد، وەلف Valve بۆ کردنەوە و داخستنی ڕێڕەوەکانی تێکەڵکردنی سووتەمەنی و دەرچوونی دووکەڵ.

لە ئۆتۆمبێلە کۆنەکاندا کاربرێتە Carburetor بەکار دەهات کە ئامێرێکە بۆ تێکەڵکردنی سووتەمەنی و هەوا.

## 71 سیستەمی دەرکردنی دووکەڵ:



- ناو سلندەرەکان لە دووکەڵ و پاشماوەکانی سووتاندن پاکدەکاتەوە. سیستەمی دەرکردنی دووکەڵ پێکدێت لە:
  - کۆکەرەوەی دووکەڵ لەسەر بزوێنەر (دکشنی گەرم)
  - ئەگزۆ کە لە ڕێگەیەوە دووکەڵ دەکرێتە دەرەوە.
  - (دەستدەکات بە پاککردنەوە و کەمکردنەوەی کاریگەری گازە ژەهراوییەکان)
  - ئامێری بێدەنگکردن (ساڵەنسا).

## 72 سیستەمی ساردکردنەوە:



- ئەرکی ساردکردنەوەی بزوێنەرە و پارێزگاریکردنە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆن تاوەکوو بتوانرێت بۆ ماوەیەکی زیاتر کاری پێبکرێت. سیستەمی ساردکردنەوە پێکدێت لە:
  - ڕادیێتەر
  - ترۆمپای ئاو
  - دەبۆی ئاو
  - ڕێکخەری گەرمی (وەلفی حەماوە)
  - پانکە
  - سۆندەی ئاو (جاین)
  - گەرمپێتو



## 73 سیستەمی چەورکردن:




- بەشە جووڵاوەکانی بزوێنەر چەور دەکات لەگەڵ کەمکردنەوەی دەنگی لێکخشانی بەشەکانی ناو بزوێنەر لەگەڵ پاککردنەوە و پاراستنی ناوەوەی بزوێنەر و ساردکردنەوەی. گرنگترین بەشەکانی بریتین لە:
  - حەوزی ڕۆن
  - پەمپی ڕۆن
  - فلتەر
  - شوڵی پێوانەکردن (شیشی ڕۆن)

## 74 تێگەیشتن لە کۆد و هێماکانی سەر تایە

- تایەکان بەشێکی هەرە گرنگن لە ئۆتۆمبێلدا کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سەلامەتی و توانای لێخوڕین دروست دەکەن. هەڵبژاردنی تایەی شیاو بۆ ئۆتۆمبێلەکەت زۆر گرنگە بۆیە دەبێت چەند زانیارییەک لەبارەیەوە بزانیت. سەرجەم ئەو زانیاریانەی پێویستن لەبارەی تایەوە پیناترانیت بە کۆد و هێما لەسەر تەنیشتەکانی تایەکە نووسراون.




دڵنیابە کە تەمەنی تایە لە دوو ساڵ زیاتر نییە. بۆ پاس و بارهەڵگری گەورە لە ٢٠ مانگ زیاتر نییە

بۆ سەلامەتی، کێشی زیاد لە توانای دیاریکراو هەڵمەگرە

بۆ گۆڕینی قەبارەی تایە بگەڕێوە بۆ کتێبی ڕێنمایی سوارۆکەت، ئەوەی دیاری کراوە

بەئەندازەی دیاریکراو هەوای تایەکانی سوارۆکەت ڕێکبخە

### توانای هەڵگرتنی قورسایی بۆ هەر تایەیەک

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 106 | 950 | 92 | 630 | 78 | 425 | 64 | 280 | 50 | 190 |
| 107 | 975 | 93 | 650 | 79 | 437 | 65 | 290 | 51 | 195 |
| 108 | 1000 | 94 | 670 | 80 | 450 | 66 | 300 | 52 | 200 |
| 109 | 1030 | 95 | 690 | 81 | 462 | 67 | 307 | 53 | 206 |
| 110 | 1060 | 96 | 710 | 82 | 475 | 68 | 315 | 54 | 212 |
| 111 | 1090 | 97 | 730 | 83 | 487 | 69 | 325 | 55 | 218 |
| 112 | 1120 | 98 | 750 | 84 | 500 | 70 | 335 | 56 | 224 |
| 113 | 1150 | 99 | 775 | 85 | 515 | 71 | 345 | 57 | 230 |
| 114 | 1180 | 100 | 800 | 86 | 530 | 72 | 355 | 58 | 236 |
| 115 | 1215 | 101 | 825 | 87 | 545 | 73 | 365 | 59 | 243 |
| 116 | 1250 | 102 | 850 | 88 | 560 | 74 | 375 | 60 | 250 |
| 117 | 1285 | 103 | 875 | 89 | 580 | 75 | 387 | 61 | 257 |
| 118 | 1320 | 104 | 900 | 90 | 600 | 76 | 400 | 62 | 265 |
| 119 | 1360 | 105 | 925 | 91 | 615 | 77 | 412 | 63 | 272 |
| 120 | 1400 | | | | | | | | |

تەنیا بوونی تایەیەکی کوالیتی بەرز بەس نییە بۆ ئەوەی بەوپەڕی خێرایی لێبخوڕیت، خێرایی ڕێگەپێدراو لە شەقام و باروودۆخی سەر ڕێگاکان بڕیار لەسەر خێرایی دەدەن.

### کۆدی ئەوپەڕی خێرایی بەرامبەر جۆری تایە

| ئەوپەڕی خێرایی KM / کاتژمێر | 120 | 130 | 140 | 150 | 160 | 170 | 180 | 190 | 200 | 210 | 240 | 270 | 300 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆدی خێرایی | L | M | N | P | Q | R | S | T | U | H | V | W | Y |

# 75 گرفتەکانی تایە و چارەسەرەکانیان



جۆری تایە بۆ جۆری ڕێگا بەپێی جۆری ئۆتۆمبێل دەگۆڕێت، بۆ دیاریکردنی تایەی گونجاو بۆ سوارۆکەت بگەڕێوە بۆ ڕێبەری ئۆتۆمبێلەکەت.





- تایەی یەدەگ (سپێر) تەنیا بۆ گەیشتنی سوارۆکەت بە نزیکترین پەنچەرچی بەکاربهێنە



- دەبێت هەموو تایەکانی ئۆتۆمبێل لە یەک جۆربن یاخود بە لایەنی کەمەوە دووانی پێشەوە لە یەک جۆربن و دووانی دواوە لە یەک جۆربن.

- نابێت قووڵی تەخشی سەر تایەکان لە 1.6 ملم کەمتر بێت، یان دەبێت پێوەری بۆ دانرابێت.





- پەستانی هەوای ناو تایەکان دەبێت بە پێوەری هەوا (گێج) ڕێکخرابن و هەموویان لە یەک ئاستدا بن.



## چۆنیەتی گۆڕینی تایە



- گۆڕینی تایە کارێکە دەبێت هەموو شۆفێرێک بتوانێت ئەنجامی بدات، بەڵام زۆر گرنگە بتوانێت بە سەلامەتی ئەنجامی بدات.



پێش دەستکردن بە **گۆڕینی تایە** لە بیرت بێت:

- لە شوێنێکدا تایە نەگۆڕیت کە بزانیت مەترسی بۆ سەر ژیانت دروست دەبێت بە هۆی قەرەباڵغی و هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکانەوە.
- لایتەکانی ورياکردنەوە لە مەترسی-چواری (فلاشەر) دابگیرسێنە ئەگەر پێویست بێت.
- سێگۆشەی فسفۆر لە دووری گونجاو دابنێ بۆ ورياکردنەوەی شۆفێرانی دیکە.
- دڵنیابە لەوەی تایەی یەدەگ شیاو بێت بۆ بەکارهێنان و بە پەستانی گونجاوی هەوا پڕکرابێت.
- پێویستە تایەی یەدەگ تەنیا بۆ گەیشتن بە شوێنی خزمەتگوزاری چاکردنەوە بێت و بۆ ماوەیەکی زۆر بەکارنەهێندرێت.
- کۆد و هێماکانی سەر تایە یەدەگەکە بخوێنەوە و ئاگاداری تایبەتمەندییەکانی بە.





### هەنگاوەکان:

- ئۆتۆمبێلەکە لە شوێنێکی تەخت پارک بکە.
- برێک کارا بکە و گێرەکە بخەرە سەر یەک یان P.
- ڕاگر بۆ تایەکان دابنێ ئەگەر بتەوێت زیاتر دڵنیابیت لە جووڵەنەکردنیان.
- سەرجەم پێداویستییەکان لە سندووقی ئۆتۆمبێل دەربهێنە پێش داناتی جەک.
- بورغووەکانی ئەو تایەی پێویستە بیگۆڕیت شلبکەرەوە.
- بەرزکەرەوە (جەک)ەکە لەسەر خاڵی بەرزکردنەوە جێگیر بکە
- ئۆتۆمبێلەکە تا ئاستێکی گونجاو بەرزبکەرەوە.
- تایە یەدەگەکە بخەرە ناو ویلەکەوە و هەموو بورغووەکان ببەستەوە.
- ئۆتۆمبێلەکە نزمبکەرەوە بۆ سەر زەوی و بورغووەکان بە یەکسانی توند بکە.
- باشتر وایە تایەی سپێر لە تەنیشتی جەک و لە ژێر ئۆتۆمبێلەکە بێت بۆ سەلامەتی تا کارت بە جەک نامێنێت.

## 77 دابەزینی بارگەی پاتری و دانەگیرسانی ئۆتۆمبێل





■ دانەگیرسانی ئۆتۆمبێل لەوانەیە بە هۆی دابەزینی وزەی پاتری بێت، بۆیە هەندێک جار لەوانەیە پێویستیت بە داگیرساندنی ئۆتۆمبێلەکە بێت بە سوودوەرگرتن لە پاترییەکی دەرەکی و وایەری چەتاڵکردن و بەستنەوەی بە ئۆتۆمبێلێکی دیکە.

- پێش ئەوەی کێبڵەکان بخەیتە سەر پاترییەکە، دڵنیابە هەردوو ئۆتۆمبێلەکە لەباری ئیشکردندا نەبن.
- دڵنیابە سەرجەم بەشە کارەباییەکان کوژابنەوە.
- هەردوو جەمسەری + گەرمی بە کێبڵی گەرمی بە یەک بگەیەنە.
- جەمسەرێکی − سارد بگەیەنە بە بارگەی − لەسەر پاترییەکە و جەمسەرەکەی دیکە بە بەشێکی کانزایی ئۆتۆمبێلەکەوە ببەستە.
- ئۆتۆمبێلەکە ئاسایی دایگیرسێنە بۆ ماوەی چەند خولەکێک، دوای داگیرساندنی ئۆتۆمبێلەکە جەمسەرەکانی کێبڵەکەی لێ بکەرەوە.
- بۆ دڵنیابوون لە دەستنەدانی بارگەی پاتری ئۆتۆمبێلەکەت، ئەگەر بەوێت بۆ ماوەی زیاتر لە 15 ڕۆژ کار بە ئۆتۆمبێلەکە نەکەیت، جەمسەرەکان لەسەر پاترییەکە لابدە.

### هۆکارەکانی دابەزینی بارگەی پاتری:

- کارکردن بە ئامێرە کارەباییەکان بێ ئەوەی بزوێنەرەکە داگیرسابێت.
- بوونی کێشە لە سیستەمی کارەبایی ئۆتۆمبێلەکە.
- بوونی کێشە لە داینەمۆی ئۆتۆمبێلەکە.
- شلبوونەوەی جەمسەرەکانی پاتری.
- لاوازبوون یان تەواوبوونی تەمەنی پاتری یاخود هەڵبژاردنی پاتری نەگونجاو.

**ئاگاداربە**

شلەی ناو پاترییەکە پێکهاتەیەکی ترشەلۆکی بەهێز و ژەهراوییە، هەر کاتێک بەر پێست بکەوێت دەبێت دەستبەجێ پاکبکرێتەوە.

**تێبینی**

بۆ جیاکردنەوەی جەمسەری + گەرمی و جەمسەری − سارد، تەماشای هەردوو سەری پاترییەکە بکە، هەمیشە جەمسەری + لەسەر پاترییەکە گەورەترە، هەروەها کێبڵی بارگەی + ڕەنگی سوورە.





# 78 سیستەمی ڕووناکی




لە سەرجەم ڕووناکییەکانی پێشەوە و دواوەی پێکدێت. دڵنیابە لەوەی سەرجەم گڵۆپەکانی یان ڕووناکییەکانی پێشەوە و دواوەی سوارۆکەت کاردەکەن و سەرجەمیان گرنگی خۆیان هەیە و لە خوارەوەش ئاماژەی بۆ کراوە:

بەکارهێنانی ڕووناکی سەکن:
❶ پێش خۆر ئاوابوون ❷ پێش خۆر هەڵاتن ❸ بە ڕۆژ لە کاتی هەور و بەفر و باران و خۆڵبارین.

بەکارهێنانی ڕووناکی نزم:
❶ شەو ❷ لە گەراجی داخراودا ❸ لە تونێل ❹ هەرکات تاریک بوو.

بەکارهێنانی ڕووناکی بەرز (فوول):
❶ لە شەودا کاتێک لێخوڕ لە پێش یان بەرامبەر نیيە بە دووری نزیکەی ٢٠٠ مەتر ❷ بۆ ئاگادارکردنەوە بە (ڕەماش).

بەکارهێنانی هێما:
بەر لەوەی هەر جوولەیەکی نوێ بکەیت پێویستە بەکارهێنەرانی ڕێگا ئاگادار بکەیتەوە
❶ دەستکردن بە لێخوڕین ❷ پێچکردنەوە ❸ گۆڕینی سایدە ❹ تێپەڕاندن ❺ وەستان (لادان).

بەکارهێنانی هێما چواری (فلاش):
❶ وەستانی لەناکاو ❷ بوونی مەترسی ❸ پەککەوتن.

بەکارهێنانی ڕووناکی بلاجکتۆر:
❶ تەم ❷ بەفر ❸ باران ❹ خۆڵبارین

بەکارهێنانی لایتی تەم:
❶ تەم ❷ بەفر ❸ باران ❹ خۆڵبارین

بەشێک لە ئۆتۆمبێلەکان خاوەنی لایتی زیرەکن بۆیە ئەگەر لەسەر سیستەمی (**Auto**) دابنرێن بەپێی کەشوهەوا و بارودۆخە جیاجیاکان لایتەکە خۆی دەگونجێنێت.




ڕێنیوی هاتوچۆ

# 79 پەککەوتن

❶ دەبێت شۆفێری ئەو سوارڕۆیەی پەکیدەکەوێت یان خەریکە پەکیدەکەوێت، سوودوەربگرێت لە بەردەوامی جووڵەی سوارڕۆکە بۆ دەرچوون لە ڕێگاکە بۆ ڕێڕەوی ناچاری و داگیرساندنی لایتی چواری (فلاش)، یان دانانی سێگۆشەی فسفۆری ورياکردنەوە لە دوورییەک کەمتر نەبێت لە (**50**) مەتر لە ڕێگا خێرا کان و لە دەرەوەی شارەکان و لە دوورییەکی گونجاو لەناو شارەکاندا.

❷ نابێت هیچ سوارڕۆیەک لە دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوون بۆ ڕاکێشانی سوارڕۆیەکی دیکەی پەککەوتوو بەکاربهێندرێت، کە تایبەت نەبێت بە هەڵگرتنی سوارڕۆی پەککەوتوو.

❸ لێخوڕینی هەر سوارڕۆیەک پانتاییەکەی لە 2.5m زیاتر بێت، لەسەر ڕێگا خێراکان قەدەغەیە، مەگەر لە لایەن ئۆتۆمبێلی هاتوچۆوە بۆ ئاراستەکردن و ئاگادارکردنەوەی سوارڕۆکانی دیکە ڕێنماییکرابێت.

**ئەگەر پەککەوتن لە دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوون ڕوویدا، دەبێت فلاتی تایبەت ئۆتۆمبێلەکەت بگوێزیتەوە.**
**ئەگەر پەککەوتن لەناو شاردا بێت، دەتوانیت بە ڕاکێشان ئۆتۆمبێلەکەت بگوێزیتەوە بەڵام مەترسیدارە.**



**لەبیرتبێت**
لە کاتی ڕاکێشاندا:

1. دەبێت هەردوو شۆفێرەکە خاوەنی مۆڵەتی شۆفێریی بن.
2. دەبێت درێژی کێبڵ (حبل)ەکە گونجاو بێت و لە ناوەندیدا هێمایەکی پێوە بێت
3. کێبڵەکە پشکنە و دڵنیابە لە نەبوونی مەترسی پچڕان.
4. پێویستە هێمای ورياکردنەوە لە مەترسی (چواری) داگیرسێنیت.
5. نابێت خێرایی لێخوڕین لە 30 کم/کاتژمێر زیاتر بێت.



## 80 هێماکانی نێو داشبۆرد






▪ داگیرسانی هەر هێمایەک لە داشبۆردی ئۆتۆمبێل پەیامێکی مەترسی یان ئاگادارکردنەوە یان زانیاری تێدانە، بۆیە تێگەیشتن لە هێماکان و ئەنجامدانی کاری پێویست گرنگە و پشتگوێخستنیان دەبێتە هۆی مەترسی.

▪ بەشێک لە هێماکانی نێو داشبۆرد لە شێوەی وێنەن، یان نووسین، یان کۆد، بەشێک لە کۆدەکانیش لە ئەنجامی بوونی کێشە لە سێنسەرەکانی ئۆتۆمبێل دەردەکەون لە دوای پشکنین هۆکارەکانی داگیرسانیان لەناو داشبۆردی ئۆتۆمبێل دیاری دەکرێن. کۆدەکانیش لە **P0100** بۆ **P0300** لەناو داشبۆرد خۆیان پیشاندەدەن.

**تێبینی**

هێماکان بە چەند ڕەنگێک دەردەکەون، هەرچەندە هەندێ لە کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئۆتۆمبێل چەند شێوەیەکی تایبەت دەدەن بە هەندێک لە هێما تایبەتەکان، بەڵام بە گشتی ڕەنگەکانی هێماکان ئەم واتایانە دەگەیەنن:

- **سوور**: داوای چارەسەری خێرا دەکات یان کێشەیەکی مەترسیدار هەیە.
- **زەرد**: خزمەتگوزاری و چاککردنەوە پێویستە (مەرج نییە ئۆتۆمبێل ڕابگریت)
- **سەوز**: زانیاریت پێدەدات بۆ لایت و هێمای لێخوڕینی ژینگەیی.
- **شین**: بۆ لایتی بەرز (فوول لایت) یان ئاوی ڕادێتەر بەستووبەتی دادەگیرسێت.

**سوور** : داوای چارەسەری خێرا دەکات یان کێشەیەکی مەترسیدار هەیە.

| | |
|---|---|
| کێشە لە پاتری یان بارگاویکردنەوەی هەیە | وەستێنەری پارککردن و بریک کارایە |
| پلەی گەرمی بزوێنەر (حەماوە) بەرزبووە | پشتێنی سەلامەتی ببەستە |
| کێشە لە ڕۆنی بزوێنەردا هەیە | دەرگا دانەخراوە |
| هەوای Airbag کێشەی هەیە / کارناکات | بۆنێت دانەخراوە |
| کێشە لە سوکاندا هەیە | سندووقی ئۆتۆمبێل دانەخراوە |

**زەرد** : خزمەتگوزاری و چاککردنەوە پێویستە (مەرج نییە ئۆتۆمبێل ڕابگریت)

| | |
|---|---|
| کێشە لە سیستەمی ABS دا هەیە | کێشە لە سیستەمی دژە خلیسکاندا هەیە |
| سووتەمەنی کەمە | تەنکبوون/نەمانی بانسەکانی (بەنز)ی ئیستۆپگرتن |
| کێشە لە بزوێنەر یان سیستەمی سووتەمەنیدا هەیە | فلتەری هەوا پیسە |
| فشاری (پەستانی) هەوای تایە کەمە | کێشە لە گلۆپەکان (لایتەکانی) دەرەوەدا هەیە |
| کەمبوونی ئاوی پاککردنەوەی جام | کێشە لە گێردا (ئۆتۆمبێلی گێڕ ئۆتۆماتیک) هەیە |

**سەوز** : زانیاریت پێدەدات بۆ لایت و هێما و لێخوڕینی ژینگەیی. **شین**: بۆ لایتی بەرز.

| | |
|---|---|
| لایتی سەکن | گلۆپی پێشەوەی تەم |
| لایتی نزم (ناصي) | گلۆپی دواوەی تەم |
| فوول لایت (عالي) Full Light | لێخوڕینی ژینگەپارێزانە |

## 81 مەرجەکانی توندوتۆڵی



**ئەفسەری هاتوچۆ**

- دەسەڵاتی ڕاگرتن و پشکنینی هەر سوارڕۆیەکی هەیە بە مەبەستی دڵنیابوون لە مەرجەکانی توندوتۆڵی
- مەبەست لە مەرجەکانی توندوتۆڵی، هەبوونی ئەم ئامێرانەی خوارەوەیە و دڵنیابوونە لە نەبوونی کەموکوڕی و شیاوییان بۆ بەکارهێنان.

### 1 ئۆتۆمبێلی تایبەت و گشتی:



- بزوێنەر | نابێت دووکەڵی ڕەش یان شین دەربکات و سەرجەم بەشەکانی لەبارین بۆ کارپێکردن.
- سوکان | پێویستە لە لای چەپ بێت، پۆشی گونجاوی هەبێت.
- لایتەکان، ڕووناککەرەوەکانی پێشەوە و دواوە و لایتی ورباکردنەوە لە مەترسی | چواری | پێویستە لەکارنەکەوتبن و لە ڕووی بەرزی و نزمی ڕووناکییەوە ڕێکخرابن.
- هۆرن | ئامێری ورباکردنەوە، دەبێت تۆنێکی گونجاوی هەبێت.
- ئەگزۆز وساڵەنسا | نابێت دەنگی نامۆ و نالەبار دەربکەن.
- سیستەمی وەستێنەر | ئیستۆپ | هاندبرێک | دەبێت دڵنیابیت لەوەی بانسەکان سۆک نەبن و دڵنیابیت لە بوونی هایدرۆلیکی پێویست بۆ کارپێکردنیان.
- ئاوێنەکان | تەنیشت و ناوەوە | دەبێت پاک بن و نەشکابن.
- فلچەکان | نابێت لەکارکەوتبن یان قایشی فلچەکان دڕابن. هەروەها دەبێت بڕی ئاوی پێویست لە نێو عەمباری ئاوی فلچەکاندا هەبێت.



- گلۆپی سەر تابلۆ | دەبێت لە دووری گونجاو ببینرێت.
- جامەکان | دەبێت پاک بن، نەشکابن.
- ئاگرکوژێنەوە | دەبێت ماوەی بەکارهێنانی بەسەر نەچووبێت.
- سێگۆشەی فسفۆریت پێ بێت.
- تایەی سپێر (یەدەگ) و پێداویستییەکانی گۆڕینی تایە | جەک، سپانەت پێ بێت.
- خێراییپێو، پێشاندەرەکانی ناو داشبۆرد.
- قایشی قورت پێ بێت بۆ سەرجەم تایەکان.



پشکنینی ساڵانەی توندوتۆڵیی ئۆتۆمبێل، یەکێکە لە مەرجەکانی سەلامەتی خۆت و بەکارهێنەرانی ڕێگاوبان، بۆیە پێش ئەوەی لە مەفرەزەیەکی هاتوچۆدا سزا بدرێیت یان ببیتە هۆکاری ڕووداوێکی هاتوچۆ خۆت سەردانی یەکێک لە کۆمپانیاکانی پشکنین بکە.




## 2 ماتۆرسکیل:

- مەبەست لە مەرجەکانی توندوتۆڵی و دڵنیابوون لە ماتۆرسکیلدا هەبوونی ئەم ئامێرانەی خوارەوەیە، کە پێویستە بن کەموکوڕی و لەبارین بۆ بەکارهێنان:

- بزوێنەر
- ئامێری وەستێنەر (ئیستۆپ)
- هۆڕن - ئامێری وریاکردنەوە.
- ڕووناککەرەوەکانی پێشەوە و دواوە و چوارییەکان
- ئامێری بێدەنگکردن
- ئاوێنەی تەنیشتەکان (یارمەتیدەرن بۆ بینینی دواوە)



## 3 کشتوکاڵی و بیناسازی:

- مەبەست لە مەرجەکانی توندوتۆڵی و دڵنیابوون لە سوارڕۆ کشتوکاڵی و بیناسازییەکاندا، هەبوونی ئەم ئامێرانەی خوارەوەیە، کە پێویستە بن کەموکوڕی و لەبارین بۆ بەکارهێنان:

- بزوێنەر
- ئامێری وەستێنەر (ئیستۆپ)
- سوکان (یاخود هەر ئامێرێکی دیکە کە لە جێگەی ئەو بێت)
- ڕووناککەرەوەکانی پێشەوە و دواوە و تابلۆکانی پێشەوە و دواوە ئیشکەدەر بن (فسفۆر).



6

# خۆ ئامادەکردن بۆ لێخوڕین

82
86

# PREPARING TO DRIVE



## پێداویستییەکانی شۆفێر



■ ئەو پێداویستی و بەڵگانەی لێخوڕین، کە دەبێت لە کاتی لێخوڕیندا لە سوارۆکەتدا هەڵیانبگریت و کاتێک لە لایەن پۆلیسی هاتوچۆوە داوات لێکرا دەریانبخەیت، ئەمانەن:

### 1 مۆڵەتی شۆفێریی

دەبێت لە کاتی لێخوڕیندا، مۆڵەتی شۆفێریت پێبێت و ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

- مۆڵەتەکەت لەگەڵ جۆری سوارۆکەتدا بگونجێت.
- ماوەی کارپێکردنی بەسەرنەچووبێت.

### 2 تۆماری (ساڵیانەی) سوارۆ (سەنەوی)

- ماوەی کارپێکردنی بەسەرنەچووبێت.

### 3 پشکنینی سوارۆ

- ماوەی کارپێکردنی بەسەرنەچووبێت.
- لەزگەی ئاگادارکردنەوە بە جامی پێشەوە هەڵواسرابێت.

### 4 سێگۆشەی فسفۆری



### 5 ئاگرکوژێنەوە بەسەرنەچووبێت



### 6 سندووقی پێداویستییەکانی فریاگوزاری



## لەبیرتبێت

لێخوڕین بە پێی پەتی،
یان بە لەپێکردنی نەعل
مەترسیدارە.







## 83 ڕێکخستنی کوشنی ئۆتۆمبێل





■ بۆ ئەوەی بتوانیت بە ئاسوودەیی و سەلامەتی لێبخوڕیت و بە تەواوەتی ئۆتۆمبێلەکەت کۆنترۆڵ بکەیت، پێویستە بەر لە دەستکردن بە لێخوڕین کوشنی ئۆتۆمبێلەکەت بە باشی ڕێکبخەیت. هەروەها ڕێکخستنی کوشنەکەت دەبێتە هۆی ئەوەی کەمتر هەست بە ماندووبوون بکەیت و لە کاتی ڕووداویشدا مەترسییەکان کەمترین.



- جلوبەرگی گونجاو بپۆشە، تاوەکوو بتوانیت بە ئاسوودەیی لەسەر کوشنەکە دابنیشیت و دەستت بە سەرجەم بەشەکانی کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکەت بگات.
- بە شێوەیەکی ڕێک و گونجاو لەسەر کوشنەکە دابنیشە، تاوەکوو دووربیت لە ئازاری مل و پشت و جومگەکان.
- دووری کوشنەکەت بەگوێرەی پایدەرەکان ڕێکبخە، بە شێوازێک بتوانیت بە تەواوەتی پایدەرەکان کۆنترۆڵ بکەیت. دەبێت چەماوەیەک بە ڕێژەی نزیکەی 120 پلە لە ئەژنۆکانتدا هەبێت. پێداتان لەسەر پایدەرەکان دەبێت بە شێوەیەک بێت کە پاژنەی پێت لەسەر زەوی بێت و بە سمی پێ فشار (پەستان) بخەیتەسەر پایدەرەکان.
- دەبێت بەرزی کوشنەکە بە شێوەیەک بێت بە باشی بەردەم ئۆتۆمبێلەکەت و پێوەرەکانی ناو داشبۆرد ببینیت.

**ئەگەر شۆفێریت یان سەرنشین، لەیادتبێت پێش دەستکردن بە جووڵە پشتێنی سەلامەتی ببەستە.**





**لەبیرتبێت**



ئافرەتی دووگیان، سەرنشین بێت
یان شۆفێر پێویستە
پشتێنی سەلامەتی
بە شێوەیەکی دروست ببەستێت.

▪ چۆنیەتی ڕێکخستنی بەرزی و دووری سوکان.



بەرزی سوکانەکە پێویستە بە شێوەیەک بێت بتوانیت هەردوو دەستت بخەیتە شوێنی کاتژمێرەکانی 3 و 9، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر شانت هەبێت.

دووری سوکانەکە لەگەڵ کوشنەکەدا تەریب بێت و چەمانەوەی ئانیشکەکانت بە ڕێژەی 120 پلە بێت. بە لایەنی کەمەوە دووری 10 بۆ 30 سانتیمەتر لە نێوان چەقی سوکانەکە و ئێسکی سینگتدا هەبێت.

لێژی کوشنەکە دەبێت بە نزیکی 90 - 110 پلە بێت، واتا نابێت بە شێوەیەکی تەواو ستوونی یان زۆر لار بێت.



پاڵپشتێنەری سەر یان سەرێنی کوشنەکەت بە شێوەیەک ڕێکبخە، کە ناوەڕاستی پاڵپشتێنەرەکە لەگەڵ ئاستی چاوەکانتدا تەریب بێت.

## 84 پشکنینی ئۆتۆمبێل

- پێویستە ئۆتۆمبێل بەم شێوەیەی خوارەوە بپشکێندرێت و دڵنیابیت لە سەلامەتی و شیاوی ئەم ئامێرانەی خوارەوە، بۆ کارپێکردن و لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکەت:

### پشکنینی دەرەوەی ئۆتۆمبێل:

1




- بۆ دڵنیابوون لە پاکی و خاوێنی گڵۆپەکانی (لایتەکانی) ڕووناکی پێشەوە و پشتەوە، جامەکان، تابلۆی ئۆتۆمبێل؛ هەروەها لە نەبوونی چەوری و لێچوون لە هیچ بەشێکی ژێرەوەی ئۆتۆمبێلەکەت.

### پشکنینی سندووق:

2



- بۆ دڵنیابوون لە بوونی تایەی یەدەک (سپێر) لەناو سندووقی ئۆتۆمبێلدا و پەنچەر نەبێت. بەرزکەرەوە (جەک) لیسپانە سێگۆشەی فسفۆری ئاگرکوژێنەوە جانتای پێداویستییەکانی فریاگوزاری.

### پشکنینی ناو کابینەی ئۆتۆمبێل ؛ بۆ دڵنیابوون لە کارکردنی هەریەک لەم بەشانە:

3



- وەستێنەر (ئیستۆپ) هاندبرێک سوکان لایتەکانی ڕووناکی هۆڕن
- لایتەکانی وریاکردنەوەی چواری (فلاشەر) پشتێنی سەلامەتی فلچەکان.

### پشکنینی ناو بزوێنەر ؛ بۆ دڵنیابوون لە گونجاوی ئەمانەی خوارەوە:

4



- ڕۆنی بزوێنەر ڕۆنی وەستێنەر (ئیستۆپ) ئاوی ڕادێتەر ئاوی فلچەکان
- قایشەکانی ناو بزوێنەر سەری پاتری نەبوونی لێچوون یان چەوری.


85
ئاوێنه
+
ناوچەی مردوو

## 85 چۆن ئاوێنەکانی ئۆتۆمبێلەکەت ڕێکدەخەیت؟



- بەکارهێنانی ئاوێنەکان یەکێکە لە پێداویستییەکان، بۆ ئەوەی بتوانیت بە سەلامەتی ئۆتۆمبێل لێبخوڕیت و خۆت لە مەترسییەکان لابدەیت. بەڵام بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە زۆرترین مەترسی ببینیت، پێویستە بە شێوەیەکی گونجاو ڕێکیان بخەیت.
دوو جۆر ئاوێنەی ئۆتۆمبێل هەن:

- ئاوێنەی تەنیشتەکان
- ئاوێنەی ناوەوە یان ئاوێنەی بینینی پشتەوە



! هەنگاوەکانی ڕێکخستنی ئاوێنەکان

### به چەند هەنگاوێک ئاوێنەکان ڕێکبخە، بۆ ئەوەی زۆرترین مەترسییەکانی دواوە و تەنیشت ببینیت:

- دڵنیابە لە ڕێکخستنی کورسییەکەت لە ڕووی بەرزی و نزمی و دووری و نزیکی لە سوکانەکەوە تاوەکوو بە ئاسوودەیی ئۆتۆمبێل لێبخوڕیت.
- ئەگەر ئاوێنەکە کارەبایی بێت، دەتوانیت لە ڕێگای دوگمەکانەوە ئاوێنەکانی لای ڕاست و چەپ ڕێکبخەیت، یاخود بە دەست ڕێکیانبخەیت.
- ئاوێنەکانی تەنیشتەکان بە شێوەیەک ڕێکبخە بتوانیت زۆرترین مەترسییەکان ببینیت.
- پێویستە تەنیا بەشێکی کەمی ئۆتۆمبێلەکەی خۆت ببینیت، هەروەها زۆر بەرز یان نزم نەبن.
- پێویستە ئاوێنەی ناوەوە بە شێوەیەک ڕێکبخەیت تەواوی جامی پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەت لە ئاوێنەکەوە ببینیت بێ جووڵاندنی سەرت.
- گونجاوە لە کاتی ڕۆیشتن بۆ دواوە ئاوێنەی ڕاست نزمبکەیتەوە بۆ ئاگاداربوون لە دووری تایەکان لە شۆستەوە.



- پێویستە تەماشای ئاوێنەکان بکەیەت، بەر لەوەی هەر جووڵەیەک یان گۆڕانکارییەک لە خێرایی و ئاراستەدا بکەیت، کە کاریگەری لەسەر بەکارهێنەرانی دیکەی ڕێگا هەبێت.

- بەر لەوەی هێما دابگیرسێنیت
- گۆڕینی ئاراستەی لێخوڕین
- پێچکردنەوە بۆ لای ڕاست یان چەپ
- تێپەڕاندن یان گۆڕینی ڕێڕەوەکان
- کەمکردنەوەی خێرایی یان وەستان
- زیادکردنی خێرایی
- کردنەوەی دەرگا

## 86 ناوچەی مردوو کوێیە؟

- تەواوی ئەو ناوچانەیە کە لە ئاوێنەکانەوە نابینرێن، یان بە هۆی بەربەستێکەوە لە چاوی شۆفێر ون دەبن. بۆ بینینی ئەم ناوچانە پێویستە شۆفێر جوولەی جەستەی بەکاربهێنێت، وەکوو ئاوڕدانەوە بە لای ڕاست و چەپدا یان خۆ بەرز و نزمکردن بۆ بینینی ئەو دیوی بەربەستەکان.

**لەبیرتبێت**

- بەشێک لەو سوارڕۆیانەی کە ناوچەی مردوویان زۆرە، مانەوە لە پشت و تەنیشتیان مەترسیدارە، بۆیە بەوپەڕی وریاییەوە تێپەڕاندن ئەنجام بدە و زۆر لە تەنیشتیان مەمێنەوە.

- سنوورەکانی ناوچەی مردوو بزانە.
- پێویستە هەمیشە لە کاتی تەماشاکردنی ئاوێنەکاندا ناوچە مردووەکانیش لەبیربکەیت.
- دەتوانیت بە ئاوڕدانەوە بۆ لای ڕاست و چەپ ناوچە مردووەکان ببینیت.
- ئاوێنەکان و کوشنی ئۆتۆمبێلەکەت بە شێوەیەک ڕێکبخە، کە زۆرترین مەترسییەکانی دواوە و تەنیشتەکان ببینیت.
- وریای ناوچەی مردووی سوارڕۆکانی دیکە بە و خۆت بەدوور بگرە لە لێخوڕین لەو شوێنانەدا، کە بۆ شۆفێری سوارڕۆکانی دیکە ناوچەی مردوون، بەتایبەتی بۆ بارهەڵگر و پاسەکان.
- لە شوێنی گونجاو لە ڕێڕەوی لێخوڕیندا بڕۆ و خۆت لە لێخوڕین یان مانەوە لە تەنیشت و دواوەی سوارڕۆوە گەورەکان بەدوور بگرە.
- ئەگەر لە کاتی لێخوڕیندا نەتوانیت شۆفێری بارهەڵگرەکە لە ئاوێنەی بارهەڵگرەکەیەوە ببینیت، بەدڵنیاییەوە شۆفێری بارهەڵگرەکەش ناتوانێت تۆ ببینێت.
- جێگەی ڕاستەوخۆ لە بەردەم بارهەڵگرەکان شوێنێکی مەترسیدارە، چونکە شۆفێری بارهەڵگر ناتوانێت ئەو شوێنە ببینێت.
- مەترسی ناوچە مردووەکان زیاتر دەبێت کاتێک بارهەڵگر باری هەڵگرتبێت یان بە هۆی شێوەی بارهەڵگرەکەوە، لاکانی بەرزبن و دواوەی کەپس (داخراو) بێت.
- ماتۆڕسکیلەکان بەراورد بە ئۆتۆمبێلەکان قەبارەیان بچووکترە و بە خێرایی دەکرێت بچنە سنووری ناوچەی مردووەوە.
- سنوورەکانی ناوچەی مردووی ماتۆڕسکیلەکان بزانە.





- هەرچەندە زۆربەی شۆفێران لەو باوەڕەدان، کە سوارڕۆ بارهەڵگرەکان بە هۆی ئەوەی زیاتر بەرزن و ئاوێنەکانیان گەورەترە، مەترسی ناوچە مردووەکانیان کەمترە. بەڵام لە ڕاستیدا بارهەڵگر مەترسی ناوچە مردووەکانی زیاتر و فراوانترە.
- لێخوڕین یان مانەوە لە ناوچەی مردووی بارهەڵگرێک، دەبێتە هۆی ئەوەی شۆفێری بارهەڵگرەکە نەتوانێت تۆ ببینێت.
- سنوورەکانی ناوچەی مردووی بارهەڵگر و لۆرییەکان بزانە، بەو شێوەیەی لە وێنەکەدا پیشاندراوە.
- هەندێک جار لە پێچدا و لە یەکتربڕەکاندا یان لە پرددا یاخود بە هۆی ڕەوتی ڕێگاوە ئاستی بینین کەمدەبێتەوە و ناتوانیت ئەو مەترسیانە ببینیت، کە لەپڕ دێنە پێشەوە. بۆیە لە هەندێک لەو شوێنانەدا ئاوێنەی قۆقز دادەنرێت. لە ئەگەری نەبوونی ئەم ئاوێنانەدا، دەبێت بە وریاییەوە لێخوڕیت و پێشبینی مەترسییەکان بکەیت.

## کەمکردنەوەی مەترسییەکان





- بە مەبەستی کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ناوچە مردووەکان، هەندێک لە کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئۆتۆمبێل هەستەوەر و کامێرای چاودێریان لە ئۆتۆمبێلەکاندا جێگیر کردووە، بۆ ئاگادارکردنەوەی شۆفێر لە کاتی هەبوونی مەترسییەک لە ناوچە مردووەکاندا. ئەم سیستەمانەش هەندێک جار بە هۆی کێشەی میکانیکی و کارەبایی بە باشی کارناکەن.



- هەندێک لە وڵاتان هێمای تایبەت بە ئاگادارکردنەوەی شۆفێران لە هەبوونی مەترسی ناوچە مردووەکان لەسەر ڕێگا بەکاردەهێنن، کە تابلۆیەکی سێگۆشەیی سوورە و خاڵێکی ڕەش لە ناویدایە.



- لە هەندێک شوێندا، لەوانەیە ئاوێنەی چەماوە ببینیت، کە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی شۆفێران لە مەترسی هەبوونی ناوچەیەکی نادیاری ڕێگا داتراوە.
- هەروەها دەتوانرێت ئاوێنەی قۆقز (شێوە چەماوە) ی بچووک لەگەڵ ئاوێنەکانی تەنیشتی ئۆتۆمبێل بۆ بینینی مەودایەکی فراوانتری ڕێگا و کەمکردنەوەی مەترسییەکان بەکاربهێندرێت.


مانۆڕکردن
7
87
112

# MANEUVERS



87

# مانۆڕکردن



- بۆ ئەنجامدانی هەر مانۆڕێک پێویستییت بە ڕاهێنانکردن هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت بە شێوەیەکی سەلامەت شۆفێری بکەیت و ڕووبەڕووی مەترسییە تایبەتەکان ببیتەوە.

مەبەست لە مانۆڕ ئەنجامدانی هەر جووڵەیەک یان چەند جووڵەیەکی یەک لە دوای یەکە، پێویستی بە وریایی و شارەزایی تایبەت هەیە. **مانۆڕکردن بە ئۆتۆمبێل بریتییە لە:** جووڵەی داواکراو لە سوارڕۆ، ئەنجامدانی هەر جووڵەیەکیش بە سەلامەتی پەیوەستە بە شارەزایی و وریابوون بەرامبەر مەترسییەکان کە وەک شۆفێر رووبەڕوویان دەبینەوە لەم 32 هەنگاوەی خوارەوە:

# 32 هەنگاو



- هەنگاوی پێش سەرکەوتن و لە کاتی سەرکەوتندا بۆ نێو ئۆتۆمبێل
- هەنگاوی پێش دابەزین و لە کاتی دابەزیندا لە ئۆتۆمبێل
- هەنگاوی ڕێکخستنی کوشن و سوکان
- هەنگاوی ڕێکخستنی ئاوێنەکان
- هەنگاوی دەستکردن بە لێخوڕین لە لێواری ڕێگا یان تەنیشتی ڕێگاوە
- هەنگاوی وەستان لە لێوار یان تەنیشتی ڕێگا لەگەڵ وەستانی کتوپڕ
- هەنگاوی چۆنیەتی گێڕ گۆڕین و کلاچکردن لە ئۆتۆمبێلی گێڕ عادی، گێڕئۆتۆماتیک
- هەنگاوی دەستکردن بە لێخوڕین لە نشێو
- هەنگاوی دەستکردن بە لێخوڕین لە هەوراز
- هەنگاوی پێچکردنەوە بۆ لای دەستە ڕاست
- هەنگاوی پێچکردنەوە بۆ لای دەستە چەپ
- هەنگاوی سووڕانەوەی یوتێرن
- هەنگاوی پارککردن و شێوازەکانی پارککردن
- هەنگاوی پارککردن لە نێوان دوو ئۆتۆمبێلی پارککراودا
- هەنگاوی پارککردن بە شێوەی گۆشەی 90
- هەنگاوی پارککردن لەسەر هەوراز و نشێو
- هەنگاوی سووڕانەوەی سێ خاڵ
- هەنگاوی تێپەڕاندن
- هەنگاوی لێخوڕین لە جەنجاڵیدا و مەترسییەکانی نزیک قوتابخانە
- هەنگاوی لێخوڕین لە ناوچەی نیشتەجێبوون و ناو کۆڵانەکان
- هەنگاوی لێخوڕین لە یەکتربڕی کۆنترۆڵکراودا بە پۆلیسی هاتوچۆ
- هەنگاوی لێخوڕین لە یەکتربڕی کۆنترۆڵکراودا گڵۆپی هاتوچۆ (ترافیک لایت)
- هەنگاوی لێخوڕین لە یەکتربڕی کۆنترۆڵکراودا بە تابلۆ یان هێڵ
- هەنگاوی لێخوڕین لە یەکتربڕی کۆنترۆڵنەکراودا
- هەنگاوی چۆنیەتی چوونە ناو فلکەوە
- هەنگاوی دەرچوون لە فلکە بۆ ڕێگای یەک و دوو و سێ و چوار
- هەنگاوی لێخوڕین بە بەگ
- هەنگاوی بەگ بە شێوەی L
- هەنگاوی لێخوڕین لە شەودا
- هەنگاوی چۆنیەتی چوونە ناو ڕێگای خێراوە
- هەنگاوی چۆنیەتی لێخوڕین لەسەر ڕێگای خێرا
- هەنگاوی چۆنیەتی دەرچوون لە ڕێگای خێرا

سەرەتا دەبێت لە لایەن ڕاهێنەرێکی ڕێپێدراوەوە ڕاهێنان لەسەر ئەم مانۆڕانە ئەنجام بدەیت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی و زانستی و سەلامەت لێبخوڕیت.

## 88 دەستکردن بە لێخوڕین




### لەبیرتبێت

هەمیشە لە بیرت بێت ئەنجامدانی هەر جووڵەیەک بە ئۆتۆمبێل لەسەر شەقام یاخود گۆڕانکاری لە ئاراستە یان خێرایی دەکرێت ڕووبەڕووی مەترسیت بکاتەوە، بۆیە هەمیشە پێش ئەنجامدانی مانۆڕەکان مەترسییەکان بە باشی هەڵبسەنگێنە و هەنگاوەکانی سەلامەتی ڕەچاو بکە:

1. تەماشاکردنی ئاوێنەکان
2. تەماشاکردنی ناوچەی مردوو
3. داگیرساندنی هێما

- هەمیشە یەکەم مانۆڕ کە ئەنجامی دەدەیت بریتییە لە دەستکردن بە لێخوڕین لە لێواری شەقام، ئەگەر یەکەم جارێت شۆفێری بکەیت، دڵنیابە لە پایدەر و کۆنترۆڵەکانی دیکەی ئۆتۆمبێلەکە تێکەیشتبیت، پاشان دەست بکە بە هەنگاوەکانی ئەنجامدانی مانۆڕەکە.

1. دڵنیابە لە بوونی دەرفەتی گونجاو بۆ دەستکردن بە لێخوڕین: دوای دڵنیابوون لە نەبوونی مەترسی لە پێشەوە، تەماشای ئاوێنەکان بکە، ناوچەی مردوو بپشکنە و نیشانەی دەستە چەپ دابگیرسێنە.

2. چەند جارێک هەنگاوەکان دووبارە بکەرەوە پێش ئەوەی دەست بە جووڵەکردن بکەیت.

3. پەلە مەکە لە ئەنجامدانی هەنگاوەکان لە سەرەتای فێربووندا و پشکنینەکان بە وردی ئەنجام بدە، چونکە ئەنجامدانی ڕاهێنانی بەردەوام وا دەکات زۆر خێراتر هەنگاوەکان ئەنجام بدەیت و زووتر بڕیاری دروست بدەیت.

4. پێویستە ئامادەبیت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی زیاتر لە کاتی دەستکردن بە لێخوڕین لە هەوراز و نشێودا یان لە کاتی دەستکردن بە لێخوڕین کاتێک ئۆتۆمبێلی دیکە یان بەربەستی نزیک هەبێت لە پێشەوە و دواوە، بۆیە ڕێنمایی لە ڕاهێنەرەکەت وەربگرە و بە وریایی کلاچ و وەستێنەر کۆنترۆڵ بکە.



## 89 ڕاوەستان لە لێواری شەقام

- یەکێکە لە مانۆڕەکان، ئەنجامدانی واتا گۆڕانکاری لە خێرایی و ئاراستەی لێخوڕین، ئەمەش واتا ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان.
- بەر لە ئەنجامدانی هەر جووڵەیەک هەنگاوەکانی سەلامەتی ڕەچاو بکە:
  **ئاوێنەکان + ناوچەی مردوو + هێما**
- دوای دڵنیابوون لە سەلامەتی، ڕێڕەوی گونجاو لە ڕێگاکەدا بگرە و خێرایی کەمبکەرەوە.
- سەرنج بدە بۆ دەستنیشانکردنی مەترسییەکان.
- وریابە بەرامبەر مەترسی سوارڕۆکانی دواوە و دەوروبەر.
- شوێنێکی سەلامەت و یاسایی دیاری بکە بۆ وەستان، هەروەها لە بیرت بێت، نەبێتە مایەی مەترسی بۆ بەکارهێنەرانی دیکەی ڕێگا.
- هێمای دەستە ڕاست داپکیرسێنە و دووبارە تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە.
- دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە بە تەواوەتی وەستا، لە بیرت بێت ، برێک کارابکەیت ئەگەر هەوراز یان نشێو بوو.
- کاتێک بۆ ماوەی چەند خولەکێک دەتەوێت بوەستیت، بزوێنەرەکە بکوژێنەوە بۆ کەمکردنەوەی خەرجی سووتەمەنی و زیانەکانی پیسبوونی ژینگە.
- زۆر ئاگا لە سوارڕۆکانی دیکە ئۆتۆمبێلەکە ڕامەگرە ئەگەر بتەوێت پارککردن ئەنجام بدەیت.



## 90 گۆڕینی ڕێڕەوی لێخوڕین



## 91 پێچکردنەوە

پێشوەختە بڕیاربدە و دڵنیابە لە ئەنجامدانی پێچکردنەوەکان تاوەکوو بتوانیت لە ڕێڕەوی گونجاودا ئۆتۆمبێل لێخوڕیت و کاتی تەواوت بۆ هەڵکردنی هێما (ئیشارەتەکان) بۆ ئاگادارکردنەوەی بەکارهێنەرانی سەر ڕێگا هەبێت و ئەنجامدانی پێچکردنەوەکە بە شێوەیەکی سەلامەت و دوور لە سەغڵەتی بێت.

### 1 پێچکردنەوە بۆ لای چەپ:



- پێشوەخت بڕیاربدە بۆ ئەنجامدانی پێچکردنەوە بۆ لای چەپ.
- دڵنیابە لەوەی پێچکردنەوە بۆ لای چەپ قەدەغە نییە. لە ڕێگای هێما و هێڵکارییەکانەوە بەمە دەزانیت، ئەگەر لەسەر ڕێگاکە ئاماژەی بۆ کرا بوو.
- بەکارهێنانی ئاوێنەکان بۆ دڵنیابوون لە جووڵەی ڕۆیشتن لە دوای سوارڕۆکەوە.
- ڕێڕەوی لای چەپ یان نزیکترین ڕێڕەوی لای چەپ لە ڕێگاکەدا بگرەبەر، ئەگەر ڕێگاکە لە چەند ڕێڕەوێک پێکهاتبێت.
- لە دووریەکی گونجاودا، هێمای ئاگادارکردنەوە بۆ لای چەپ بۆ ئاگادارکردنەوەی بەکارهێنەرانی ڕێگا دابگیرسێنە.
- خێرایی لێخوڕین کەمبکەرەوە بەپێی پێویست.
- وریابە بەرامبەر بە پیادەکان کە لە شەقامەکە دەپەڕنەوە. پێویستە دەرفەتی تەواو بە پەڕینەوەیان بدەیت.
- وریابە بەرامبەر بە پاسکیلسوار و ماتۆڕسوار و سوارڕۆکانی دیکە، لەوانەیە لە هەمان ڕێڕەو پێچبکەنەوە.
- ئەگەر گڵۆپی هاتوچۆ یان پۆلیسی هاتوچۆ بۆ ئاراستەکردن لە ڕێگاکە هەبێت، پێویستە پابەندبیت بە ڕێنماییەکانیانەوە.
- دوای دڵنیابوون لە نەبوونی مەترسی، بە وریایی پێچبکەرەوە بۆ ڕێگای داهاتوو.



## ❷ پێچکردنەوە بۆ لای ڕاست:

- پێشوەخت بۆ ئەنجامدانی پێچکردنەوە بۆ لای ڕاست بڕیاربدە.
- دڵنیابە، پێچکردنەوە بۆ لای ڕاست قەدەغە نییە و ئەمەش لە ڕێگای هێما و هێڵکارییەکانەوە (ئەگەر لەسەر شەقامەکە ئاماژەی بۆ کرا بوو)
- بەکارهێنانی ئاوێنەکان.
- ڕێڕەوی لای ڕاست یان نزیکترین ڕێڕەوی لای ڕاست لە ڕێگاکەدا بگرەبەر، ئەگەر ڕێگاکە لە چەند ڕێڕەوێک پێکهاتبێت.
- بۆ ئاگادارکردنەوەی بەکارهێنەرانی ڕێگا، لە دووریەکی گونجاوەوە هێمای ئاگادارکردنەوە بۆ لای ڕاست دابگیرسێنە.
- خێرایی لێخوڕین کەمبکەرەوە بەپێی پێویست.
- وریابە بەرامبەر بە پیادەکان کە لە شەقامەکە دەپەڕنەوە و پێویستە بەتەواوی دەرفەت بە پەڕینەوەیان بدەیت.
- وریابە بەرامبەر بە پاسکیلسوار و ماتۆڕسوار و سوارڕۆکانی دیکە، لەوانەیە لە هەمان ڕێڕەو پێچبکەنەوە.
- ئەگەر گڵۆپی هاتوچۆ (ترافیک لایت) یان پۆلیسی هاتوچۆ بۆ ئاراستەکردن لە ڕێگاکە هەبێت، پێویستە پابەندبیت بە ڕێنماییەکانییەوە.
- دوای دڵنیابوون لە نەبوونی مەترسی بە وریایی پێچبکەرەوە بۆ ڕێڕەوی داهاتوو.

## ❸ ڕاستەوڕاست لێخوڕین (لە یەکتربڕدا)

- پابەندبوونی دەستە ڕاست ▫ پابەندبوونی نائاسایی ▫ ستۆپ لەگەڵ ▫ ڕێگە بدە ▫ شەقامی لاوەکی و سەرەکی



# 92 یەکگرتن و گۆڕینی ڕێڕەو:



## یەکگرتنی ڕێڕەو

لە چوارچێوەی تەسکبوونی شەقامدایە و پێشڕەوی بۆ ئەو سوارڕۆیەیە کە لە پێشترە.
بەشی هەرەزۆری ئەم یەکگرتنانە لە دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوونن.



## گۆڕینی ڕێڕەو

لە چوارچێوەی تەسکبوونی شەقامدایە و پێشڕەوی بۆ ئەو ئۆتۆمبیلەیە کە لەسەر ڕێڕەوە بەردەوامەکەدایە. بەشی هەرەزۆری ئەم گۆڕینانە لە ناوچەی نیشتەجێبووندان و لە تێکەڵبوونی شەقامی خزمەتگوزاری لەگەڵ شەقامە سەرەکییەکان دروست دەبن.



## تیر هێمای سەر شەقام

ناچارت دەکات ڕێڕەو بگۆڕیت بە ئاراستەی تیرەکان. هەمان دەسەڵاتی تابلۆی بازنەیی شینی هەیە.



## تەسکبوونی ڕێڕەو لە هەردوولاوە

لە چوارچێوەی تەسکبوونی شەقامدایە و پێشڕەوی بۆ ئەو سوارڕۆیەیە کە زووتر دەگات بە شێوەی زنجیری بەردەوام دەبن.



## 93 لە چوارچێوەی ڕێکخستنی ڕێگا و ڕێڕەو:




- هێمای کەمترین خێرایی ڕێگەپێدراو بۆ هەر ڕێڕەوێک.




1 دیاریکردنی خێرایی ڕێڕەوێک دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا بگاتە شوێنی خۆی ئەویش بە دیاریکردنی کەمترین خێرایی 80km بۆ ڕێڕەوی دەستە چەپ و 50km بۆ ڕێڕەوی ناوەڕاست.

- ئەگەر سوارڕۆیەک مەبەستی بوو لەو خێراییە کەمتر لێبخوڕێت دەبێت ڕێڕەوی دەستە ڕاست بەکاربهێنێت.

- هێمای خێرایی سنووردارکراو بۆ هەر ڕێڕەوێک.
- لەم هێمایەدا لێواری بازنەکان بە ڕەنگی سوور و نووسینەکان بە ڕەنگی ڕەش دەبن.




2 هەر ڕێڕەوێک ئەوپەڕی خێرایی تایبەت بە خۆی دیاری کراوە.






3 بۆ هەر ڕێڕەوێک جۆری سوارڕۆ دیاری کراوە بە خێراییەکی دیاریکراو.

## 94 شێوازەکانی سووڕانەوە بە شێوەی یوتێرن (U-TURN)

■ سووڕانەوە یەکێکە لە مانۆڕە مەترسیدارەکان و لەوانەیە ببێتە هۆی تووشبوون بە ڕووداو. پێش ئەوەی سووڕانەوە ئەنجام بدەیت پێویستە:



- دڵنیابیت سووڕانەوە ڕێگەپێدراوە، ئەویش لە ڕێگای وریابوون سەبارەت بە تابلۆ و هێڵەکانی ئاراستەکردنی سەر ڕێڕەوەکان.
- پێشوەختە شوێنی سووڕانەوەکە دیاری بکە.
- تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی مەترسی لە دواوە و لە تەنیشتەکان.
- پاش دڵنیابوون، لە دووریەکی گونجاوەوە هێما دابگیرسێنە و بەرەو ڕێڕەوی گونجاو لە لای چەپ لێبخوڕە.
- هەمیشە ڕێگە بە سووڕانەوەکان بدە.




## 95 سووڕانەوەی یوتێرن U:



■ مەبەست لە سووڕانەوەیە لە ناوەڕاستی شەقامدا بە **180** پلە بۆ لێخوڕین بە ئاراستەی پێچەوانە. بە هۆی ئەوەوە ئەم جۆرە سووڕانەوە کاریگەری لەسەر سوارڕۆکانی دوو ئاراستەی لێخوڕین هەیە، پێویستە بە وریاییەوە ئەنجامبدرێت.

- پێشوختە بڕیاربدە لەبارەی دیاریکردنی شوێنی ئەنجامدانی سووڕانەوەکەت.
- دڵنیابە لەوەی سووڕانەوە لە ڕێگای هێما و هێڵکارییەکانی سەر شەقام ڕێگەلێگیراو نەبێت.
- تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە.
- نزیکترین ڕێڕەوی لێوار هێڵی جیاکەرەوەی ڕێگا یان شۆستەی ناوەڕاستی ڕێگا بگرەبەر.
- لە دووری گونجاوەوە گڵۆپی (هێمای) دەستە چەپ دابگیرسێنە.
- ئەگەر دەرفەت هەبێت، بە وریاییەوە سووڕانەوەکە ئەنجام بدە.
- ڕەچاوی خێرایی لێخوڕین بکە لە شەقامی ڕووبەڕوو.

### لەبیرتبێت

■ باشتروایە لە پاش سووڕانەوە بە شێوەی یوتێرن سەرەتا ڕێڕەوی چەپ بگریتەبەر پاش ئەوەی خێرایی سوارڕۆکەت گەیشتە خێرایی ڕێگاکە ئەوکات ئاراستەت بگۆڕە بۆ ئەو ڕێڕەوەی کە مەبەستە

■ هەندێک جار بە هۆی دانانی ئاسەی دەستکرد یان دانانی قوچەک (مسقوڤ) ئاسانکاری بۆ یوتێرن دەکرێت بەڵام هێشتا یوتێرن مەترسیدارە و پێویستی بە شارەزایی و وریایەکی باش هەیە

## 96 سووڕانەوەی سێ خاڵ:




- سووڕانەوەی سێ خاڵی لەو شوێنانەدا ئەنجامدەدرێت، کە بە هۆی تەسکی ڕێگاوە ناتوانرێت سووڕانەوەی یوتێرن بکرێت. ئەم مانۆڕە چەندین مەترسی تێدایە، بۆیە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە بکەیت.
- پێش ئەوەی سووڕانەوەی سێ خاڵی ئەنجام بدەیت، دڵنیابە لەوەی شوێنەکە گونجاوە.
- دڵنیابە لەوەی کە سووڕانەوە ڕێگەلێگیراو نییە، ئەویش لە ڕێگای هێما یان هێڵەکانی سەر شەقامەوە. لە بیرت بێت، شەقامی یەک ئاراستە سووڕانەوەی سێ خاڵی تێیدا قەدەغەیە.
- لە کاتی ئەنجامدانیدا نابێت ببێتە هۆکاری مەترسی یان سەغڵەتی بەکارهێنەرانی دیکە بۆیە پێویستە بە وریاییەوە مانۆڕەکە ئەنجام بدەیت.
- تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە و ئەگەر دڵنیابوویت لە سەلامەتی، سەرەتا هێمای دەستە ڕاست دابگیرسێنە بۆ وەستان لە لێواری ڕێگا.
- دووبارە تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە، کاتێک دڵنیابوویت لە سەلامەتی، هێمای دەستە چەپ دابگیرسێنە بۆ گەیشتن بە خاڵی یەکەم لە سووڕانەوەکە.
- تەماشای ئاوێنەکان بکە و سوکانەکە بە تەواوەتی بسووڕێنەوە بەرەو لای ڕاست پاشان پاشەوپاش لێبخوڕە بۆ خاڵی دووەم.
- دواتر بە وریاییەوە بەرەو ڕێڕەوی ڕووبەڕوو لێبخوڕە بۆ خاڵی سێیەم.



## 97 تێپەڕاندن:

- تێپەڕاندن یەکێکە لە مانۆڕە مەترسیدارەکان و بە هۆیەوە لەکەری تووشبوون بە ڕووداو هەمیشە زۆرە. مەترسییەکانی تێپەڕاندن بەگوێرەی بارودۆخی کەشوهەوا و جۆری ڕێگا، جۆری ئەو سوارۆیە کە تێیدەپەڕێنیت، دەکرێت ناوچەی نیشتەجێبوون و جۆری شەقامەکە و ئاستی بینین زیاتر بێت. لەبەر ئەوە پێویستە ڕەچاوی چەند هەنگاوێک بکەیت، بەر لەوەی هەر جووڵەیەک بکەیت بۆ تێپەڕاندن.
- لە بیرت بێت تێپەڕاندن هەمیشە لە لای چەپەوە ئەنجامدەدرێت، جگە لەوەی ئەگەر سوارۆی بەردەمت بیەوێت بەرەو لای چەپ پێچبکاتەوە، یان لە شەقامێکدا ئەگەر هێڵی جیاکەرەوەی ڕێڕەوەکان هەبێت، دەتوانیت بە لای ڕاستدا تێپەڕیت.



## 98 ڕێنمایی تێپەڕاندن:

- بریتییە لە تێپەڕینی سوارڕۆیەک لە سوارڕۆیەکی دیکە لە لای چەپەوە و پابەندبوون بەم بنەمایانەی خوارەوە:

1. نابێت هێمای ڕێگەنەدان بە تێپەڕاندن هەبێت.
2. دڵنیابوون لەوەی ڕێگاکە بۆ مەودایەکی گونجاو دیارە و ئۆتۆمبێلی دیکەی لە بەرامبەر نییە.
3. تەماشاکردنی ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بۆ دڵنیابوون لە دەرفەتی تێپەڕاندن.
4. بەکارهێنانی هێما (ئیشارەت)ی دەستە چەپ.
5. دەستکردن بە زیادکردنی خێرایی و ڕاستەوخۆ ئەنجامدانی تێپەڕاندنەکە و دواتر تەماشاکردنی ئاوێنەو ناوچەی مردوو پاشان داگیرسانی هێمای ڕاست و گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی ئاسایی.

## 99 تێپەڕاندنی نایاسایی:





### تێپەڕاندن بە شێوەی قۆناغ

- لە کاتی هەبوونی چەند سوارڕۆیەک لە دوای یەکتر، دەبێت تێپەڕاندن بە شێوەی قۆناغ ئەنجامبدرێت.




- تێپەڕاندن لەم دۆخانەی خوارەوەدا قەدەغەیە:

1. لە نزیک ناوچەکانی پەڕینەوەی پیادە.
2. نزیک یەکتربڕەکان، لێژاییەکان، پرد و ژێر پردەکان، زەوی بەرز و نزم، ڕێگای خلیسک، ڕێگای تەسک، یەکتربڕ لەگەڵ هێڵی ئاسن.
3. لەو شوێنانەی هێما و هێڵی ڕێگەنەدان بە تێپەڕاندن دانرابێت.
4. کاتێک تێپەڕاندنەکە شۆفێری دیکە ناچار بکات خێرایی یان ئاراستەکەی بگۆڕێت بە هۆی تووە.
5. ئەگەر شۆفێری سوارڕۆی پێشەوە دەستیکردبێت بە تێپەڕاندنی سوارڕۆیەکی دیکە.
6. ئەگەر شۆفێری سوارڕۆی پشتەوە دەستی بە تێپەڕاندنی تۆ کردبێت.
7. ئەگەر ئەو سوارڕۆیەی دەتەوێت تێپەڕێنیت، بە بەرزترین خێرایی ڕێگەپێدراو بڕوات.
8. ئەگەر ئاستی بینین باش نەبێت.

## 100 بەر لە تێپەڕاندن:





- دڵنیابە لەوەی تێپەڕاندن لە شوێنەکەدا ڕێگەلێگیراو نییە، لەو ڕێیەوە کە سەرنجی هێماکانی سەر شەقامی وەک تابلۆی ڕێگەپێنەدان یان هێڵی بەردەوام لەسەر ڕێگاکە بدەیت.
- دووری مەودای پێویست بۆ تێپەڕاندن و خێرایی سوارڕۆی بەرامبەر بە باشی هەڵبسەنگێنە. ئەگەر سوارڕۆی بەرامبەر زۆر بە خێرایی نزیکبێتەوە یان مەودای تێپەڕاندن کورت بێت، تێپەڕاندن ئەنجام مەدە.
- درێژی ئەو سوارڕۆیەی تێیدەپەڕێنیت، لەبەرچاو بگرە. ئەگەر بارهەڵگرێک بێت، وریابە، دەبێت ماوە و کاتی تێپەڕاندنت زیاتر بێت.
- وریابە بەرامبەر ئەوەی، ئەگەر ئۆتۆمبێلی بەردەمت نیازی پێچکردنەوە یان وەستانی هەبێت.
- لە ڕێگای تەماشاکردنی ئاوێنەکانەوە، وریای سوارڕۆکانی پشتەوە بەو دڵنیابە هیچ سوارڕۆیەک دەستی بە تێپەڕاندنی تۆ نەکردبێت.
- دڵنیابە لەوەی تێپەڕاندن نابێتە هۆی ئەوەی لە سنووری خێرایی ڕێگەپێدراوی ڕێگاکە دەربچیت.
- کاتێک ئاستی بینین نزم بێت یاخود لە شەودا، لەوانەیە نەتوانیت مەترسییەکانی دەوروبەری ڕێگا ببینیت؛ بۆیە ئەگەر دڵنیانەبیت لە سەلامەتی، باشترە تێپەڕاندن ئەنجام نەدەیت.
- تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە، گەر لەمانە دڵنیابوویت هێمای دەستە چەپ دابگیرسێنە بۆ دەستکردن بە مانۆڕەکە.

### لەبیرتبێت

- چاوەڕێی دەرفەتی گونجاو بکە، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژیش نەتوانیت تێپەڕاندن ئەنجام بدەیت.
- هیچ کات بە ئاماژەی سوارڕۆکانی دیکە تێپەڕاندن ئەنجام مەدە تا خۆت دڵنیا دەبیت لە سەلامەتی تێپەڕاندن.



## 101 کاتی تێپەڕاندن:



- پارێزکاری لە دووری گونجاو بکە لە نێوان خۆت و ئەو سوارۆیەدا، کە تێیدەپەڕێنیت. ئەگەر ماتۆڕسکیل بێت، مەودای دووری زیاتری پێویستە.
- لە بیرت بێت ئەگەر بارهەڵگرێک بە بارەوە تێدەپەڕێنیت و مەترسی کەوتنی بارەکە هەیە چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاو بکە.
- ئەگەر لە ناوچەی نیشتەجێبووندا بێت، بە هۆی پەڕینەوەی پیادە یان بوونی منداڵ و پاسکیلسوارەکانەوە لەسەر شەقام، تێپەڕاندن دەکرێت مەترسی زۆر زیاتر بێت.

## 102 دوای تێپەڕاندن:

- دوای دڵنیابوون لە سەلامەتی:
  - تەماشای ئاوێنەی لای ڕاست بکە.
  - تەماشای ناوچەی مردوو بکە.
  - هێمای دەستە ڕاست بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی لێخوڕین دابگیرسێنە.
  - بە وریاییەوە بەرەو ڕێڕەوی لای ڕاست برۆ.

**! لە کاتی تێپەڕاندنی ئاژەڵ یان عەرەبانەدا لەسەر شەقام پێویستە:**



- خێرایی لێخوڕین کەمبکەیتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بێت بتوانیت بوەستیت.
- وریابە بەرامبەر ئاماژەکانی ئەسپسوارەکە بۆ وریابوون لەوەی ئەگەر بیەوێت بوەستێت یان بپێچێتەوە.
- دان بەخۆداگربە و نابێت هۆڕن بەکاربهێنیت یان بە دەنگی بزوێنەرەکە ببێتە هۆکاری ترساندنی ئاژەڵەکە.
- دڵنیابە لەوەی پارێزگاری لە دووری گونجاو بکەیت، کە پێویستە زیاتر بێت لەو مەودایەی بۆ تێپەڕاندنی ئۆتۆمبێلێک پێویستییەتی.

**! لە کاتی تێپەڕاندنی ماتۆڕسوار یان پاسکیلسوار پێویستە:**



- پارێزگاری لە بۆشایی گونجاو لە نێوان خۆت و پاسکیلسوار یان ماتۆڕسوارەکەدا بکە. پێویستە لە دووری یەک مەتر و نیو کەمتر نەبێت.
- پێشبینی ئەوە بکە، کە لەوانەیە ماتۆڕسوار یان پاسکیلسوار بە هۆی چاڵ و بەربەستەکانی سەر ڕێگاکەوە جووڵەی کتوپڕ بکات.
- لە کاتی باران یان خلیسکبوونی ڕێگادا، پێویستە وریای خلیسکانی تایەکانی ئەو ماتۆڕسکیل یان پاسکیلانە بیت کە تێیان دەپەڕێنیت.
- وریای ئاماژەکانی دەستی پاسکیلسوار بە، ئەگەر بیەوێت بوەستێت یان بپێچێتەوە یاخود خێرایی کەمبکاتەوە.

## 103 لێخوڕین بە بەگ:



■ لە کاتی لێخوڕیندا، زۆر جار بە هۆی پارککردنی ئۆتۆمبێلەکەتەوە لە گەراج یان چوونە سەر شەقام یاخود سوورانەوەوە، لەوانەیە ناچاربیت ئۆتۆمبێلەکەت بە بەگ لێبخوڕیت. لێخوڕین بە بەگ، واتا کاتێک ئۆتۆمبێلەکەت بۆ دواوە یاخود پاشەوپاش لێدەخوڕیت.

■ یەکێکە لە مانۆڕە مەترسیدارەکان، بۆیە ئەگەر شۆفێرێکی تازەبیت، پێویستە ڕاهێنانی تەواو لە شوێنی گونجاودا بکەیت، بەر لەوەی لەسەر شەقام و ناوچەکانی نیشتەجێبوون دووبارەی بکەیتەوە.

■ کاتێک پاشەوپاش لێدەخوڕیت، پێویستە لە بیرت بێت کە مەترسییەکان لە هەموو لایەکانەوە دێن و تۆش ناتوانیت بە تەواوەتی سەرجەم مەترسییەکانی پێشەوە و دواوە و تەنیشتەکان ببینیت. بۆیە ئەمانە لەبیرمەکە: ئاوێنەکان، ناوچەی مردوو، ئامادەبوون بۆ وەستان.

## 104 شێوەکانی لێخوڕین بە بەگ:

### چۆن بە بەگ ڕاستەوڕاست لێبخوڕم؟



1 دوای دڵنیابوون لە سەلامەتی دەوروبەر، گێڕەکە بگۆڕە بۆ گێری بەگ.

2 دەستی چەپت بخەرە سەر سوکانەکە و دەستی ڕاستت لەسەر کوشنی سەرنشینی پێشەوە بێت و لە جامی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەوە تەماشای دواوە بکە، بە ڕەچاوکردنی تەماشاکردنی ئاوێنەی دەستە چەپت و ڕاست.

3 دەستی چەپ لەسەر سوکانەکە بە جێگیری بهێڵەرەوە و ئۆتۆمبێلەکە بە هێڵێکی ڕێک دەڕوات، تەنیا بە لەسەرخۆ سوکانەکە بسووڕێنە، ئەگەر بتەوێت ئۆتۆمبێلەکە ڕووەو ئاراستەیەک بجووڵێت.



4 بە هێواشی بەرەو دواوە لێبخوڕە و پێت ئامادە بکە بۆ ئیستۆپ، ئەگەر پێویست بێت.

5 لە کاتی لێخوڕیندا بۆ دواوە، بۆ دڵنیابوون و بەریەک نەکەوتن لەگەڵ بەربەستەکانی دیکەدا، ناوبەناو تەماشای پێشەوە بکە.



## 105 بەگ بە شێوەی L

- هەندێک جار، بۆ ئەوەی بتوانیت بچیتە ناو گەراج یان پێویست بێت بە بەگ لە شەقامێک پێچبکەیتەوە و ئۆتۆمبێلەکەت ڕابگریت (پارکبکەیت)، ئەم مانۆڕە ئەنجام دەدەیت.






1. کوشن و ئاوێنەکان ڕێکبخە و دڵنیابە لەوەی زۆرترین مەترسییەکان ببینیت.
2. ئاوێنەی لای ڕاست بۆ بینینی لێواری شەقام یان هێڵەکان بەکاربهێنە.
3. بە هەردوو دەستت سوکانەکە بگرە و بە هێمنی بەرەو دواوە لێبخورە.
4. بەر لە گەیشتن بە خاڵی پێچکردنەوە، واتا کاتێک خەریکە لێواری شۆستەکە لە اوێنەکەوە دیارنامێنیت، بوەستە و بە هەردوو دەست سوکانەکە بسوڕێنە. تەماشای دواوە و لەو لایەی شەقامەکە بکە، کە پێچی تێدا دەکەیتەوە، بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی مەترسی.
5. ئاوێنەی لای ڕاست بە شێوەیەک ڕێکبخە بۆ لەوەی بتوانیت تایەی لای ڕاستی دواوە و لێواری شەقامەکە و هێڵەکان لە ئاوێنەکەوە ببینیت بێ ئەوەی پێویست بێت خۆت بچەمێنیتەوە.
7. ئاوبەناو تەماشای ئاوێنەی ناوەڕاست و ئاوێنەی لای چەپ بکە بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی مەترسی.
8. لە بیرت بێت کاتێک بۆ دواوە لێدەخوڕیت، پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە بە پێچەوانەی ئەو ئاراستەیە دەجووڵێت کە بەشی دواوە بۆی دەڕوات.
9. بە هێمنی بپێچێ بە پایەری زیادکردنی خێراییدا.
10. دوای پێچکردنەوە بە تەواوەتی، سوکانەکە ڕاستبکەرەوە و بە هێمنی بەردەوامبە تاوەکوو ئۆتۆمبێلەکە ڕێکدەبێتەوە و لە دووریەکی گونجاودا بوەستە.

## ! چۆن ئۆتۆمبێلێک ڕادەگریت ئەگەر کەرەڤانەی پێوە بەسترابێت؟



- کاتێک کەرەڤانەیەک بە ئۆتۆمبێلەکەتەوە بەسترابێت و بتەوێت بە یەک لێخوڕیست بۆ ئەوەی لە شوێنێکی دیاریکراودا کەرەڤانەکەت پارکبکەیت، یاخود بەنیازیت ئۆتۆمبێل و کەرەڤانەکەت بەیەکەوە لە شوێنێکی گونجاودا پارکبکەیت، ئەنجامدانی ئەم مانۆڕە، سەرەڕای ئەوەی پێویستی بە شارەزایی و ڕاهێنانی پێشوەختە هەیە، بە هۆی درێژی و مەترسی ئۆتۆمبێل و کەرەڤانەکە و ناوچە مردووەکانەوە، ئاگاداربە مەترسییەکانی زۆر زیاتر دەبن.
- بەر لە دەستپێکردن بە ئەنجامدانی مانۆڕەکە، دەوروبەری ئۆتۆمبێل و کەرەڤانەکە بپشکنە و دڵنیابە لە نەبوونی هیچ مەترسییەک.
- کاتێک دەستدەکەیت بە مانۆڕەکە، کەسێک دیاری بکە بۆ ئەوەی بە ئاماژەکردن ڕێنماییت پێبدات.
- هەمیشە لە بیرت بێت کە لە کاتی لێخوڕینی پاشەوپاش خێراییت لە خێرایی پیادەیەکی ڕۆیشتوو زیاتر نەبێت.
- بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەت لەگەڵ کەرەڤانەکە بەرێبکەوێت (مەقەس)، سوکانەکە زیاتر لە یەک چارەک یان نیوە زیاتر مەسووڕێنە.



- کاتێک بۆ لای ڕاست پێچدەکەیتەوە، وریابە بە هۆی ئەو ناوچە نادیارەی کەرەڤانەکە دروستی دەکات، ئاستی بینینت کەمدەبێتەوە.

## 106 پارک (Park)

▪ بریتییە لە ڕاگرتنی سوارڕۆ لە تەنیشت شۆستەی لێوار ڕێگادا بۆ ماوەی زیاتر لە 5 خولەک (بە مەرجێک بە مەبەستی وەستان، واتا بارکردن و داگرتن یان هەڵگرتن و دابەزاندنی سەرنشین نەبێت.) لەگەڵ کوژاندنەوەی بزوێنەرەکە. ڕاگرتنەکە بە شێوەیەکی ڕێک دەکرێت، کە دووری زیاتر نەبێت لە 30cm لە شۆستەکەوە لەگەڵ داخستنی دەرگاکانی.

لە کاتی پارککردندا لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون و ڕێگاکانی دەرەوەدا ڕووبەڕووی چەندین مەترسی دەبێتەوە. بۆیە پێویستە بە وریایی مامەڵە بکەیت و نەبێتە مایەی مەترسی یان سەغڵەتی بۆ کەسانی دیکە.




### ڕاگرتن پێویستە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامبدرێت:

1. پێویستە ئەو شوێنەی بۆ پارککردن دیاری دەکەیت، یاسایی و شیاو بێت و نەبێتە مایەی سەغڵەتی ئەوانی دیکە.
2. دوای دەستنیشانکردنی شوێنی گونجاو، پێش ئەوەی خێرایی کەمبکەیتەوە، بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە.
3. لە کاتی گونجاودا خێرایی کەمبکەرەوە و هێمای دەستە ڕاست دابگیرسێنە.
4. ئاگاداری کاتی ڕێگەپێدراو بۆ پارککردن بە ئەگەر هەبێت.
5. پارککردن بە وریاییەوە ئەنجام بدە، تاوەکوو نەبێتە مایەی زیانگەیاندن بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆت و کەسانی دەوروبەر یاخود بەو ئۆتۆمبێلانەی دیکە، کە لە لێوار شەقامەکە پارککراون.
6. کاتێک ئۆتۆمبێلەکەت پارکدەکەیت، دڵنیابە لەوەی بە هۆی بەرزی و نزمی یان لەکارکەوتنی وەستێنەرەکان (لیستۆیەکان) جووڵە ناکات. بۆیە هاندبرێک بەکاربهێنە و ئۆتۆمبێلەکە بخەرە گێڕ، هەروەها تایەکان ڕووەو شۆستەی لێوار ڕێگاکە بسووڕێنە.
7. دڵنیابوون لە نەبوونی مەترسی لە ڕێڕەوی نزیک لە سوارڕۆکە، بەر لە کردنەوەی دەرگا و هاتنەدەرەوە.



**بۆ پارککردنێکی سەلامەت:**

1. ئامێری ئاگادارکردنەوە کارا بکە.
2. لە شوێنی دیار و گونجاو پارک بکە.
3. دەرگا و جام و سندووق دابخە.
4. سویچی تێدا بەجێمەهێڵە.
5. بزوێنەر لەکاردا بەجێمەهێڵە.
6. هیچ شتومەکێکی بەنرخ لە ناو یان لەسەر کورسی بەجێمەهێڵە.

# 107 ئەو شوێنانەی پارککردن تێیاندا قەدەغەیە






- هەندێک ناوچە یان گەراج تایبەتکراون بە پارککردن بە کاتی دیاریکراو، بۆیە مەرجە پابەندبیت بە کاتی دیاری کراوەوە.






- ئەگەر لەناو تونێل شوێنی پارککردن هەبوو تەنیا بۆ حاڵەتی پەککەوتن بەکار دەهێنرێت چونکە لەناو تونێل وەستان و پارککردن مەترسیدارەو ژینگەی هەواکەی خاوێن نییە.



1. لە یەکترپڕەکاندا.
2. لە لای چەپی ڕێگادا.
3. لە هەوراز و نشێودا.
4. لەسەر پرد و ژێر پرد.
5. لەسەر ڕێڕەوی پاسکیل.
6. لە ڕێگایەکی پێچاوپێچدا.
7. لەسەر هێڵی شەمەندەفەر.
8. لە تەنیشت ئۆتۆمبیلی پارککراودا.
9. لەو شوێنانەی کە کاریان تێدا دەکرێت.
10. هەرکات ببێتە مایەی ئاستەنگی بینین بۆ بەکارهێنەرانی ڕێگا.
11. لە شوێنەکانی تایبەت بە پارککردنی ئۆتۆمبیلی کەسانی پەککەوتە.
12. لە شوێنێکدا کە ببێتە هۆی شاردنەوەی تابلۆ و هێماکانی سەر شەقام.
13. لەسەر هێڵی پەڕینەوەی پیادە و کەمتر لە 5M پێش هێڵی پەڕینەوە.
14. لەو شوێنانەی قەراغی ڕێگا نشێوە.
15. لە بەردەم دەروازەکانی چوونە ناو ڕێگاوە.
16. لە بەردەم دەرگای گەراجی تایبەت و گشتی.
17. لە هەر ڕێگەیەک ببێتە ئاستەنگ بۆ هاتوچۆ.
18. لە شوێنەکانی تایبەت بە وەستانی پاس و تەکسی.
19. لە بەردەم قوتابخانە و مزگەوت و شوێنە گشتییەکاندا.
20. کەمتر لە دە مەتر لە گۆشەی ڕێگای هەر یەکترپڕێک.



# 108 پارککردن

**لەبیرتبێت**

پێش دەرگا کردنەوە ببینە،
دڵنیابە، پاشان دەرگا بکەرەوە.





## 108 شێوەکانی پارککردن:

1 به شێوەی تەریب (پارالێل)

2 به شێوەی گۆشەی 45

3 به شێوەی گۆشەی 90



### 1 به شێوەی تەریب (پارالێل)

- ئەم شێوازە بریتییە لە پارککردنی ئۆتۆمبێل لە لێواری ڕێگا بە هەمان ئاراستەی لێخوڕین لەسەر شەقامەکە.
- لەسەر شەقامێکی دوو ئاراستە، ئۆتۆمبێلەکەت لە لای ڕاستی لێواری شەقامەکە پارک بکە، ئەگەر گونجاو و ڕێگەپێدراوبێت.
- پێویستە بە ڕێکی ئۆتۆمبێلەکەت پارک بەکەیت و تایەکانی لای ڕاست نابێت **30cm** لە کەناری شۆستە دوورتر بن.
- ئەگەر کەنارەکانی پارککردن دیاری کرابن لەسەر شەقامەکە، لە سنووری یەک ناوچەی پارککردن ئۆتۆمبێلەکەت پارک بکە.
- ئەگەر کەنارەکانی پارککردن لەسەر شەقامەکە دیاری نەکرابن، بە لایەنی کەمەوە دووری یەک مەتر لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکانی دیکەدا بپارێزە.
- کاتێک ئۆتۆمبێلەکەت پارک دەکەیت، دووری سێ مەتر لە نێوان ئۆتۆمبێلەکەی خۆت و هێڵی جیاکەرەوەی ناوەڕاستی شەقامەکە بپارێزە.

# 109 شێوەکانی پارککردن لە نێوان دوو ئۆتۆمبێلی پارککراودا




- تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە و دڵنیابە لە نەبوونی مەترسی.
- دڵنیابە، شوێنی دیاریکراو بۆ پارککردنەکە گونجاوە و بۆشایی گونجاو هەیە، بۆ ئەوەی بتوانیت ئۆتۆمبیلەکەتی تێدا پارکبکەیت.
- لە تەنیشت ئۆتۆمبێلی B دوە بە شێوەی تەریب بوەستە و نزیکەی نیو مەتر لە ئۆتۆمبێلی تەنیشتەوە دوور بە.
- گێرەکە بگۆڕە بۆ بەک و تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە، بۆ دووبارە دڵنیابوون لە سەلامەتی ئەنجامدانی پارککردن.
- لەسەرخۆ بەرەو دواوە ئۆتۆمبێلەکەت لێبخوڕە، کە تایەی دواوە گەیشتە کۆتایی (دەعامی) ئۆتۆمبیلەکە، سوکانەکە بسووڕێنە بۆ لای ڕاست و لەسەرخۆ بەرەو دواوە ئۆتۆمبیلەکەت لێبخوڕە.
- تەماشای ئەو ئاراستەیە بکە، کە ئۆتۆمبیلەکەت بۆی دەڕوات و ناوبەناو تەماشای پێشەوە و ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە، تاوەکوو تایەی پێشەوە دەگاتە کۆتایی (دەعامی) ئۆتۆمبێلی B .
- سوکانەکە بسووڕێنە بۆ لای چەپ و بەردەوامبە لەگەڵ تەماشاکردنی دواوە و ناوبەناویش تەماشای پێشەوە بکە.
- بەردەوامبە تاوەکوو ئۆتۆمبیلەکەت تەریب دەبێت لەگەڵ شۆستەکەدا و وریای ئۆتۆمبێلی پشتەوە بە.
- نابێت دووری ئۆتۆمبیلەکەت لە لێواری شۆستە لە 30 cm زیاتر بێت.
- سوکانەکە ڕاستبکەرەوە و بۆشایی گونجاو لەگەڵ ئۆتۆمبیلەکانی پێشەوە و دواوە جێبهێڵە.
- هاندبرێک کارا بکە ئەگەر شەقامەکە هەوراز یان نشێو بوو.
- بە وریاییەوە دەوروبەری ئۆتۆمبیلەکە و ئاوێنەکان بپشکنە و تەماشای ناوچەی مردوو بکە، بەر لەوەی دەرگای ئۆتۆمبیلەکەت بۆ هاتنەدەرەوە بکەیتەوە؛ ئەمەش بۆ وریابوون بەرامبەر پیادە، پاسکیلسوار یان سوارڕۆکانی دیکە، کە لە شەقامەکە تێدەپەڕن.

# 110 شێوەکانی پارککردن 2 بە لاری بە شێوەی گۆشەی 45





## 2 پارککردن بە لاری بە شێوەی گۆشەی 45

- بەم شێوەی پارککردنە، ئۆتۆمبێلەکەت بە گۆشەیەکی گونجاو لەگەڵ شۆستەی لێوار ڕێگاکە پارک دەکەیت.

- کاتێک ئەم شێوەیە پەیڕەودەکرێت، کە لەسەر شەقامەکە ‹کەنارەکانی› پارککردن بە شێوەی گۆشە هێڵکاری بۆ کرابێت.

- نابێت زیاتر لە یەک ستووری پارککردن بە ئۆتۆمبێلەکەت بگریت، کاتێک لەسەر ڕێگاکە کەنارەکانی پارککردن هێڵکاری کرابێت.

- ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەت درێژ بوو دەبێت، بەر لە پارککردن پێویستە دڵنیابیت لەوەی، کە پارککردنەکە نابێتە بەربەست لە بەردەم هاتوچۆی سوارڕۆکانی دیکە یان پیادەکان.

- گۆشەی دەعامی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە نابێت لە **30cm** دوورتر بێت لە کەناری شۆستە.

## 111 شێوەکانی پارککردن 3 شێوازی گۆشە 90



پارککردن بە گۆشە **90** لە نێوان دوو ئۆتۆمبێلی پارککراودا.

- سەرەتا شوێنی گونجاو بۆ پارککردنی ئۆتۆمبێلەکەت دەستنیشان بکە.
- بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی، تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە.
- بۆ ئاگادارکردنەوەی دەوروبەر، هێما دابگیرسێنە.
- دووری نزیکەی یەک مەتر و نیو لەگەڵ ئۆتۆمبێلی پارکراو لە لێوار شەقامەکە بەجێبهێڵە.
- بەشی چەپی ئۆتۆمبێلە پارککراوەکەی لای ڕاست لێتەوە دەردەکەوێت، سوکانەکە بسووڕێنە بەرەو لای ڕاست بە ئاراستەی شوێنی پارککردنەکە.
- تەماشای ناوەڕاستی شوێنی پارککردنەکە بکە و لەسەرخۆ بەرەو پێشەوە لێبخوڕە.
- ئۆتۆمبێلەکەت بوەستێنە، کاتێک دەعامی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەت نزیکەی **30 cm** لە شۆستەی شەقامەکە دوور بێت.
- دڵنیابە لەوەی ئۆتۆمبێلەکەت زۆر لە ئۆتۆمبێلە پارککراوەکانی تەنیشتەوە نزیک نەبێت لە هەردوو لاوە.
- بە وریاییەوە تەماشای دەوروبەری ئۆتۆمبێلەکەت بکە، بەر لەوەی دەرگای ئۆتۆمبێلەکەت بکەیتەوە.

## 112 شێوەکانی پارککردن 5 لەسەر گرد و هەوراز

■ کاتێک ئۆتۆمبێلەکەت رووەو هەوراز یان رووەو لێژی پارکدەکەیت، دەکرێت مەترسی گلۆربوونەوەی لێبکەوێتەوە بۆیە پێویستە:

■ کاتێک دەتەوێت لە شەقامێک پارکبکەیت روو لە هەوراز و شۆستەیە، سوکانەکە بۆ لای چەپ بسووڕێنە تاوەکوو تایەکانی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە رووەو لای چەپ بن، واتا بەرەو ناوەڕاستی شەقامەکە بن.



مەترسیدارە منداڵ بە تەنیا لە ئۆتۆمبێلدا بەجێبهێڵدرێت.

■ کاتێک دەتەوێت لە شەقامێک پارکبکەیت روو لە نشێوە و شۆستە هەیە، سوکانەکە بۆ لای ڕاست بسووڕێنە تاوەکوو تایەکانی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە رووەو لای ڕاست بن، واتا بەرەو شۆستەی شەقامەکە بن.

### لەبیرتبێت



برێک کارابکەیت و گێڕەکە لەسەر پەی یان P بێت.

(P)









8

113
128

# بارودۆخی سەر ڕێگاوبان

مەبەست لە بارودۆخی سەر ڕێگاوبان سەرجەم ئەو مەترسییانەیە کە بە هۆی گۆڕانکاری لە ڕێگادا دێنەئاراوە، وەک: یەکتربڕەکان، فلکە، هەوراز و نشێو، پێچ یاخود بە هۆی گۆڕانکاری لە کەشوهەوادا وەک: خلیسکبوونی ڕێگا، تەم، بای بەهێز، گەردەلوول و خۆڵبارین ڕووبەڕوویان دەبینەوە و کاریگەرییان لەسەر توانای لێخوڕین و جڵەوکردنی ئۆتۆمبێل دەبێت. بۆیە پێویستە وەک شۆفێر هەمیشە بە وریاییەوە لێبخوڕیت و خێرایی و هەڵسوکەوتی لێخوڕین بەگوێرەی مەترسییەکانی دەوروبەر ڕێکبخەیت، تاوەکوو بتوانیت بە سەلامەتی لێبخوڕیت و نەبێتە مایەی مەترسی بۆ بەکارهێنەرانی دیکەی ڕێگاوبان.

# ROAD CONDITIONS



## 113 خێراییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

یەکێک لەو بابەتانەی لە ڕێککەوتننامە جیهانییەکاندا هیچ بڕیارێکی لەسەر نەدراوە، دیاریکردنی جۆری خێراییەکانە لە هەر وڵاتێک، بە هۆکاری هەبوونی جیاوازی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە؛ ئەمەش بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و کەشوهەوا و خزمەتگوزاری هەر وڵاتێکە لەوەی دیکە. تەنیا بابەتێک کە باسکراوە، دانانی تابلۆی G14 یە لەسەر سنووری هەر وڵاتێک بۆ ئەوەی سەردانکەران و گەشتیاران لە سنووری خێراییە دیاری کراوەکەی ئاگاداربکاتەوە.




بەپێی بڵاونامەی ژمارە **2**ی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم لە ڕێکەوتی **2011/5/10** خێرایی ڕێگاوبانە گشتییەکانی ناو شار و شارۆچکەکان و نێوان شار و شارۆچکەکانی هەرێم بەم جۆرانەی خوارەوە دیاریکراون:




- بەرزترین خێرایی (نێوان شار و شارۆچکەکان): 100km
- بەرزترین خێرایی (لە ناوچەی نیشتەجێبوون (شەقامە سەرەکییەکان): 60km
- بەرزترین خێرایی (لە ناوچەی نیشتەجێبوون - کۆڵانەکان): 20km

شۆفێر دەتوانێت لەم خێراییانە کەمتر لێبخوڕێت، بەپێی ئەوەی کە پێویست بکات یان دیاریکرابێت.

150m 120m 100m 60m 40m 30m

**تێبینی**

مەبەست لە ناوهێنانی شەقام بە مەتری خێراییەکەی نییە، بەڵکوو پانتایی سەرجەم شەقامەکەیە، بە ڕێگای سەرکی و خزمەتگوزاری و شۆستە و دوورگەی ناوەندەوە (جەزرەی وەسەتی).
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم دەسەڵاتی تەواوی گۆڕانکاری هەیە لە خێراییەکان لە کاتی پێویستدا.






# Intersection

## 114 یەکتربڕ



- «یەکتربڕ» بە هەر یەکێک لە یەککرتن و تێکەڵبوونەوەکانی ڕێگاکان دەگوترێت و ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە کە لە بەیەککەیشتنی ڕێگاکان و دابەشبوونی ڕێگادا دروستدەبن.

- لە هەر شوێنێکدا کە ڕێگاکان یەکتربڕن ئەگەری دروستبوونی ڕووداو هەیە. پێویستە دڵنیابیت کێ مافی پێشڕەوی هەیە. لەبەر ئەوە دەبێت یاسای مافی پێشڕەوی لە ڕێگەی هێماکانی هاتوچۆوە بزانیت، کە پێشاندەدرێن.

- **یەکتربڕی:**

1. کۆنترۆڵکراو
2. کۆنترۆڵنەکراو

- ئەگەر لە یەکتربڕدا ئەمانەی خوارەوە هەبن، بە **کۆنترۆڵکراو** دادەنرێت:
  پرد • پۆلیسی هاتوچۆ • ترافیک لایت • تابلۆی پێشڕەوی • تابلۆ یان هێڵی ستۆپ • تابلۆ یان هێڵی (ڕێگە بدە).
- ئەگەر هیچ کام لەوانە نەبوو، پابەندبوونی دەستە ڕاست جێبەجێ دەکرێت (کۆنترۆڵنەکراو).

### جۆرەکانی یەکتربڕ

- لەسەر بنەمای لاکان-باڵەکان بەشە پێکهێنەرەکانی **Road Segments-Arms**

| | |
|---|---|
| یەکتربڕی دووڕیان | Two Legs Intersectkin |
| یەکتربڕی سێڕیان | Three Legs Intersection |
| یەکتربڕ بە شێوەی Y | Y Section |
| یەکتربڕی چوارڕیان | Four Legs Intersection |
| یەکتربڕی شەشڕیان | Six Legs Intersection |
| یەکتربڕی فرە ڕێ | Multi Legs Intersection |

- ئینتەرچەینج **Interchanges**
- بریتییە لە بەیەککەیشتنی ڕێگاکان لەگەڵ بوونی لاری و لێژیدا، هەمان کات ڕەمپەیەک یان زیاتربوونی هەیە تا لە ڕێگا خێراکاندا دوور لە بەریەککەوتن و یەکتربڕی، شەپۆل و جووڵەکانی دیکە کار ئاسانی بۆ جووڵەی هاتوچۆ بکەن.

**چەند جۆرێکی ئینتەرچەینج**

- لەندەرپاس Underpass
- ئۆڤەر پاس Overpass
- ترومپێت Trumpet Interchange
- دایەمەند Diamond Interchange
- کلۆڤەرلیف Cloverleaf Interchange
- نیمچە کلۆڤەرلیف Partial cloverleaf
- ئاراستەکەر Directional
- خولانەوەی بەپرد ڕۆتەری Bridged Rotary

# 115 جۆرەکانی یەکتربڕ

## 1 یەکتربڕی کۆنترۆڵ کراو

واتا هەموو ڕێگاکان لە ڕووی فراوانییەوە یەکسانن. یەکتربڕی کۆنترۆڵکراو بە یەکێک لەمانەی خوارەوە کۆنترۆڵ کراوە: پرد ترافیک لایت پۆلیسی هاتوچۆ فلکە تابلۆ هێڵکاری سەر شەقام.



## 2 یەکتربڕی کۆنترۆڵ نەکراو

ئەگەر یەکتربڕەکە بە هیچ یەکێک لەم خاڵانە کۆنترۆڵ نەکرابێت: پرد ترافیک لایت پۆلیسی هاتوچۆ فلکە تابلۆ هێڵکاری سەر شەقام. ئەو یەکتربڕە کۆنترۆڵ نەکراوە و دەبێت ، خێرایی کەمبکیتەوە و ئامادەبیت بۆ وەستان؛ ڕێگە بەو سوارڕۆیانە بدە کە پێشتر چوونەتە ناو یەکتربڕەکەوە و ئەگەر لە هەمان کاتدا لەگەڵ سوارڕۆیەکی دیکە گەیشتیتە یەکتربڕەکە، ڕێگە بەو سوارڕۆیە بدە لە شەقامی ڕاستەوە دێت، واتا پابەندبوونی دەستە ڕاست جێبەجێ بکە.



## 3 ڕێگەی سەرەکی و لاوەکی

چوارڕیانێکە کە تێیدا ڕێگایەکی سەرەکی لەگەڵ ڕێگایەکی لاوەکی یەکتر دەبڕن:

- هەمیشە پێشڕەوی بۆ ئەو سوارڕۆیانەیە کە لە ڕێگا سەرەکییەکەوە لێدەخوڕن.
- پێویستە لە کاتی تێپەڕبوندا زۆر وریابیت، چونکە زۆر جار شۆفێران بە یاسای پێشڕەوییەوە پابەندنابن و ئەگەری تووشبوون بە ڕووداو تێیدا زۆرە.



## 5 یەکتربڕێک بە شێوەی T

ئەم جۆرە یەکتربڕە بەزۆری بە هێمای وریاکردنەوە لە وەستان کۆنترۆڵکراوە.

- ئەو سوارڕۆیانەی بۆ دەستە ڕاست یان دەستە چەپ پێچدەکەنەوە، دەبێت بۆ ئەوانە بوەستن، کە ڕاستەوڕاست بە ناو یەکتربڕەکەدا لێدەخوڕن.
- بەر لەوەی لەم یەکتربڕە پێچبکەیتەوە، تەماشای لای چەپ و ڕاست بکە و بە وریاییەوە پێچکردنەوەکە ئەنجام بدە.



## 4 یەکتربڕێک بە شێوەی Y

لەم جۆرە یەکتربڕەدا، بە هەمان شێوەی یەکتربڕی T سێ ڕێگا، یەکتر دەبڕن.

- هەندێک جار بە شێوەیەک دەردەکەوێت، کە دوو ڕێگا یەکدەگرن و ڕێگایەکی نوێ پێدەهێنن.
- بەزۆری بە هێمای وەستان کۆنترۆڵکراوە.

**تێبینی** بەگوێرەی یاسای هاتوچۆی ژمارە 86ی ساڵی 2004ی عێراق، هەمیشە پێشڕەوی بۆ شەقامی سەرەکییە، بۆیە لە چوارڕیان و تەواوی یەکتربڕەکاندا پێشڕەوی بۆ ئەو شۆفێرانەیە کە لە شەقامی سەرەکییەوە دێن

- چوارڕیان دیارترین جۆری یەکتربڕەکانە و زۆرترین جار ڕووبەڕووی دەبینەوە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی نیشتەجێبووندا.
- بە شوێنێکی مەترسیدار دادەنرێت و پێویستە وریابیت لە کاتی گەیشتن بە چوارڕیانێکدا.
- لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون پەڕینەوەی پیادەکان و پێچکردنەوە بە لای ڕاست و چەپدا، لێخوڕینی ڕاستەوڕاست لە مەترسییە چاوەڕوانکراوەکانن.



ئەم هێڵانە بۆ وریاکردنەوەن لە مەترسی و کەمکردنەوەی خێرایی دەکێشرێن لە:

- لە پێش پرد.
- لە پێش پێچ.
- لە پێش فلکە.
- لە پێش تونێل.
- لە پێش یەکتربڕ.
- لە پێش هەوراز و نشێو.
- لە پێش هێڵی پەڕینەوە.
- لە پێش تاسەی دەستکرد.

ڕێبەری هاتوچۆ

## 116 یاسای ڕێگەپێدان و وەستان (ئیستۆپ)











- یەکتربڕەکان کە بە پرد و پۆلیسی هاتوچۆ، هێماکانی هاتوچۆ یان گڵۆپەکانی هاتوچۆ (ترافیک لایت) یاخود هەردووکیان کۆنترۆڵ دەکرێن. ئەو یەکتربڕانەش کە هیچ یەکێک لەمانەیان تێدا نەبێت، یاسای دەستەڕاست تێیاندا پەیڕەو دەکرێن.

- بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بە نێو یەکتربڕێکدا تێپەڕیت، پێویستە یاساکانی تایبەت بە پێشڕەوی بزانیت؛ جا ئەگەر هێماکانی هاتوچۆ لە یەکتربڕەکەدا هەبێت یان نەبێت، دەبێت بزانیت کێ مافی پێشڕەوی هەیە.

- لە یەکتربڕەکاندا، پێویستە هەمیشە وریابیت، چونکە لەوانەیە شۆفێرانی دیکە شارەزای یاساکان نەبن یان گرنگیان پێنەدەن.

- هێمای **GIVE WAY** (ڕێگە بدە)، واتا پێویستە ڕێگە بە سوارڕۆکانی دیکە بدەیت بۆ تێپەڕین.

- هێمای **STOP** (بوەستە)، واتا پێویستە ئۆتۆمبێلەکەت بە تەواوەتی لە بەردەم هێڵی وەستاندا بوەستێنیت. دوای وەستان بە وریاییەوە تەماشای شەقامەکانی یەکتربڕەکە بکە، چەپ، ڕاست، چەپ، بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی مەترسی پاش دڵنیابوون دەستبکەرەوە بە لێخوڕین.

## 117 پێچکردنەوە بۆ دەستە ڕاست لە یەکتربڕێکدا:









- لە دووریەکی گونجاوەوە دوای دڵنیابوون لە سەلامەتی هێما دابگیرسێنە و ڕێڕەوی لای ڕاست بگرەبەر.
- ئەگەر ڕێڕەوی لای ڕاست بە هۆی بەربەستێک یان سواررۆی پارککراوەوە گیرابێت، لە ڕێڕەوی لای ڕاستدا بمێنەوە تاوەکوو بەربەست یان سواررۆ پارککراوەکە تێدەپەڕێنێت، پاشان مانۆڕی گۆڕینی ڕێڕەوەکە ئەنجام بدە.
- دڵنیابە لەوەی نابێتە مایەی مەترسی بۆ سواررۆکانی دیکە یان پاسکیلسوارەکان کە لە تەنیشتی لای ڕاستەوە تێدەپەڕن یاخود کاتێک پیادەکان لە شەقامەکە دەپەڕنەوە.
- پێش پێچکردنەوە تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە.
- لە کاتی پێچکردنەوەدا نابێت مەترسی بۆ سواررۆکانی دیکە و پیادە و پاسکیلسوارەکان دروستبکەیت.
- دوای پێچکردنەوە،هێماکە بکوژێنەوە و ڕێڕەوی گونجاو بگرەبەر.

## 118 پێچکردنەوە بۆ دەستە چەپ لە یەکتربڕێکدا:



- پەر لەوەی بگەیت بە یەکتربڕەکە، ڕێڕەوی گونجاو لە کاتی گونجاودا لەسەر شەقامەکە بگرەبەر: ئەگەر لەسەر شەقامەکە سێ ڕێڕەو جیاکرابێتەوە، لە ڕێڕەوی ناوەڕاستدا بمێنەوە و ئەگەر شەقامەکە بە دوو ڕێڕەو جیاکرابێتەوە، ڕێڕەوی لای چەپ بگرەبەر.
- ئەگەر هیچ هێلکارییەک بۆ جیاکردنەوەی ڕێڕەوەکان لەسەر شەقامەکە نەکێشرابێت، یان ڕێڕەوەکان لەسەر شەقامەکە بە هێڵ جیانەکرابنەوە، پێویستە بەگوێرەی فراوانی شەقامەکە و هەڵسەنگاندنی خۆت شوێنی گونجاو لە لای چەپی شەقامەکە بگریت.
- وریابە بەرامبەر بە ، هێڵی پەڕینەوەی پیادەکان ، ڕێڕەوی پاسکیل، ئەگەر لەسەر شەقامەکە هەبن.
- وریابە بەرامبەر بە ، گڵۆپی هاتوچۆ ، ئاماژەکانی پۆلیسی هاتوچۆ بۆ پێشڕەوی.
- تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکە.
- وریابە لە کاتی ڕاوەستان و هێواشکردنەوەدا.
- بە وریاییەوە دەستبکە بە تێپەڕین بە ناو یەکتربڕەکەدا.
- وریابە بەرامبەر بە پیادەکانی، کە لە هەردوو لای شەقامەکەوە دەپەڕنەوە.
- لە کاتی لێخوڕین بە نێو یەکتربڕەکەدا زۆر بە وریاییەوە لێبخوڕە و ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو و خێرایی سوارۆکانی دیکە لەبیرمەکە.
- دوای ئەنجامدانی پێچکردنەوەکە هێماکە بکوژێنەوە و ڕێڕەوی گونجاو بگرەبەر، هەروەها وریای خێرایی ڕێگەپێدراو بە لەسەر شەقامەکە.

**لەبیرتبێت**

پێچکردنەوە بۆ دەستە چەپ مەترسیدارە، بەتایبەتی لە شەقامە جەنجاڵەکان و ئەوانەیش بە هێماکان کۆنترۆڵکراون. ئەنجامدانی هەر هەڵەیەک لە هەڵسەنگاندنی دووری و خێرایی سوارۆکانی دیکە یان کەمتەرخەمی، دەکرێت ڕووداوی لێبکەوێتەوە. نابێت هێڵی نەپچڕاو ببەزێنیت











- ئەگەر هێڵی وەستان لە کۆتایی شەقامەکەدا کێشرابێت، پێویستە بەر لە گەیشتن بە هێڵەکە ئۆتۆمبێلەکەت بە تەواوەتی بوەستێنیت و بەر لەوەی دەستبکەیتەوە بە لێخوڕین بۆ نێو یەکتربڕەکە؛ دەبێت ڕێگە بە پیادە و لەو سوارڕۆیانە بدەیت کە مافی تێپەڕینیان هەیە.

- ئەگەر هێڵی وەستان لەسەر شەقامەکە نەکێشرابێت، لە بەردەم هێڵەکانی پەڕینەوەی پیادەکان بوەستە، ئەگەر هەبن.

- ئەگەر هێڵی وەستان یان هێڵی پەڕینەوەی پیادە لەسەر رووی شەقامەکە دیاری نەکرابێت، دەبێت بە دووریەکی گونجاو بوەستیت، بۆ ئەوەی پیادەکان بتوانن لە شەقامەکە بپەڕنەوە.

- ئەگەر هیچ پیادەیەک یان سوارڕۆیەک لە شەقامەکەدا نەبێت تاوەکوو بوەستیت بۆ تێپەڕینیان، دەکرێت بچیتە ناو یەکتربڕەکەوە، بێ ئەوەی بەتاوەتی ئۆتۆمبێلەکەت بوەستێنیت.

- دەبێت لەسەرخۆ و بە وریاییەوە بچیتە ناو یەکتربڕەکەوە تاوەکوو بتوانیت بە ئاسانی لە کاتی دەرکەوتنی مەترسیدا بۆ پیادە یان سوارڕۆکانی دیکە بوەستێنیت.

- لە یەکتربڕێکدا، کە بە گڵۆپی هاتوچۆ (ترافیک لایت) یان هێمای وەستان و پابەندبوون کۆنترۆڵکرابێت، زۆر بە وریاییەوە لێبخوڕە، چونکە هەمیشە لەوانەیە شۆفێرانی دیکە بە هێماکان یان گڵۆپی ترافیک لایتەکانەوە پابەندنەبن.

- کاتێک گڵۆپی سەوز دادەگیرسێت، وریابە بەرامبەر بە پاسکیلسوارەکان و پیادەکان کە لە شەقامەکە دەپەڕنەوە.

# 119 فلکە



- جۆرێکە لە یەکتربڕ بە شێوەیەکی بازنەیی ڕێکە بە هاتوچۆی سوارڕۆکان دەدات، لە دەوری بەربەستی بازنەیی ناوەڕاستی یەکتربڕەکە بەرەو لەو شەقامە لێبخوڕن، کە دەیانەوێت بۆی بڕۆن.

- لێخوڕین لە فلکەدا بە پێچەوانەی سووڕانەوەی میلی کاتژمێرە.
- پێشرەوی بۆ ئەو سوارڕۆیانەیە کە پێشتر لەناو گۆڕەپانی فلکەکەدان.

**شوێنگرتن لە فلکە**




**هێماکردن لە فلکە**



**پێشرەوی لە فلکە**



## گرنگی فلکە چییە؟

1. دەبێتە هۆی **کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پێکدادانی سوارڕۆکان** لە شەقامە جەنجاڵەکاندا.
2. کەمکردنەوەی مەترسییەکان لە ڕێگەی لێخوڕین بە لەسەرخۆیی.
3. کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سووتەمەنی.
4. کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە.
5. ئاسانی و خێرایی لە هاتوچۆکردندا.



## 120 مەترسییەکانی فلکە

- سەرەڕای ئەوەی، سوودی زۆر دەگەیەنێت، بەڵام ئەو مەترسییانەیش زۆرن کە لە فلکەدا دەکرێت ببنە هۆی دروستبوونی ڕووداو. زۆربەی ڕووداوەکانی ناو فلکەکان ڕوودەدەن بە هۆی:
  - لێخوڕین بە خێرایی زۆر و کۆنترۆڵنەکردنی سوارڕۆکە.
  - تەماشانەکردنی ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو.
  - دانەگیرساندنی هێما بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوانەی دەوروبەر.
  - وریانەبوون بەرامبەر بە سوارڕۆکانی پشتەوە.
  - گرتنەبەری ڕێڕەوی هەڵە لەناو فلکەدا یان پێش چوونە ناو فلکە و دەرچوون لە فلکە.
  - بە هەڵە هەڵسەنگاندنی خێرایی سوارڕۆکانی ناو فلکە یان پیادە و پاسکیلسوارەکان.

## چەند ڕێنماییەک بۆ لێخوڕین لە فلکەدا

- بۆ ئەوەی دووربیت لە مەترسییەکان بە هۆی لێخوڕین لە نێو فلکەدا، ڕەچاوی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بکە:



### پێش ئەوەی بچیتە نێو فلکەوە

- پێشوەختە بڕیار لەبارەی گرتنەبەری ڕێگای دەرچوون لە نێو فلکەکەدا بدە.
- ڕێڕەوی گونجاو لە ڕێگاکەدا بگرەبەر و هێما لە کاتی گونجاودا دابگیرسێنە تا نەبێتە هۆی سەرقاڵکردن یان سەر لێشێواندنی بەکارهێنەرەکانی دیکەی ڕێگاکان.
- خێرایی لێخوڕین و شوێنگرتن لە ڕێڕەوەکاندا بەگوێرەی باروودۆخی شەقامەکە و سوارڕۆکانی دیکە بگونجێنە و وریای خێرایی سوارڕۆکانی دیکە بە.

### کاتی گەیشتن بە فلکە

- ئەو سوارڕۆیانەی پێشتر لەناو فلکەکەدان، مافی پێشڕەوییان هەیە و پێویستە ڕێگا بە تێپەڕینیان بدەیت.
- وریای ئەو سوارڕۆیانە و هەڵسوکەوتەکانیان بە، کە لەناو فلکەکەدا لێدەخوڕن، چونکە لەوانەیە ئیشارەتەکان دانەگیرسێنن یان پابەندنەبن پێیانەوە.
- وریای پیادەکان بە، کە لەوانەیە لە ڕێڕەوەکانی هاتنەناوەوە و دەرچوون لە فلکەکە بپەڕنەوە.
- وریابە بەرامبەر بە هەڵسوکەوتەکانی ماتۆڕسوار و پاسکیلسوارەکان.
- وریای بارهەڵگرەکان و ئەو ئۆتۆمبێلانە بە، کاتێک کەرەفانەیان پێوەبەستراوە، بە هۆی درێژییەکەیانەوە لەوانەیە زیاتر لە ڕێڕەوێک بۆ هاتنەناوەوە و دەرچوون لە فلکەکەدا بگرن.

## 121 پێچ، هەوراز و نشێو



• پێچێک بۆ لای دەستە چەپ



• پێچێک بۆ لای دەستە ڕاست



• پێچێک بۆ لای دەستە چەپ پاشان بۆ دەستە ڕاست



• پێچێک بۆ لای دەستە ڕاست پاشان بۆ لای دەستە چەپ




• نشێو لە پێشەوە




• هەوراز لە پێشەوە

لەو بارودۆخە مەترسیدارانەی بەسەر ڕێگاوبانەکاندا دێن پێچ و هەوراز و نشێوەکانن، کە زۆر جار بە هۆی مامەڵەی نازانستی شۆفێران لەگەڵیاندا ڕووداوی زۆر مەترسیداریان لێدەکەوێتەوە.

بەپێی تابلۆکان دوو جۆر پێچ هەن یەکێکیان بە یەک پێچی کەوانەیی بە لای ڕاست یاخود چەپدا دیاری دەکرێت لەوی دیکەیان بە چەند پێچێکی یەک لە دوایەکدا دێت، هەوراز بە ئاماژەیەکە، کە لا ڕاستی تابلۆکە بەرزە و لای چەپ نزمە، نشێویش لای چەپی تابلۆکە بەرزوە و لای ڕاستی نزمە.

### چەند بنەمایەکی هاوبەش:

1. پێش پێچ یان هەوراز و نشێو بەپێی پێویست دەبێت خێرایی کەمبکرێتەوە
2. پارک و وەستان ئەنجام نەدرێت
3. چەند دەکرێت لای ڕاستی ڕێڕەو بەکاربهێنرێت
4. تێپەڕاندن ئەنجام نەدرێت ئەگەر شەقام دوو ئاراستە بوو.
5. وریای لێخوڕی ڕووبەڕوو بێت.
6. لە نشێودا گێڕی ئۆتۆمبێل ئەخرێتە سەر بۆش خێرایی ڕێگەپێدراو نەبەزێنرێت.



# گۆرانکارییەکانی کەشوهەوا



- مەبەست لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە سەرجەم کاریگەرییەکانی کەشوهەوا لە وەرزە جیاجیاکاندا، کە کاردەکەنە سەر لێخوڕینێکی سەلامەت. کاریگەرییەکان بە گشتی دەبنە هۆی دابەزینی ئاستی بینین یان خلیسکبوونی ڕێگا یاخود هەردووکیان لە هەمان کاتدا.
- کاتێک ئاستی بینین بە ڕێژەیەکی زۆر دادەبەزێت، پێویستە لایتەکانی ڕووناکی بەکاربهێنێت، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە ناتوانێت دووری زیاتر لە **100** مەتر پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەت ببینێت. هەروەها دەتوانێت گڵۆپەکانی (ڕووناکییەکانی) تایبەت بە تەم دابگیرسێنێت.



## 123 | 1 لێخوڕین لە وەرزی زستاندا





### لێخوڕین لە کاتی بارانبارین و تەڕبوونی شەقام



لە کاتی بارانبارین یان لەو کاتانەدا کە سەر ڕووی شەقامەکان خلیسکە، لەیادت بێت کە مەودای دووری زیاتـرت پێویستە بۆ ئەوەی بتوانیت ئۆتۆمبێلەکەت بوەستێنیت، بە جۆرێک کە دوو ئەوەندە زیاتر دەبێت بەراورد بەو کاتانەی کە سەر ڕووی شەقامەکان ئاسایین. ئەمەش بە هۆی کەمبوونەوەی بەریەککەوتن یان لێکخشانی تایەکانی ئۆتۆمبێلەکەیە لەگەڵ ڕووی سەرەوەی ڕێگاکان. لەبەر ئەوە پێویستە لەم دۆخەدا ڕەچاوی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بکەیت:

1. دووری گونجاو لەگەڵ سوارڕۆکانی پێشەوەدا پارێزە، چونکە ئەمە یارمەتیدەدات مەترسییەکانی پێشەوە بە باشی ببینیت و کاتی زیاترت دەبێت بۆ هەڵسەنگاندن و کاردانەوە لە بەرامبەردا.

**بۆ نموونە** ئەگەر ماوەی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە مەترسییەکە لەگەڵ ماوەی پێویست بۆ وەستاندن (ڕاگرتن/ئیستۆپکردن) بخەملێنین، لە کاتێکدا بە خێرایی جیاواز لێدەخوڕیت، ئەوا ماوەی پێویست و توانای تۆی شۆفێر بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێلەکەت تاوەکوو گەیشتن بە مەترسییەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:



| | |
|---|---|
| **ئەگەر بە خێرایی 48 km لە کاتژمێرێکدا لێبخوڕیت** | 48 \| 23 M \| 6 x |
| 23 مەتر یان ئەندازەی درێژی 6 ئۆتۆمبێل پێویستە بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێلەکەت بە تەواوەتی. | |
| **ئەگەر بە خێرایی 64 km لە کاتژمێرێکدا لێبخوڕیت** | 64 \| 36 M \| 9 x |
| 36 مەتر یان ئەندازەی درێژی 9 ئۆتۆمبێل پێویستە بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێلەکەت بە تەواوەتی. | |
| **ئەگەر بە خێرایی 80 km لە کاتژمێرێکدا لێبخوڕیت** | 80 \| 38 M \| 13 x |
| 38 مەتر یان ئەندازەی درێژی 13 ئۆتۆمبێل پێویستە بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێلەکەت بە تەواوەتی. | |
| **ئەگەر بە خێرایی 96 km لە کاتژمێرێکدا لێبخوڕیت** | 96 \| 73 M \| 18 x |
| 73 مەتر یان ئەندازەی درێژی 18 ئۆتۆمبێل پێویستە بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێلەکەت بە تەواوەتی. | |

ماوەی سەلامەت بەندە بە:

1 جۆری ڕێگا 2 خێرایی ڕێگا 3 بارودۆخ و کەشوهەوا 4 جۆری سوارڕۆ.

## ڕێگایەکی ئاسان بۆ خەمڵاندنی ماوەی سەلامەت

نیشانەیەک لەسەر ڕێگا دیاری بکە، تابلۆ یا ستوونی کارەبا، هەر کات ئۆتۆمبێلی پێشەوە لەو نیشانەیە تێپەڕی کە تۆ دیاریت کردووە دوو چرکە بژمێرە بڵێ: 1001 - 1002 ئەگەر نیشانەکەت تێپەڕاند پێش کۆتایی دوو چرکەکە دەبێت خۆت دووربخەیتەوە، چونکە زۆر لێی نزیکیت






لە بارودۆخی ئاساییدا ماوەی **2** چرکە لە نێوان ئۆتۆمبێلی خۆت و ئۆتۆمبێلی پێشت بهێڵەوە




لە بارودۆخی ئاساییدا ماوەی **3** چرکە لە نێوان ئۆتۆمبێلی خۆت و ئۆتۆمبێلی پێشت بهێڵەوە




لە بارودۆخی نائاساییدا ماوەی **4** چرکە لە نێوان ئۆتۆمبێلی خۆت و ئۆتۆمبێلی پێشت بهێڵەوە




بۆ لێخوڕینی بارهەڵگر ماوەی **4** چرکە لە نێوان ئۆتۆمبێلی خۆت و ئۆتۆمبێلی پێشت بهێڵەوە





نیشانەیەک لەسەر ڕێگا دیاری بکە و دوو چرکە بژمێرە



**1001** هەزار و یەک



**1002** هەزار و دوو

ڕێبەری هاتوچۆ

1 دەبێت ئەوەش بزانیت، کە ئەم پێوانەکردنە بەگوێرەی تێکڕای توانای سەرنجدانت یان توانای بیرکردنە و هەڵسەنگاندن بۆ مەترسییەکە دەگۆڕێت. هەروەها بارودۆخی ڕووی شەقامەکە، دۆخی ڕێگاوبان و خێرایی گونجاوی ئۆتۆمبێلەکەت لەو کاتەدا کاریگەریان دەبێت. هەربۆیە دەبێت لە کاتی تەڕبوونی ڕێگاکاندا ڕەچاوی پارێزکاری لە دووری زیاتر بکەیت لەگەڵ سوارڕۆکانی پێشەوەدا. هەروەها پێوانەکردنەکە بەگوێرەی خێرایی سوارڕۆکەت دەگۆڕێت.

2 لەگەر سوکانی ئۆتۆمبێلەکەت بە تەواوەتی کۆنترۆڵ نەکرا، لەوانەیە بە هۆی ئاوی سەر شەقامەکەوە بێت، کە بەربەست لە نێوان تایەکانی ئۆتۆمبێلەکە و بەریەککەوتنیان لەگەڵ ڕووی شەقامەکەدا دروست دەکات. لە بارودۆخێکی لەم جۆرەدا پێویستە پێت لەسەر پایدەری خێرایی زیادکردن لابەریت و لەسەرخۆ خێرایی کەمبکەیتەوە.

3 لەوانەیە ڕژان و لێچوونی چەوری لە سوارڕۆکانی دیکە مەترسی گەورە لە ڕێگەی خلیسکبوونی ڕێگاکە و کەمبوونەوەی ڕێژەی بەریەککەوتنی (لێکخشاندنی) تایەکان لەگەڵ ڕووی ڕێگاکە دروست بکات.

4 لەم دۆخەدا، پێویستە زۆر زیاتر بەرامبەر مەترسییەکانی پیادە و پاسکیلسوار و ماتۆڕسوارەکان وریابیت.



! لە وەرزی سەرما **پشیلە پەنادەباتە ژێر ئۆتۆمبێل** یان ناو بزوێنەر، بۆ ئەوەی خۆی لە سەرما بپارێزێت، تکایە پێش ئەوەی کار بە ئۆتۆمبێلەکەت بکەیت تەماشای ناو بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکەت بکە یان بەدەست چەند جارێک بکێشە بە بۆنیتی ئۆتۆمبێلەکەتدا.






## 2 لێخوڕین لە وەرزی زستاندا

### لێخوڕین لە کاتی بەفر و کەشوهەوای زۆر سارددا

ئەگەر لە زستاندا خۆت بۆ گەشت ئامادە کردووە و دەتەوێت دەست بە لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکەت بکەیت، لە بیرت بێت لەپێناو سەلامەتیدا ڕەچاوی چەند بنەمایەک بکە :





- پێش دەستکردن بە گەشت لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە ڕاپۆرت و پێشبینییەکانی کەشوهەوا وە زانیاری وەربگرە، دەست بە گەشتەکەت مەکە، ئەگەر بارودۆخەکە گونجاو نەبێت. ئەگەر ناچاربوویت هەر گەشت بکەیت، ئەوا کاتی زیاتر بە گەشتەکە بدە و پێداویستییەکانی سەلامەتی و فریاگوزاریی سەرەتایی، جلوبەرگی ئەستوور، بەتانی (بالیف) و زنجیر و پێداویستییەکانی دیکە لەگەڵ خۆتدا بە.



- پێش دەستکردن بە گەشت، دڵنیابە لە پاکی و خاوێنی جامەکانی ئۆتۆمبێلەکەت، لایتەکانی ڕووناکردنەوەی پێشەوە و دواوە، تابلۆکانی ئۆتۆمبێلەکە و کارکردنی قڵچەکان.
- هەندێک جار زۆر دابەزینی پلەکانی گەرما، لەوانەیە ببێتە هۆی بەستنی ئاو لەسەر جامەکانی ئۆتۆمبێلەکە؛ بۆیە پێش دەستکردن بە لێخوڕین، پێویستە بە شێوەیەکی گونجاو پاکیانبکەیتەوە. بەڵام نابێت ئاوی زۆر گەرمی بۆ بەکاربهێنیت، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی تەقینی جامەکە. دەتوانیت بە داگیرساندنی گەرمی ئۆتۆمبێلەکە یان بە ئاو یاخود قڵچە و سپرای تایبەت پاکیبکەیتەوە.

- لە کاتی لێخوڕیندا بە وریاییەوە مامەڵە بکە و پارێزگاری لە دووری گونجاو بکە.
- لە کاتی تێپەڕاندا وریای پەڕینی زیخ یان بەردی سەر ڕێگاکە بە، کە لەوانەیە لە کاتی بەفر و بەستندا لە لایەن شارەوانییەوە بەسەر شەقامەکاندا بڵاوکرابێتەوە.
- وریابە بەرامبەر گۆڕانی کتوپڕی کەشوهەوا و کارکردنی ئۆتۆمبێلەکانی پاککردنەوەی ڕێگا.
- خۆت بەدوور بگرە لە هەر هەڵوێستێکی کتوپڕی وەک ئیستۆپکردن یان پێچکردنەوە، بەتایبەتی لە پێچ و هەورازەکاندا.
- لە کاتی بەفرباریندا جگە لە مەترسی خلیسکبوونی شەقامەکان، تابلۆ و هێماکان بە بەفر دادەپۆشرێن، بۆیە مەترسی زیاتر دەبێت.

## 125 3 لێخوڕین لە کاتی هەبوونی تەمدا



- لە کاتی لێخوڕین لە تەمدا، پێویستە لایتەکانی ڕووناکی بەکاربهێنێت.
- پارێزکاری لە دووری گونجاو لەگەڵ سوارڕۆکانی پێشەوە و دواوەدا بکە.
- وریای شۆفێرەکانی دیکە بە، کە لەوانەیە لایتەکانی ڕووناکییان دانەگیرساندبێت.
- پێش ئەوەی خێرایی کەمبکەیتەوە، تەماشای ئاوێنەکان بکە.
- لە کاتی وەستاندا، ئۆتۆمبێلەکە لە شوێنی گونجاو ڕابگرە، کە لە لایەن شۆفێرانی دیکەوە ببینرێت.



## 126 4 لێخوڕین لە کاتی هەبوونی بای بەهێزدا



- هەرچەندە ئەو سوارڕۆیانەی تەنیشتەکانیان بەرزە، وەک لۆری و بارهەڵگرەکان، زۆترین مەترسییان لەسەر دروستدەبێت بە هۆی بای بەهێزەوە، بەڵام ئەگەر خێرایی با زیاد بێت، مەترسی تەنانەت بۆ پاسکیلسوار و ماتۆڕسوارەکان و ئۆتۆمبێلەکانیش دەبێت.
- مەترسی با لە شوێنە کراوەکانی ڕێگا و شوێنەکانی تێپەڕین بەسەر پرد و شوێنە بەرز و هەورازەکاندا زیاترە.
- ئەگەر خێرایی با زۆر بەهێزبێت، لەوانەیە تێپەڕین بە تەنیشت سوارڕۆ گەورەکاندا، تەوژمی بایەکە ببێتە هۆی مەترسی زیاتر بۆ سەر ئۆتۆمبێلە بچووکەکان و بەتایبەتیش بۆ ماتۆڕسکیل و پاسکیلەکان.
- بۆیە لە بارودۆخێکی ئاوەهادا، پێویستە وریابیت کاتێک ماتۆڕسکیلێک دەبینیت سوارڕۆیەکی گەورە تێدەپەڕێنێت.

**لێخوڕین لەسەر شەقام بە نێو ئاودا چۆن دەکرێت؟**

- لە کاتی گەیشتن بە شوێنی لافاو یان ئاوی پەنگخواردوودا لەسەر ڕێگا بە وریایی خێرایی کەمبکەرەوە.
- سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هێزی بەریەککەوتن (لێکخشان)ی تایەکان، لەوانەیە زۆربەی کات لە ژێرەوەی ئاوە پەنگخواردووەکەدا مەترسی دیکەی وەک پاشماوەکان یان بەرد یان چاڵی مەترسیدار هەبن، کە مەترسییەکان گەورەتر دەکەن



## 127 لێخوڕین لە هاویندا

### لێخوڕین لە کەشوهەوای گەرمدا

- ڕێگە بە ئاڵوگۆڕی هەوای ناو کابینەی ئۆتۆمبێلەکە بدە، بۆ دووربوون لە خەواڵوویی.
- لەوانەیە بە هۆی گەرمای زۆرەوە قیری شەقامەکە نەرم بێت و ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی لێکخشان و خلیسکوویی شەقامەکە.
- ئەگەر بە هۆی تیشکی خۆرەوە (ڕۆژ)وە ئاستی بینین کەمبێتەوە یان ببێتە هۆی ئازاردانی چاوەکان، خێراییت کەمبکەرەوە یان ئەگەر گونجاوبێت باشترە ماوەیەک بوەستێت. لە بیرت بێت، بەکارهێنانی چاویلکە کاریگەرییەکی باشی هەیە بۆ کەمکردنەوەی تیشکی خۆر.





لە وەرزی هاوین **پشیلە پەنادەباتە ژێر ئۆتۆمبێل** بۆ ئەوەی خۆی لە گەرما بپارێزێت، تکایە پێش ئەوەی جووڵە بە ئۆتۆمبێلەکەت بکەیت تەماشای ژێر ئۆتۆمبێلەکەت بکە یان بەدەست چەند جارێک بکێشە بە بۆنیتی ئۆتۆمبێلەکەتدا.

## 128 لێخوڕین لە هاویندا

### لە کاتی خۆڵبارین و گەردەلوولدا

- یەکێک لە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بریتییە لە گەردەلوولی خۆڵاوی یاخود خۆڵبارین، کە بەزۆری لە سەرەتای هاوین و پایزدا ڕوودەدات. خۆڵبارین بە گشتی کاردەکاتە سەر ئاستی بینین و هەندێک جاریش بای بە هێزی لەگەڵدایە، بۆیە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیدا چەندین مەترسی لەگەڵدایە:

1. دەستبەجێ خێرایی کەمبکەرەوە.
2. هێماکانی وریاکردنەوە لە مەترسی یان لایەکانی ڕووناکی دابگیرسێنە.
3. لە شوێنێکی سەلامەتدا ئۆتۆمبێلەکەت بوەستێنە (ڕابگرە).
4. دەرگا و جامەکانی ئۆتۆمبێلەکەت دابخە.
5. وریای بای بەهێز بە، کە زۆر جار لەگەڵ خۆڵەکەدا هەڵدەکات.
6. چاوەڕوان بە تاوەکوو ئاستی بینین ئاسایی دەبێتەوە، پێش لەوەی دەستبکەیتەوە بە لێخوڕین.
7. باشتروایە هەر کاتێک پێشبینیەکانی کەشوهەوا پێشبینی ڕوودانی خۆڵبارین بکەن، کەشتەکەیت تاوەکوو کۆتایی خۆڵبارینەکە.

ڕێنمایی هاتووچۆ



●●●

**NO COMMENT!**

# 9

# هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان

129
133

# HAZARD PERCEPTION



## 129 هونەری هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان

مەبەست لە هونەری هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان بریتییە لە توانای تۆی شۆفێر بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان و دەرکردنی بڕیاری دروست بۆ کاردانەوەکانت بە سەلامەتی و لە کاتی گونجاودا، لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا.





هەر شتێک بێت بە هۆی تووشبوون بە ڕووداو یان ئەگەر بێتە هۆی دروستکردنی ڕووداو، پێی دەگوترێت مەترسی. ئەم مەترسییانەش دەکرێت بە هۆی پیادەکان، شوێنەکانی کارکردن لەسەر ڕێگا، ئۆتۆمبێلی پەککەوتوو لەسەر ڕێگا یان هەر ئۆتۆمبێلێکی وەستاو یاخود ئاژەڵ و چەندین هۆکاری دیکەوە بن. ئاشکرایە، چەندین جۆر مەترسی لەسەر ڕێگاکان هەن، بۆیە شۆفێری کارامە ئەو کەسەیە کە بتوانێت ئەم مەترسییانە لە کەمترین کاتدا دەستنیشان بکات و بزانێت چۆن بە خێرایی لە بەرامبەریاندا ڕەفتار دەکات.

دەستنیشانکردن یان هەستکردن بە مەترسییەکان بەشێکی گرنگن لە دووربوون لەو مەترسییانە و خۆپاراستن لە تووشبوون بە ڕووداو. یەکێک لە ڕێگەکان بۆ دەستنیشانکردنی مەترسییەکان بریتییە لە چاودێریکردنی دەوروبەری ڕێگا بە شێوەیەکی بەردەوام. بەگوێرەی ئەو ناوچانەش، کە تێیاندا لێدەخوڕێت، دەکرێت ڕووبەڕووی مەترسی جۆراوجۆر ببیتەوە. واتا بۆ بینینی مەترسییەکان، پێویستە لە کاتی لێخوڕینتدا تەماشای دەوروبەر و لاکانی ڕێگاکان لەگەڵ پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەت بکەیت.





تەنیا بە تەماشاکردن بە چاو لەوانەیە نەتوانیت بەشێک لە مەترسییەکان دەستنیشان بکەیت، بۆیە بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی مەترسی دەبێت تەماشای ئاوێنەکان و ناوچەی مردوو بکەیت.

## 130 دەستنیشانکردنی مەترسییەکان

■ هێما یان تابلۆی هاتوچۆ بۆ وریاکردنەوەن یان پێدانی زانیاری لەبارەی جۆرێک یان چەند جۆرێکی تایبەت لە مەترسییەکان. ● گۆڕان لە بارودۆخی ڕێگاکاندا، واتا کاریگەرییەکانی کەشوهەوا، گۆڕانی خێرایی ڕێگاکان. ● سواررۆ پارککراوەکان ● پیادەکان ● پاسکیلسوار و ماتۆڕسوارەکان ● سواررۆکانی دیکە ● ئاژەڵە ماڵی و کێوییەکان.



1 ئەو شوێنانەی، کە بە هۆی مەترسییەکانی دەوروبەری ڕێگاوە ئەگەری تووشبوون بە ڕووداو تێیاندا زۆرە:

● **نزیکی دارستان:** ئەو شوێنانەی دار و گژوگیا یکەشەکردوو لە لێواری ڕێگاکانیان هەن دەبنە هۆی ئەوەی نەتوانیت مەترسییەکانی پشتەوە ببینیت.

● **سواررۆ پارککراوەکان:** لەوانەیە چەندین مەترسی لە نێوان ئۆتۆمبێلە پارککراوەکاندا خۆیان حەشاردابێت و لە کاتی لێخوڕیندا بەربەستێک لە بەرامبەر توانای تۆدا دروستبکەن و لە ڕێگەیەوە نەتوانیت بە ئاسانی هەست بەو مەترسییانە بکەیت. بۆ نموونە، لەوانەیە پیادەیەک لە نێوان ئۆتۆمبێلەکانەوە بێتە سەر شەقام (شەقام و کۆڵان) و هەوڵی پەڕینەوە بدات یان شۆفێر و سەرنشینەکانی سواررۆ پارککراوەکە ئۆتۆمبێلەکەی تۆ نەبینن و دەرگا بکەنەوە.

● **پیادە و منداڵ:** پەڕینەوەی پیادەکان بەتایبەتی لە شەواندا کاتێک ئاستی بینین کەمە، یەکێکە لە گەورەترین مەترسییەکان. دەبێت هەمیشە بە وریاییەوە لەگەڵ منداڵانی سەر شەقامەکان مامەڵە بکرێت. چونکە توانای منداڵان بۆ ناسینەوە و تێگەیشتن لە مەترسییەکان لاوازترە و کاتی زیاتریان پێویستە بۆ کاردانەوە. بۆیە تۆ وەک شۆفێرێک پێویستە وریابیت، کاتێک بە نێو کۆڵان و شەقامەکاندا لێدەخوڕیت، لەوانەیە منداڵان بۆ یاریکردن یان بۆ پەڕینەوە بێنە سەر ڕێگەت.





2 لەو شوێنانەدا کە لێواری ڕێگاکان جەنجاڵن:

- مەترسی ئاژەڵە کێوییەکان: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زۆربەی ئاژەڵە کێوییەکان ئەوەیە کە بە خێرایی ڕادەکەن و لە ڕێگاکان دەپەڕنەوە. هەروەها لەوانەیە تیشکی لایتی ئۆتۆمبێلەکەت لە شەودا ببێتە هۆی سەرلێشێواندنیان و لە ئاکاو خۆیان بکێشن بە ئۆتۆمبێلەکەتدا.

- مەترسی ئاژەڵە ماڵییەکان: لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون یان نزیک گوند و شوێنەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر. تایبەتمەندی ئەم ئاژەڵانە لەوەدایە، کە زیاتر بە شێوەی کۆمەڵ دەڕۆن و خێرا ڕاناکەن (لەسەرخۆن)، بۆیە نابێت هۆڕن بەکاربهێنێت یان بە خێرایی لە تەنیشیانەوە تێپەڕیت.

- بای بەهێز: لەوانەیە لەگەڵ تەوژمی باکەدا کەلوپەل یان پاشماوەی بەرزبوو بێنە سەر شەقام.

- ئەو شوێنانەی کە خۆڵ و خاشاک و پاشماوەیان تێدا فڕێدەدرێت، بە ناوچەیەکی مەترسیدار هەژمار دەکرێن، چونکە شوێنی کۆبوونەوەی بەشێک لە ئاژەڵە کێوییەکانن وەک ڕێوی و چەقەڵ و پشیلە و سەگە بەڕەڵاکان.

- نزیکی قوتابخانەکان: کاتێک منداڵان لە شەقامەکان دەپەڕنەوە یاخود کاتەکانی پێش دەستپێکردن و تەواوبوونی دەوامی خوێندن.

- شوێنە گشتییەکان • ناو بازاڕ • نزیک پارکگا، سینەما و هۆڵەکانی بۆنە و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان • بەردەم فەرمانگەکان (لە کاتی دەوامی ڕۆژانەدا) • نزیک مزگەوت و شوێنەکانی پرسەدانان، کە لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆری پیادە دێنە سەر شەقام.

لە ناوچەکانی دەرەوەی نیشتەجێبوون

- هەندێک لە ئاژەڵە کێوییەکان ئێواران و شەوان دێنە دەرەوە.
- ئاژەڵە ماڵییەکان بەیانییان دێنە دەرەوە و ئێواران دەگەڕێنەوە.



## پرسیاری گرنگ ؟ چی دەکەیت کاتێک لە مەترسییەکە تێدەگەیت؟



تەنیا تێگەیشتن و وریابوون بەرامبەر مەترسییەکان بەس نین بۆ ئەوەی سەلامەتی خۆت و کەسانی دەوروبەر بپارێزێت. دوای دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندنی مەترسییەکە، پێویستە بزانیت چۆن بە سەلامەتی کاردانەوەت هەبێت و مەترسییەکە تێپەڕێنیت. بۆیە گرنگە پێش ئەوەی هەر جووڵەیەک بکەیت ڕەچاوی ئەم هەنگاوانە بکەیت، ئاوەکوو بە هۆی خۆ لادان لە مەترسییەکی بچووک تووشی ڕووداوێکی گەورە نەبیت:

1. تەماشای دوور بکە و ئاوێنەی ناوەڕاست فەرامۆش مەکە و تێبینی سوارڕۆکانی دەوروبەر بکە.
2. هێما دابگیرسێنە بۆ هەر دەستکردنێک بە لێخوڕین و پێچکردنەوە و لادان سووڕانەوەیەک.
3. دڵنیابە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجا و لە ڕێڕەوی شەقامەکەدا.
4. بە خێرایی گونجاو لێبخوڕە، زۆر لە تەنیشت پاس و بارهەڵگرکان مەمێنەوە چونکە ناوچەی مردوویان زۆرە!.

ئەگەر وەک شۆفێرێک پرسیارت لەبارەی خراپترین هۆکارەکانەوە لێبکرێت، کە دەبنە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ یان ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە مایەی ئەو هەموو ڕووداوانەی کە ئێستا ڕوودەدەن، لەوانەیە وەڵامەکەت یان بەشێک لە وەڵامەکەت ئەوەبێت کە شەقام و ڕێگاوبانەکان باش نین، کۆن و لەگەڵ ئەو ڕێژە زۆرەی ئۆتۆمبێلی ئەمڕۆدا ناگونجێن، یان شۆفێر و بەکارهێنەرانی دیکەی ڕێگاکان نابەرپرسیارانە مامەڵە دەکەن و چەندین هۆکاری دیکە. بەڵێ بەشێک لە وەڵامەکەت ڕاستە و ڕەنگە ئەمانە هەموویان هۆکاربن، بەڵام زۆربەی شۆفێران، ئەوە لەبیر دەکەن یان هەر باسی ناکەن کە خودی شۆفێران و هەڵسوکەوتەکانیان بەشێکن لە گەورەترین هۆکارەکان. ئەو بۆچوونانەی خۆت لەبارەی شێوازی لێخوڕینەکەتەوە هەتە و ئەوەی لە ڕاستیدا هەستیپێدەکەیت، پێیاندەگوترێت هۆکارە مرۆییەکان لە سەلامەتی لێخوڕیندا.



1 پێش چوونە ناو ڕێگای خێرا خێرایی زیاد بکە.



2 پاش دەرچوون لە ڕێگای خێرا خێرایی کەمبکەرەوە.

# 6 گرنگترین ئەو هۆکارە مرۆییانەی کە کاردەکەنە سەر توانای لێخوڕین و کارامەیی شۆفێر:

**تێگەیشتن لە دەوروبەر**

- واتا چۆنیەتی کارکردنی چاوەکان و مێشک لە کاتی لێخوڕیندا. ئەمە بە هۆی ئەوەوەیە، کە زۆربەی ئەو زانیاریانەی لە کاتی لێخوڕیندا بە مێشک دەگەن، بە هۆی چاوەکانەوە دەگەن.

بۆ نموونە زانیاری لەباری دۆخی ڕێگاوبان، سوارڕۆکانی دیکە، پیادەکان، هێماکانی هاتوچۆ، جۆری ڕێگاکە. لەگەڵ ئەمانەشدا لەوانەیە زۆربەی کات ئەو زانیاریانەی بە مێشک دەگەن، زۆر لەمانە زیاتر بن.

بۆ نموونە کاتێک لەگەڵ شۆفێریکردندا گوێ لە ڕادیۆ دەگریت یان بە مۆبایل قسەدەکەیت یان لەگەڵ سەرنشینەکاندا گفتوگۆ دەکەیت، سەرەڕای ئەوانەی لە کاتی ئەنجامدانی بەشێکی زۆر لەمانە کە باسکران، لەوانەیە لە هەمان کاتدا مێشکت ڕۆژانە بە هۆی کاروبار و گرفت و پلانەکانتەوە سەرقاڵی لێکدانەوە و بیرکردنەوە بێت.

بۆیە لەو هەموو زانیاریانەی کە بۆ مێشک دەنێردرێن، پێویستە بزانیت کام لایەن لە کاتی لێخوڕیندا بۆ سەلامەتیت گرنگترە.



**باری دەروونی**

- واتا کاریگەری هەست و بیرکردنەوەکانت لەسەر بڕیارەکانت لە کاتی لێخوڕیندا.

**هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان**

- چۆن و تاوەکوو چ ڕادەیەک توانات هەیە بۆ خەمڵاندنی مەترسییەکانی سەر ڕێگاوبانەکان و بۆچوونت چییە دەربارەی ئەوەی کە دەگرێت چی ڕووبدات.

**متمانە بەخۆبوون**

- تا چەند متمانەبوون بە توانا و شارەزاییەکانت لەبارەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکەتەوە کاریگەری لەسەر ئەو بڕیار و مەترسییانە هەیە کە لە کاتی لێخوڕیندا بڕیاریان لەسەر دەدەیت.

**کەسایەتی**

- ناوبانگ یان پێگەی کەسایەتیت لەناو کۆمەڵگە کاریگەری لەسەر شێوازی لێخوڕینت هەیە.

**فشارەکانی ڕۆژانە**

- هەڵچوون، تووڕەیی، ماندوویەتی، شڵەژان و بارە دەروونییەکان چۆن کاردەکەنە سەر کاردانەوە و تواناکانت لە گرتنەبەری شێوەکانی لێخوڕیندا.

## لەبیرتبێت



### لێخوڕین لەسەر ڕێگای نارێک و پڕ چاڵ:



جگە لەوەی دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئۆتۆمبێل، مەترسی تووشبوون بە ڕووداو زۆر زیاد دەکات. هەر بۆیە لە کاتی لێخوڕین بەو ڕێگایانەدا کە پێشبینی چاڵ و نارێکیان لێدەکەیت، ئاگادار بە:

- بە هەر دوو دەستت سوکانەکە بگرە.
- خۆت لەو چاڵانە بپارێزە، کە بە ئاو پڕبوون.
- ماوەی دووری سەلامەت بپارێزە.
- خۆت بەدوور بگرە لە ئیستۆپگرتن بەتوندی و ئاگاداری سوارڕۆکانی دواوە بە.
- زۆر بە وریاییەوە لێبخورە، خێرایی کەمبکەرەوە و سەرنجت لەسەر ڕێگاکە بێت.



### 131 هەڵگرتنی بار



- هەڵگرتن و گواستنەوەی کەلوپەل بە ئۆتۆمبێل، بەگوێرەی جۆر و بڕ و قەبارەکەی دەکرێت مەترسی بۆ سەرنشین و شۆفێر و بەکارهێنەرانی ڕێگا دروست بکات، ئەگەر بە شێوەیەکی گونجاو هەڵگرتن و گواستنەوە ئەنجام نەدرێن.

لە کاتی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل بۆ گواستنەوەی کەلوپەل، پێویستە ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکەیت:



- وەک شۆفێر تۆ بەرپرسیت لەو بارەی بە بارهەڵگر یان ئۆتۆمبێلەکەت دەیگوازیتەوە لە تێکڕای سنوورە یاساییە دیاری کراوەکاندا زیاتر نەبێت و بە شێوەیەکی گونجاو جێگیرکرابێت.

- بۆ دڵنیابوون لە گواستنەوەی بارێک، پێویستە دڵنیابیت لەوەی ئامێر و هۆکاری گواستنەوەی گونجاو بۆ گواستنەوەی ئەو بارە بەکاردەهێنیت.

- پێویستە بەرزی و پانایی ئۆتۆمبێلەکەت لە کاتی بارکردندا بزانیت، چونکە لەوانەیە لە کاتی تێپەڕین بە ژێر پرد و ئەو شوێنانەدا، کە شەقامەکان تەسک دەبنەوە یاخود کێبڵی کارەبا هەبێت، ڕووبەڕووی مەترسی گەورە ببیتەوە.

## بارە مەترسیدارەکان

- هەڵگرتن و گواستنەوەی ماددە سووتەمەنییەکان، وەک گاز، نەوت، بەنزین، لەو سووتەمەنیيانەی ڕۆژانە بەکاریاندەهێنین یاخود ماددە کیمیاییەکان و تەقەمەنی و شلەمەنییە خێرا و زوو گرگرتووەکان، دەبێت بە وریاییەوە کاری هەڵگرتن و گواستنەوە و داگرتنیان بۆ ئەنجامبدرێت. ئەم ماددانە بە هۆی ئەوەی زوو گڕدەگرن یان کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ و ئاژەڵان و ژینگە دەبێت، مەترسی گەورە دروست دەکەن.

- بەکارهێنان و گواستنەوەی ئەم ماددانە، ئەگەر بە بڕێکی کەم بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانە بێت یاخود بە مەبەستی بازرگانی وەک کاڵایەک بەکاربهێندرێن، جێگەی مەترسین. هەتاوەکوو بڕەکەشی زۆرتر بێت مەترسییەکان گەورەتر دەبن و دەبێت بە وریایی زیاترەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. لێرەوە دەزانرێت بۆچی ئەم ماددانە بە باری مەترسیدار ناودەبرێن و لە کاتی هەڵگرتن و گواستنەوەیاندا پێویستە ئەم خاڵانانە ڕەچاوبکرێن:

- بە باشی لەناو سندووقی گونجاودا هەڵبگیردرێن.
- ئەگەر ماددەکە لە جۆری شلەمەنی یان گاز بێت، دەبێت دڵنیابیت لە نەبوونی لێچوون یان شکاوی و تەقین لە هەڵگرەکەدا.
- ئەگەر لە جۆری ڕەق و بەرجەستە بێت، لەناو پاکەت یان لە هەڵگری گونجاودا بێت.
- دڵنیابیت لەوەی بە باشی بەسترابێتەوە و لە کاتی لێخوڕیندا نەکەوێت.
- بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی کەسانی دەوروبەر، پێویستە هێمای تایبەت بە جۆری ئەو بارە بە بەشی دواوەی سوارڕۆکە هەڵبواسیت.
- تەنانەت ئەگەر بارەکە بڕێکی کەمیش بێت لەناو ئۆتۆمبێلەکەتدا، پێویستە هێمای ئاگادارکردنەوە لە مەترسی لەگەڵدا بێت، بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووداودا بۆ تیمەکانی فریاگوزاری نەبێتە هۆی زیانگەیاندن و مەترسی.
- بۆ ئەوەی بتوانیت مەترسییەکان دەستنیشان بکەیت و خۆت لە مەترسییەکان بەدووربگریت، پێویستە شارەزاییت لەبارەی هێما تایبەتەکانی ئاگادارکردنەوەی بارە مەترسیدارەکان هەبێت.









### لەبیرتبێت

- هەندێک لەو ماددە پەستێندراوانەی کە ڕۆژانە بەکاریان دەهێنیت، وەک: بۆن، بۆنی جەستە (معطر)، سپرا و ماددەکانی پاککردنەوەی لە قوتوونراو، هەمان ئەو مەترسییانەیان هەیە. بۆ ئەوەی دڵنیابیت لە جۆری مەترسییەکە، تەماشای هێماکانی سەر قوتووی ماددەکە بکە.

## 133 هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاژەڵ

لەوانەیە ئاژەڵێکی ماڵی یان سەگێکت هەبێت و بتەوێت لەگەڵ خۆتدا بە ئۆتۆمبێل بیبەیت بۆ گەشت، بەڵام هەرچەندە ڕاهێندراویش بێت، هەڵگرتنی لەناو ئۆتۆمبێلدا لەوانەیە ببێتە هۆی مەترسی بۆ سەرنشینان یان سەرقاڵکردنی تۆی شۆفێر لە کاتی لێخوڕیندا یان تەنانەت زیانگەیاندن بەخۆی. بۆیە پێویستە:





- نابێت لەسەر کورسی پێشەوەی ئۆتۆمبێل دابنرێت.
- پێش ئەوەی دەست بە گەشت بکەیت پێویستە سندووق یان قەفەزی گونجاو بەگوێرەی جۆر و قەبارەی ئاژەڵەکە ئامادە بکەیت و بیخەیتە ناوییەوە.
- باشترە پشتێنی سەلامەتی بەکاربهێنیت بۆ بەستنەوەی سندووقی ئاژەڵەکە لەسەر کورسی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە، ئەگەر بتوانرێت.
- دڵنیابە لەوەی ئاژەڵەکە لەناو سندووقەکەدا ئازاری پێناگات و بۆشایی تەواو هەبێت بۆ پشوودانی.
- ئەگەر ئاژەڵەکە سەگ بێت، بە قایشی تایبەت بە بەستنەوەی بەکاربهێنە بەتایبەتی لە کاتی چوونەدەرەوە، جووڵەی ئۆتۆمبێلەکانی سەر شەقام لەوانەیە ببێتە هۆی ترساندنی.
- ئاگاداربە پشیلە توانای بازدانی هەیە لە کاتی ترسان یان ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکدا، ئەمەش لەوانەیە مەترسی بۆ لێخوڕین بە سلامەتی دروست بکات.
- هەندێک جۆری باڵندە وەک مریشک ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر پەستان و باروودۆخی نالەباردا بن لە کاتی گواستنەوەیاندا، کاریگەری دەبێت لەسەر دابەزینی کێش و بە ئاسانی تووشی نەخۆشی دەبن و لە ئەنجامدا لەوانەیە ببێتە هۆی مردنیان.
- لە کاتی گواستنەوەیاندا باشترە لە سندووقی بچووک و تاریکدا بن و پێویستە ڕەچاوی ئاڵوگۆڕی هەوا بکەیت.
- لە کاتی گواستنەوەی ئاژەڵە گەورەکان وەک ڕەشەوڵاخ، مانگا، مەڕ، بزن پێویستە هۆکاری گواستنەوەی تایبەت بەکاربهێنیت و ڕەچاوی چەند لایەنێک بکەیت بۆ ئەوەی مەترسی بۆ سەر ژیانیان دروست نەبێت و نەبنە مایەی سەغڵەتی بۆ خۆت و کەسانی دیکەی سەر شەقامەکان.



10

# تەندروستی شۆفێر

134
139


DRIVER'S
HEALTH

## 134 تەندروستی شۆفێر

- لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە سەلامەتی لەسەر ڕێگاکان پەیوەستە بە توانای شۆفێر و شیاوی لە رووی جەستەیی و دەروونییەوە. بۆیە هەر کاریگەرییەک یان ناجێگیری لە باری جەستەیی یان دەروونی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر لێخوڕین بە سەلامەتی هەیە.

### شۆفێر کاتێک دەتوانێت بە سەلامەتی شۆفێری بکات ئەگەر:



1. بە باشی ببینێت و بە باشی گوێی لە دەوروبەر بێت.
2. لە یەک کاتدا چەند زانیاری و مەترسییەک هەڵسەنگێنێت و بە خێرایی و بە پەرچەکرداری دروست لە کاتی گونجاودا وەڵامدانەوەی هەبێت.
3. باری دەروونی ئاسایی بێت و لە ژێر کاریگەری هیچ فشارێکی دەروونیدا نەبێت.
4. توانای لێکدانەوە و بیری باش بێت تا لە کاتی گونجاودا بڕیاری دروست بدات.
5. شەوانە **7** تا **9** کاتژمێر بخەوێت.

- هەر کاتێک مرۆڤ تەندروستی ناجێگیربێت، بەتایبەتی بە هۆی هەندێک جۆری نەخۆشییەوە، کە کاریگەری لەسەر هۆش و بیرکردنەوەی کەسەکە دروست دەکەن یان بە هۆی بەکارهێنانی دەرمان و چارەسەرێکەوە، لەوانەیە لە کاتی شۆفێریکردندا نەخۆشییەکە کار بکاتە سەر توانای بینین و بیستنی. هەروەها نەتوانێت بە باشی لە مەترسییەکان تێبگات و لە کاتی گونجاودا پەرچەکرداری دروستی نەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێت بە باشی جڵەوی ئۆتۆمبێلەکە بگرێت و ئاراستەی بکات.

- بۆیە شۆفێریکردن بە نەخۆشی یان لە ژێر کاریگەری دەرمان و چارەسەردا مەترسی گەورە بۆ سەر سەلامەتی شۆفێر و سەرنشینان و کەسانی سەر ڕێگاکان دروست دەکات.

- بەر لەوەی دەرمانێک بەکاربهێنیت، دڵنیابە لەوەی کاریگەرییە لاوەکییەکان نابنە هۆی ئەوەی نەتوانیت بڕیاری دروستبدەیت یان بە تەواوەتی ئۆتۆمبێلەکەت کۆنترۆڵ بکەیت.



- کەمخەوی یان نەبوونی کاتی پێویست بۆ پشوودان
- هەڵچوونە دەروونییەکان
(دڵخۆشی لەڕادەبەدەر و دڵتەنگی و تووڕەبوون)
- هەستکردن بە بێزاری
- شۆفێریکردن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ
- نەبوونی چالاکی جەستەیی
- ئازاری چاوەکان
- کەمی ڤیتامین یان کانزاکان لە جەستەدا
- کێشەی هۆرمۆنی
- کەمخوێنی

هەستکردن بە ماندوویەتی و خەواڵوویی دیارترین کاریگەرییەکانی نەخۆشی یان دەرمان و چارەسەرەکان لەسەر شۆفێر و ئەمەش مەترسییە بۆ سەر شۆفێر و کەسانی سەر ڕێگاکان. دەکرێت هەستکردن بە ماندوویەتی هۆکاری دیکەی هەبێت یان ئەنجامی بارودۆخی دەروونی و هەڵچوونێک بێت. لە دیارترین هۆکارەکانی:

- دەکرێت خواردنی زیاد لە پێویست، خواردنەوەی مەی و ماددە هۆشبەرەکان، گەرمی و ساردی ناو ئۆتۆمبێل مەترسییەکانی ماندوویەتی زۆر زیاتر بکەن.
- هەستکردن بە ماندوویەتی دەبێتە هۆی خاوبوونەوە و لاوازی لە بڕیاردان و پەرچەکرداردا.
- دەبێتە هۆی هەڵەی مەترسیدار لە کاتی لێخوڕیندا، بۆ نموونە لادان لە ڕێڕەوی ڕێگا یان چوونە سەر ڕێڕەوی سوارڕۆکانی دیکە.




## چۆن مەترسییەکانی ماندوویەتی لە کاتی لێخوڕیندا کەمدەکەیتەوە؟

1. بەر لە دەستکردن بە لێخوڕین دڵنیابە لەوەی پشووی تەواوت وەرگرتبێت.
2. هیچ جۆرە دەرمانێک بەکارمەهێنە بێتە دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی جەستە.
3. خۆت بەدوور بگرە لە خواردنەوەی مەی و ماددە هۆشبەرەکان.
4. پلەی گەرمی ئۆتۆمبێلەکە ڕێکبخە و ڕێگا بە ئاڵوگۆڕی هەوا بدە.
5. چاویلکەی خۆر بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری تیشکی خۆر بەکاربهێنە.
6. ئۆتۆمبێلەکەت لە شوێنێکی گونجاودا ڕابگرە و بۆ ماوەیەک پشوو بدە.





■ دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری و بەنجکردن (سڕکردن) خۆت لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەدوور بگرە. لەوانەیە بە هۆی ڕووداوێک یان نەشتەرگەرییەکی بچووکەوە بچیتە نەخۆشخانە و دەرزی سڕکردنت بۆ بەکاربهێندرێت، بۆ نموونە دوای ڕووداوێکی هاتوچۆ، هەڵکێشان یان چارەسەرکردنی ددان، یان هەر چارەسەرێکی دیکە، کە سڕکردنی تێدا بەکاربهێنرێت.

● لەوانەیە لەو باوەڕەدابیت، کە تەندروستیت باشە و ئامادەیت بۆ لێخوڕین، بەڵام هەمیشە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل دوای چەند کاتژمێرێک لە نەشتەرگەری مەترسیدارە. تەنانەت ئەگەر سڕکردنی تەنیا بەشێکی جەستەیشی لەگەڵدا بێت.

● سڕکردن (بەنج) دەبێتە هۆی لاوازکردنی بیرکردنەوە و خاوبوونەوەی پەرچەکردار. هەندێک جار، لەوانەیە لە بیرچوونەوەش ڕووبدات. هەرچەندە ئەمانە بەگوێرەی جۆری نەشتەرگەرییەکە، جۆری سڕکردنەکە، تەمەن، هەروەها تێکڕای بارودۆخی تەندروستی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێن. باشترە بۆ ماوەی **24** بۆ **48** کاتژمێر دوای نەشتەرگەری خۆت لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەدووربگریت، ئەگەر هەست بە باشیش بکەیت. هەندێک جاریش لەوانەیە لە لایەن پزیشکەوە ئامۆژگاری بکرێیت بۆ دوورکەوتنەوە لە شۆفێریکردن بۆ ماوەیەکی زیاتر، بۆیە پێویستە ئامۆژگارییەکان ڕەچاوبکەیت و خۆت لە مەترسییەکان بەدووربگریت.

● دەتوانیت لەگەڵ کەسێکدا بچیت بۆ نەشتەرگەرییەکە یان بە تەکسی بگەڕێیتەوەماڵەوە، تاوەکوو ناچارنەبیت ئۆتۆمبێل لێبخوڕیت.



● ئەگەر بە هۆی ڕووداوێکەوە بچیتە نەخۆشخانە، باشترە پەیوەندی بکەیت، تاوەکوو کەسێک بێت و بۆ گەیشتنە ماڵ هاوکاریت بکات.

# هەندێک لەو دەرمان و چارەسەرانەی کاریگەرییان لەسەر شۆفێریکردن دەبێت





- هەندێک جۆر دەرمانی ئازارشکێن ، چارەسەرەکانی فشاری (بەستانی) خوێن، دڵتێکەڵهاتن و ڕشانەوە، چارەسەرەکانی هەستەوەری ، چارەسەرەکانی دژە بەکتریا و هەڵاوسان ، حەبی خەو یان دەرمانە هێورکەرەوەکان ، هەندێک لە چارەسەرکانی ئەنفلۆنزا (هەڵامەت)، پێش وەرگرتنی ئەنسۆلین و دوای وەرگرتنی.

- هەندێک دەرمان و چارەسەر دوای بەکارهێنان بۆ ماوەیەکی درێژتر کاریگەرییان لەسەر جەستە دەمێنێتەوە، وەک چارەسەری دەروونی کۆئەندامی دەمار، تەنانەت دوای وەستاندنی بەکارهێنانیشیان، بۆیە پێویستە لەمبارەیەوە ڕاوێژ بە پزیشک بکەیت.

- هەندێک جار، چەند جۆرێک دەرمان لەگەڵ دەرمانی دیکە، یان هەندێک دەرمان لەگەڵ هەندێک جۆری خۆراک لەگەر لە هەمانکاتدا بگەنە ناو جەستە لە یەک کاتدا دەبنە هۆی کارلێککردنی ئەو دەرمانانە و مەترسی بۆ سەر توانای شۆفێریکردن دروست دەکەن، بۆیە پێویستە بەر لە بەکارهێنان ڕێنمایی لە پزیشک وەربگریت یان ڕەچەتەی ڕێنماییەکانی دەرمانەکە بخوێنیتەوە.



- هەندێک دەرمان و چارەسەر دوای بەکارهێنان بۆ ماوەیەکی درێژتر کاریگەرییان لەسەر جەستە دەمێنێتەوە تەنانەت دوای وەستاندنی بەکارهێنانیان، بۆیە پێویستە لەمبارەیەوە ڕاوێژ بە پزیشک بکەیت.

# 135 مەی و ماددە هۆشبەرەکان



■ خواردنـەوە سەرخۆشـکەرەکان یاخـود بەکارهێنانـی مـاددە هۆشـبەر و ئارامکـەرەوەکان کاریگـەری لەسـەر جەسـتە و لایەنـی دەروونـی مـرۆڤ دروسـت دەکـەن و بـە هـۆی بەکارهێنانیانـەوە شـۆفێر رووبـەرووی مەترسـی گـەورە دەبێتـەوە. زۆر جـار ئەمـەش دەبێتـە هـۆی دروسـتکردنی مەترسـی بـۆ کەسـانی دیکـەی سـەر رێگاکان.

## دیارترین کاریگەرییەکانی مەی لەسەر شۆفێر



1 دەبێتـە هـۆی سسـتکردنی چالاکـی مێشـک و بـەم هۆیـەوە کەسـی سـەرخۆش ناتوانێـت بـە خێرایـی بڕیاربـدات و وەڵامدانـەوەی لـە بەرامبـەر مەترسییەکاندا هەبێـت.

2 کاریگـەری دەبێـت لەسـەر توانـای شـۆفێر بـۆ تێگەیشـتن لـە خێرایـی لێخوڕینـی ئۆتۆمبێلەکـەی و سـوارڕۆکانی دیکـە و پیـادە و جووڵـەی شـتەکانی دەوروبـەر.

3 دەبێتـە هـۆی متمانەبەخۆبوونـی لەڕادەبـەدەر و بـەم هۆیـەوە کەسـی سـەرخۆش زیاتـر سەرکێشـی دەکات، چونکـە وا هەسـت دەکات کـە دەتوانێـت زۆر بە باشـی جڵەوی ئۆتۆمبێلەکـەی بگرێت.

4 دەبێتـە هـۆی کەمبوونـەوەی توانـای شـۆفێر بـۆ ئەنجامدانـی چەنـد جووڵەیـەک لـە یـەک کاتـدا: بـۆ نموونـە لـە کاتێکـدا سـەرخۆش جەخـت لەسـەر سـوکان کۆنتـڕۆڵ دەکاتـەوە، لەوانەیـە نەتوانێـت جووڵـەی سـوارڕۆکانی بەردەمـی ببینێـت.

5 بە گشتی کاریگەری دەبێت لەسەر توانای جەختکردنەوە و هاوسەنگی لەش.

6 دەبێتە هۆی خەواڵوویی.

7 کاریگـەری مـەی بەگوێـرەی کێش و قەبـارەی جەسـتەی مرۆڤـەکان دەگۆڕێـت، واتـا ئەگـەر کەسـێک کێـش و قەبـارەی جەسـتەی بچووکتـر بێـت، مـەی کاریگـەری زیاتـری لەسـەر دەبێـت بـەراورد لەگـەڵ کەسـێکدا کـە کێـش و قەبـارەی جەسـتەی زیاتـر بێـت، لـە کاتێکـدا هەمـان بڕی مەیـان بەکارهێنابێـت.

8 هەروەهـا بارودۆخـی تەندروسـتی کاریگـەری دەبێـت لەسـەر توانـای جەسـتە و کاریگـەری مـەی زیاتـر دەبێـت ئەگـەر جەسـتە ناتەندروسـت بێـت، یـان ماندووبـوون یاخـود پەسـتانی زۆری دەروونـی هەبێـت.

9 ئەگـەر کەسـێک لـە شـەودا مـەی زۆر بخواتـەوە، بـۆ ڕۆژی دواتـر ڕێژەیەکـی مـەی لـە خوێنیـدا دەمێنێـت و کاریگـەری لەسـەر جەسـتە و مێشـکی دەبێـت، تەنانـەت ئەگـەر هەسـت بـە ئەمانـی کاریگـەری مەیەکـەش بـکات.



**لە بیرت بێت**

● تەنانەت ئەگەر دوای خواردنەوەی بڕێکی کەمی مەی هەست بە سەرخۆشی و کاریگەرییەکەی نەکەیت، هێشتا کاریگەری دەبێت لەسەر توانای جەستە بۆ وەڵامدانەوەی خێرا (پەرچەکردار) و بڕیاردان و توانای شۆفێریکردن.

## 136 مادده هۆشبەرەکان

■ بەگشتی مادده هۆشبەرەکان دوو جۆرن:
1 کیمیایی 2 گیایی (سرووشتی).

● هەریەکەیان ڕاستەوخۆ سەرەتا کاریگەرییان لەسەر کۆئەندامی دەمار ئینجا کارداتەوەیان لەسەر گشت کۆئەندامەکانی دیکە دەبێت، بۆیە مادده هۆشبەرەکان لە ڕووی کاریگەرییەوە بەگوێرەی جۆری ماددەکە **3** جۆر کاریگەری لەسەر کۆئەندامی دەمار دروست دەکەن:

### 1 کاریگەری ئارامکەرەوە

ئەو ماددانە دەگرێتەوە، کە لە سەرەتاکانی بەکارهێنانیاندا هەستی هێمنکەرەوە بە مرۆڤ دەدەن؛ ئاستی ئارامکرتەوەکە بەندە بە جۆری ماددەکە و بڕی بەکارهێنانییەوە. کاتێک مرۆڤ ئەو جۆرە ماددانە بۆ ماوەیەکی زۆر بەکاردەهێنێت، تووشی ئالوودەبوونی تەواو دەبێت و ئەو کات کاریگەری ماددەکە وەک هێمنکەرەوەیەک زۆر مەترسیدار دەبێت، بەتایبەتی بۆ شۆفێر.

### 2 کاریگەری ورياكەرەوە

● بریتییە لەو مادده جۆراوجۆرانەی کە هەستی وریاکەرەوە دەبەخشنە کەسی بەکارهێنەر تا دەگاتە قۆناغی ئالوودەبوون و دواتریش دەبێتە هۆی شەکەتی و کەمخەوی و ئاڵۆزی توانای بینین و لێکدانەوە لە مێشکدا.

### 3 کاریگەری وڕێنەکردن (هەلوەسەکردن)

● ئەو ماددانە دەگرێتەوە، کە لە کاتی بەکارهێنانیاندا هەستێکی خەیاڵی بۆ کەسی بەکارهێنەر دروست دەکەن؛ هەستێک کە لە ڕاستیدا بوونی نییە. لەبەر ئەوە، ئەو جۆرانە بۆ شۆفێر زۆر مەترسیدارن، چونکە ئەگەری زۆر هەیە بە هۆی دروستبوونی ئەو هەستە خەیاڵییە، شۆفێر خۆی لێبگۆڕێت وەک شۆفێری فڕۆکەیەک هەڵسوکەوت بکات، نەک وەک شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی خۆی!

**ئاگاداربە!**

● **پۆلیسی هاتوچۆ** گومانی هەبێت لەوەی سەرخۆش بیت یان ماددەی هۆشبەرت بەکارهێنابێت یاخود کاریگەری دەرمانێک لەسەر جەستەت دیار بێت، بۆی هەیە لە ڕێگەی ئامێرەوە پشکنینت بۆ بکات، تۆش بۆت نییە بەر هەڵستییەکەیت و ڕەتیبکەیتەوە، چونکە ڕووبەڕووی سزای قورس دەبیتەوە.







## 137 کاریگەرییەکانی ماددە هۆشبەرەکان



زۆر جار ماددە هۆشبەرەکان مەترسییەکانیان لەو ڕێیەوە گەورەتر دەبێت کە شۆفێر ئالوودە دەبێت و ناتوانێت بە ئاسانی دەستبەرداریان بێت.

بە گشتی، کاریگەری ماددە هۆشبەرەکان لەسەر توانای شۆفێریکردن بەگوێرەی چۆنیەتی کاریگەرییان لەسەر مێشک دەگۆڕێت. بۆ نموونە: حەشیش (ماریوانا) کاریگەری لەسەر توانای کاردانەوە و بڕیاردان لەبارەی کات و دوورییەوە دەبێت، لەگەڵ لەدەستدانی هەماهەنگی لە جەستەدا.

بەکارهێنانی کۆکایین و کریستاڵ زیاتر دەبێت بە هۆکاری شەڕەنگێزی و کەمتەرخەمی یان هەڵەشەیی لە لێخوڕیندا. ئەو ماداتە دەبنە هۆی سەرگێژی، لاوازی توانای بڕیاردان و بیرکردنەوە. بە گشتی سەرجەم جۆرەکانی ماددە هۆشبەرەکان مەترسی گەورە بۆ سەر خۆت و بەکارهێنەرانی دیکەی ڕێگا دروست دەکەن.

بەگوێرەی توێژینەوەکان، زۆربەی ئەو ڕووداوانەی بە هۆی کاریگەری مەی یان ماددە هۆشبەرەکانەوە ڕوویانداوە کەسانی نێوان تەمەنی (**16** بۆ **26**) ساڵ ئەنجامیان داون. دوای مەی، حەشیش ئەو ماددە هۆشبەرەیە کە بە هۆیەوە زۆرترین ڕووداوی هاتوچۆ دروست بووە.

شۆفێرە هەرزەکارەکان بە هۆی کەمی ئەزموونیان، لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل دەبنە هۆی ڕووداوی زیاتر. هەروەها لەگەڵ سەرکێشی و لێخوڕین بە خێرایی لە نێوانیاندا زیاتر دەردەکەوێت و مەترسی تووشبوونیان بە ڕووداوی مەترسیدار و مردن زیاترە.

**تێبینی**

کاریگەری **ماددە هۆشبەرەکان** و **کەمی ئەزموون** بە یەکەم هۆکاری مردنی کەسانی تەمەن 16 بۆ 19 ساڵ لە ڕووداوەکانی هاتوچۆدا دادەنرێن.

### ئاگاداربە

هەرچەندە شۆفێرە بەتەمەنەکان خاوەنی ئەزموونێکی باشن لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و کەمتر سەرپێچی دەکەن و کەمتر پەنادەبەنە بەر بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان. بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا، تواناکانی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن و کاردانەوە لاوازتر دەبێت و ماسوولکەکان لاواز دەبن و جومگەکان زیاتر ڕەق دەبن. ئەمانەش کاریگەری خراپیان لەسەر لێخوڕین دەبێت و بە هۆیانەوە ناتوانرێت بە باشی ئۆتۆمبێل کۆنترۆڵ بکرێت

## 138 خۆراکی تەندروست



- بۆ بەردەوامی و بەزیندوومانەوەی خانەکانی جەستەی مرۆڤ، پێویستە ڕۆژانە بڕی پێویست لە خواردن و خواردنەوە تەندروستەکان بگەیەنین بە جەستە. خۆراک لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت، کە بریتین لە:
- **کاربۆهایدرەیت** - **پرۆتین** - **چەورییەکان** - **ڤیتامین و کانزاکان**

- شوفێر پێویستە گرنگی تەواو بە جۆر و بڕی ژەمەخۆراکی بدات، کە بە جۆرێک خۆی بەدوور بگرێت لە خواردنی خێرا دروستکراوەکان (فاست فوود)، چەوری زۆر، سوێری، قوتووبەند و شیرینی، چونکە ئەو جۆرە خۆراکانە بە گشتی بەهای خۆراکییان لە ڕووی هەبوونی ئەو چوار پێکهاتەیەی سەرەوە زۆر لاوازە و ناتوانن پێداویستی خانەکان و زیندە چالاکییەکانی جەستە دابین بکەن. بە پێچەوانەوە ئەوانە هۆکارن بۆ قەڵەوبوون و تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ.



- ڕۆژانە سێ ژەم خواردن، بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە، پێویستن بە شێوەیەک بڕەکەی هاوتا بێت لەگەڵ بڕی پێویست بۆ جەستە. دەستبەرداربوونی هەریەک لەو سێ ژەمە سەرەکییە کارێکی ناتەندروستە و لە هەمان کاتدا پێویستە تا ئاستی هەستکردن بە تێربوون خۆراک بخۆین. هەروەها زۆرخۆری دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ خەواڵوو بێت و لە کاتی شوفێریکردندا تواناى لاواز بێت.

- خواردنەوەی بڕی پێویستی ئاو بۆ کەسێکی پێگەیشتوو لە ماوەی **24** کاتژمێردا بریتییە لە **12** پەرداخ، بۆیە پێویستە شوفێر ئەو بڕە پێویستەی ئاو بخواتەوە تاوەکوو ئاوی پێویست بۆ جەستە دابین بکات.



- کەم خواردنەوەی ئاو کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر فەرمانەکانی مێشک هەیە و لە زۆر باردا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی شەکەتی و کەم وردبینی لە لێکدانەوەی بابەتەکاندا. چا و قاوە نابنە جێگرەوەی ئاو، چونکە پێکهاتەکانیان جیاوازن. هەردووکیان وەک دوو خواردنەوەی وریاکەرەوە کاریگەرییان هەیە و وریایی دروست دەکەن، بۆیە پێویستە شوفێر بڕی دیاریکراو چا و قاوە بخواتەوە و نەگاتە ڕادەی ئالوودەبوون.

- باشترین کات بۆ خواردنەوەی چا و قاوە: تاوەکوو بەر لە کاتی ئێوارەیە.
- دوای ئەو کاتە کاریگەری دەبێت لەسەر تێکچوونی باری خەوی شۆفێر.

## تەندروستی دەروونی

نەخۆشی و بەکارهێنانی دەرمان تاکە مەترسی نین بۆ سەر سلامەتی لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا. بەڵکوو هەندێک جار بارودۆخە دەروونییەکان مەترسیدارترن، چونکە زۆربەی کات شۆفێر هەست بەم بارە دەروونییە ناکات.

دیارترین هۆکارەکانی هەڵچوون و دروستبوونی باری دەروونی مەترسیدار بۆ سەر شۆفێریکردن بریتین لەمانەی خوارەوە:



- پەلەکردن بە هۆی دواکەوتن لە کار یان هەوڵدان بۆ گەیشتن بۆ شوێنی مەبەست.
- توورەیی بە هۆی هەڵسوکەوتی شۆفێر و کەسانی دیکەوە لەسەر شەقام و کاروباری ڕۆژانەوە.
- سەرقاڵبوون بە هۆی بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆجییەکان و مۆبایلەوە یاخود بە هۆی بیرکردنەوە و نەمانی سەرنج (تەرکیز) لەسەر ڕێگا.
- هەستکردن بە خەم بە هۆی کێشەی ڕۆژانەوە یان بیستنی هەواڵێکی ناخۆش.



- مەی و مادده هۆشبەرەکان
- هەندێک جار گوێگرتن لە ڕادیۆی ئۆتۆمبێل لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵچوون و لەدەستدانی کۆنترۆڵ.
- زۆر دڵخۆشبوون بە هۆی سەرکەوتن یان بەدەستهێنانی شتێکی گرنگەوە، لەوانەیە ببێت بە هۆکاری تووڕەکردن یان مەترسی بۆ سەر کەسانی دیکەی سەر ڕێگاکان، ئەگەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی هۆڕن یان هەڵسوکەوتی لێخوڕینەوە بەوێت ئەو خۆشییە دەربڕێت.




- ماوەی زیاتر بۆ گەشتەکەت تەرخان بکە و زوو گەشت بکە بۆ ئەوەی لە ڕێگادا ناچار نەبیت پەلەبکەیت و مەترسی دروستبکەیت.
- هەمیشە بە ئارامی لێبخوڕە و خۆت لە هەر جووڵە و ئاماژەیەک بەدوور بگرە کە ببنە هۆی بێزاری و تووڕەیی ئەوانی دیکە.
- پارێزگاری بکە لە هێشتنەوەی دووری سەلامەت لەگەڵ سوارڕۆکانی دیکەدا.
- خۆت بەدوور بگرە لە هەر شتێک کە سەرنجت لەسەر ڕێگا دووربخاتەوە.
- خۆت بەدوور بگرە لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل ئەگەر زۆر هەستت بە بێزاری و دڵتەنگی کرد؛ داوا لە کەسێک بکە لە گەشتەکەدا لەگەڵت بێت.
- خۆت بەدوور بگرە لە شۆفێریکردن دوای خواردنەوەی مەی یان بەکارهێنانی دەرمانە ئارامکەرەوەکان.
- خۆت بەدوور بگرە لە لێخوڕین لە کاتی زۆر دڵخۆشبووندا، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەنجامدانی سەرکێشی یان بێزارکردنی ئەوانی دیکە.

11

# لێخوڕینی ژینگەپارێزانە

140
146


ECO
DRIVING

## 140 مەبەست لە پیسبوونی ژینگە چییە؟



- ژینگە بریتییە لە سەرجەم ئەو کارتێکەر و ئامرازانەی لە دەوروبەرمان دەیانبینین و ئەمانە دەگرنەوە: هەوا، ئاو، خاک، مرۆڤ، دار و درەخت، ڕووەک، ئاژەڵ، گیاندارە کێوییەکان، پەلەوەرەکان و هتد.

- پیسبوونی ژینگە سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانە دەگرنەوە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ژیانی مرۆڤ و ئەو شتانەی دەوروبەرمان دروست دەکەن.

- کاریگەرییە ڕاستەوخۆکان ئەوانەن، کە لە ماوەیەکی کورتمەودادا هەستیان پێدەکەین و کاریگەرییەکانیان بەدەردەکەون، وەک دەرچوونی دووکەڵ و گازە ژەهراوییەکان لە ئۆتۆمبێل و هۆیەکانی گواستنەوە کە دەبنە هۆی لێڵی و هەستکردن بە قورسی هەوا لە شارەکاندا.

- کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکان، هەرچەندە بە ئاسانی و دەستبەجێ هەستیان پێناکەین، بەڵام کاریگەرییەکانیان زۆر مەترسیدارن و لە ماوەیەکی درێژدا دەبنە هۆی تێکچوون و ئاڕێکی لە دیاردە سرووشتییەکان و بە هۆیانەوە ژیان لەسەر زەوی ڕووبەڕووی گرفت و لەناوچوون دەبێتەوە.



- لە وەرزی هاویندا ئانکی سوارڕۆکەت پڕ سووتەمەنی مەکە چونکە:

- مەترسی ئاگرکەوتنەوە کەمتر دەکاتەوە.

- کێشی سوارڕۆکەت کەمتر دەبێت، خەرجکردنی سووتەمەنی کەمتر دەبێت و ژینگە کەمتر پیس دەبێت.

- لە کاتی سووتەمەنی تێکردن بوونی جگەرە یان مۆبایل مەترسی ئاگرکەوتنەوەیان لێدەکەوێتەوە.

- لە کاتی سووتەمەنی تێکردن باشتروایە پشتێنی سەلامەتی نەبەسترێت وەک ئامادەییەک بۆ بازدانی لەناکاو.



## 141 ئۆتۆمبێل و پیسبوونی ژینگە

■ هەرچەندە ئۆتۆمبێل بە یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی دادەنرێت و ڕۆڵێکی بەرچاو لە پێشکەوتنی مرۆڤدا دەگێڕێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ژمارەی قوربانییەکان بە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە زیابووندایە و ئۆتۆمبێل هۆکارێکیشە بۆ تێکدان و پیسبوونی ژینگە. هەروەها مەترسییە بۆ سەر ژیان لە تەواوی گۆی زەویدا.



● بەپێی یاسای سزاکانی عێراق هەر کەسێک بە هۆی ئاگرنانەوە مەترسی بۆ سەر سامان یان ژیانی خەڵکی دروست بکات. سزا دەدرێت بە بەندکردن و پێبژاردن یان بە یەکێک لەم دوو سزایە.





**! تێبینی :**

● مەبەست لە ئۆتۆمبێل لێرەدا تەنیا جۆرێکی دیاریکراو نییە لە سوارڕۆ، بەڵکوو مەبەستمان سەرجەم هۆیەکانی گواستنەوەیە کە بە سووتەمەنییە نەوتییەکان کاردەکەن.

**؟ پرسیار :**

**بۆچی ئۆتۆمبێل هۆکارە بۆ پیسبوونی ژینگە؟**

● ئۆتۆمبێل و هۆیەکانی گواستنەوە پشکی شێریان لە تێکدان و پیسکردنی ژینگەدا بەردەکەوێت چونکە لەو دووکەڵ و پاشماوانەی لە ئۆتۆمبێلەکانەوە دەردەچن، چەندین گازی ژەهراوییان تێدایە و بە هۆکاری سەرەکی قەتیسبوونی گەرمی لەسەر گۆی زەوی و پیسبوونی ژینگە دادەنرێن. بۆ نموونە، گازی دووانۆکسیدی کاربۆن، گازی ئۆکسیدی کاربۆن، ئۆکسیدی نایترۆجین، هایدرۆکاربۆنی نەسووتاو.



## 142 ئۆتۆمبێل و پیسبوونی ژینگە

**پرسیار ؟** **زیانەکانی پیسبوونی ژینگە چین؟**



- سەرەڕای ئەوەش هۆیەکانی گواستنەوە هۆکارن بۆ تووشبوونی مرۆڤ بە چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر و کوشندە، بە هۆی کاریگەرییەکانی پیسبوونی ژینگەوە، چەندین مەترسی ڕووبەڕووی گیانلەبەران و کشتوکاڵ و سەوزایی و پیسبوونی سەرچاوەکانی ژیانی مرۆڤ دەبنەوە. هەروەها قەتیسبوونی گەرمی دەبێتە هۆی تێکدانی ڕەوشی کەشوهەوا و نالەباری دیاردە سرووشتییەکان.

**پرسیار ؟** **چەند جۆر پیسبوون هەن و تا چەند هۆیەکانی گواستنەوە بەرپرسیارن؟**




- ئاشکرایە، پیسبوونی ژینگە چەند جۆرێکە و هەر یەکێکیان بە شێوەی جیاواز کاریگەری لەسەر تەواوی سیستەمی ژینگە هەیە. ئۆتۆمبێل هۆکارە بۆ زیاتر لە پێنج لە مەترسیدارترین جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە کە ئەمانەن:

- **پیسبوونی هەو**: بە هۆی دەردانی گازە ژەهراوییەکان لە ئەگزۆزی ئۆتۆمبێلەوە.
- **پیسبوونی ئاو**: بە هۆی تێکەڵبوونی پاشماوەکانی ئۆتۆمبێل و نیشتنەوەیان لەناو ئاوی ڕووبار و دەریاچەکاندا.
- **پیسبوونی خاک**: بە هۆی لێچوون یان ڕژانی سووتەمەنی و بڵاوبوونەوەی بەسەر خاکدا. هەروەها کاتێک گازە ژەهراوییەکان جارێکی دیکە بە هۆی بارانەوە دادەبەزنەوە سەر زەوی.
- **پیسبوون بە هۆی دەنگیان ژاوەژاو**: بە هۆی زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و هۆڕنلێدان و دەنگی بزوێنەر.
- **پیسبوون بە هۆی ڕووناکی**: ڕووناکی هۆیەکانی گواستنەوە لە شەواندا و ڕووناککردنەوەی شەقام و ڕێگاکان، کاریگەرییان لەسەر ژیانی زیندەوەران و چالاکییەکانیان دەبێت.

## 143 ئۆتۆمبێل و پیسبوونی ژینگە

- جگە لە مەترسییەکانی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ سەر تەندروستی و ژینگە و قوربانییەکان بە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، لایەنی ئابووری و خەرجییەکانی سووتەمەنی یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی زیانگەیاندن بە مرۆڤ و سەرچاوەکانی داهات.



- شارەزایانی بواری ئۆتۆمبێل دەڵێن **45**٪ ی ڕێژەی بەکارهێنانی سووتەمەنی پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی شۆفێرەوە هەیە، لە کاتی لێخوڕیندا. ئەگەر شێوازی لێخوڕینی گونجاو پەیڕەوبکرێت، دەتوانرێت تاوەکوو ڕێژەی **30**٪ ی بەکارهێنانی سووتەمەنی کەمبکرێتەوە.
- بۆیە دوای چەندین توێژینەوە و وردبوونەوە لە زیانەکانی هۆیەکانی گواستنەوە، چەندین وڵات ئێستا بەرنامەیەک جێبەجێ دەکەن، کە بە پرۆگرامی ژینگەیی و ئابووری یان بە دۆستی ژینگە ناسراوە. لە ڕێگای ئەم بەرنامەیەوە، دەتوانرێت ڕێژەیەکی بەرچاو لە زیانە تەندروستی و ژینگەیی و ئابوورییەکانی هۆیەکانی گواستنەوە کەمبکرێتەوە.

## 144 لێخوڕینی ژینگەیی:



- بە جێبەجێکردنی پرۆگرامی ژینگەپارێزی، کە بریتییە لە کەمکردنەوەی زیانەکان بە چەند ڕێگە و شێوازێک.
- ئامانج لە سەرجەم ئەو هەنگاوانەی کە لێردا باس دەکرێن، بریتییە لەوەی بە کەمترین خەرجی و کەمترین زیان بۆ سەر تەندروستی و ژینگە هۆیەکانی گواستنەوە بەکاربهێنرێن. بەڵام ئەگەر لە هەر بارودۆخێکدا پەیڕەوکردنیان ببێتە هۆی دروستکردنی مەترسی بۆ سەر بەکارهێنەرانی دیکەی ڕێگاکان، پێویستە پەیڕەو نەکرێن.



## 145 مەبەست لە لێخوڕینی ژینگەپارێزانە چییە؟













1 کاتێک ئۆتۆمبێل دەچێتە سەر شەقام، ڕاستەوخۆ مەترسی و خەرجییەکان زیاد دەبن. بۆیە یەکەم ڕێگە بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان بریتییە لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل بۆ هاتوچۆکردن. هەرچەندە دەکرێت هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی یان پاسکیل و ئەو هۆیانە بەکاربهێندرێن، کە مەترسی و زیانی کەمتر دەگەیەنن. بەتایبەتی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە دیزڵ (گازوایل) کاردەکەن، لە هەموو کاتێکدا زیانیان زۆرترە و بڕی گازە ژەهراوییەکان و پاشماوە نەسووتاوەکانیان زیاترە.

2 پارێزگاریکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئۆتۆمبێلەکەت دووەم ڕێگەیە بۆ کەمکردنەوەی خەرجی و مەترسییەکان. واتا هەمیشە پێویستە بەر لەوەی ئۆتۆمبێلەکەت دابگیرسێنیت، دڵنیابیت لە بەدیهێنانی سەرجەم مەرجەکانی ئوندوتۆڵی. بۆ نموونە، دڵنیابە لە نەبوونی لێچوونی چەوری، دووکەڵ، دەنگی نامۆ لە بزوێنەر و بەشەکانی دیکەی، شیاوی تایەکان و پەستانی گونجاوی هەوا، هتد.

3 کاریگەری پەستانی هەوا و کێشی ناپێویست لەسەر ئۆتۆمبێلەکەت کەمبکەرەوە. هەتاوەکوو ئۆتۆمبێل کێشی زیاتر بێت، سووتەمەنی زۆرتر بەکاردەهێنێت؛ هەروەها خۆشت بەدوور بگرە لە دانانی کەلوپەل بە شێوەی نەگونجاو لەسەر ئۆتۆمبێلەکەت.

4 دڵنیابە لە جۆری ئەو سووتەمەنییەی بەکاری دەهێنیت. ئەگەر سووتەمەنی کوالێتی زۆر نزم بێت یاخود بڕێکی بەرزی ئۆکتان لە ئێویدا هەبێت، مەترسی دەردانی گازە ژەهراوییەکان زۆر زیاتر دەبێت.



5 لە کاتی کڕینی ئۆتۆمبێلدا، ڕەچاوی ئەوە بکە، کە ئۆتۆمبێلەکە دۆستی ژینگە بێت. واتا ئۆتۆمبێلێک بێت کەمترین زیان بگەیەنێت. بە گشتی، هەتاوەکوو قەبارە و کێش و بزوێنەری ئۆتۆمبێل گەورەتر بێ سووتەمەنی زیاتر بەکاردەهێنێت.

6 لەسەرخۆ لێبخوڕە: خۆت بەدوور بگرە لە لێستۆپکردنی زۆر و لەناکاو، خۆت بەدوور بگرە لە لەپڕ خێرایی زیادکردن، (هەمبەڵەکردن) و لە لێخوڕین بە هەڵەشەیی و سەرکێشیکردن. بەم جۆرە، سەرەڕای ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە سووتەمەنی کەمتر بەکاردەهێنێت، هۆکارێکیشە بۆ سەلامەتی.

7 خۆت لە لێخوڕین بە «خێرایی زۆر» بەدوور بگرە. هەتاوەکوو خێرایی زیادبکەیت، ئۆتۆمبێلەکەت سووتەمەنی زیاتر بەکاردەهێنێت و دەنگ و ژاوەژاو زۆرتر دەبێت. جگە لەوانە، مەترسی بۆ سەر سەلامەتیش زیاتر دەبێت.

8 بە خێرایی جێگیر لێبخوڕە و خۆت لە بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی «خێرایی زۆر» بەدوور بگرە.

9 بە زووترین کات گێڕ بگۆڕە، کاتێک دەتەوێت خێرایی زیادبکەیت. ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەت بە بەنزین کاردەکات، پێش ئەوەی خولانەوەی کرێنک **RPM** بگاتە **2500**، گێڕەکە بگۆڕە. ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەت بە گاز کاردەکات بەر لەوەی بگات بە **2000**، گێڕەکە بگۆڕە.

10 خۆت بەدوور بگرە لە ڕێگا جەنجاڵەکان یاخود لەو ڕێگایانەی کە هاتوچۆکردن تیاندا هێواشە و ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل لەسەریان هاتوچۆ دەکەن.



شوشتنی ئۆتۆمبێل لەسەر ڕێگا و بەردەرکی ماڵ بە یەکێک لە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە دادەنرێت سەرەڕای ئەوەی شەقام ئۆتۆمبێلی ڕێبواران پیس دەکات، زیانیش دەگەیەنێت بە ئاوەڕۆکان و سامانی ئاو و کارێکی ناشارستانییە.

کاتێک بەیانیان ئۆتۆمبێلەکەت دادەگیرسێنیت تەنیا یەک خولەک بەسە بۆ ئەوەی سەرجەم بەشەکانی بزوێنەر و ئۆتۆمبێلەکە ڕۆنیان پێبگات و گەرم بێت. ئەگەر گرفتی میکانیکی نەبێت.





11 لە کاتی لێخوڕین بە هەوراز و لێژیدا، زۆرترین هێز بە بزوێنەر بدە، بەر لەوەی بگەیتە هەورازەکە. هەروەها لە کاتی هاتنەخوارەوەشدا، ئۆتۆمبێلەکە لە گێڕ بهێڵەوە، بەڵام پێت لەسەر پایدەری بەنزین هەڵگرە؛ ئەمەش سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی لەوەی بە تەواوەتی سووتەمەنی نەسووتێت، لە ڕووی سەلامەتییەوە باشترە و توانای کۆنترۆڵکردن زیاتر دەکات.

12 کاتێک بۆ ماوەی زیاتر لە خولەکێک دەوەستیت، ئۆتۆمبێلەکەت بکوژێنەوە. لە کاتی هێشتنەوەی ئۆتۆمبێل لە بۆش بە داگیرساوی بڕێکی زۆر سووتەمەنی بەکاردەهێنێت. ئاشکرایە کە بەگوێرەی جۆر بڕەکە دەگۆڕێت و لە ئۆتۆمبێلە گەورەکاندا بڕەکە زیاتر دەبێت.

13 بەکارهێنانی هۆڕن، بێ ئەوەی بۆ مەبەستی وریاکردنەوە لە مەترسییەک بێت، جگە لەوەی دیاردەیەکی ناشارستانییە، کاریگەری لەسەر زیادکردنی ژاوەژاو دەبێت و ئەمەش کاریگەری دەروونی لەسەر کەسانی دیکەی سەر شەقام دروست دەکات.

14 فڕێدانی پاشماوە لە ئۆتۆمبێلەوە بۆ نێو کۆڵان و گەڕەک و شوێنە گشتییەکان دیمەنێکی ناشیرینە و ناشارستانییە و هۆکارە بۆ پیسبوونی ژینگە.

• ڕشتنی ڕۆنی ئۆتۆمبێل یان مۆلیدە بۆ نێو ئاوەڕۆ جگە لەوەی کارێکی ناشارستانییە زیانیش دەگەیەنێت بە سیستەمی ئاوەڕۆی دوکان یان ماڵەکەی خۆت، پاشان ئاوەڕۆی ناوچەکە.



ڕێنوێری هاتوچۆ

## 146 گرنگی لێخوڕینی ژینگەپارێزانە چییە؟





■ گرنتەبەری شێوازی ژینگەپارێزی بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و هەڵسوکەوتی شیاو لە کاتی لێخوڕیندا چەندین سوودی ئابووری و تەندروستی و ژینگەییان هەیە جگە لە کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانیان بۆ کەمکردنەوەی:

- قشاری دەروونی لەسەر شۆفێر و کەسانی سەر ڕێگاکان
- ڕێژەی بەکارهێنانی سووتەمەنی و دەردانی گازە ژەهراوییەکان
- درێژکردنەوەی تەمەنی ئۆتۆمبێل و هۆیەکانی گواستنەوە
- نەخۆشییەکانی پەیوەست بە پیسبوونی هەوا
- خەرجییەکانی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل
- ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ
- خەرجییەکانی سووتەمەنی
- ژاوەژاو



12

# فریاگوزاریی سەرەتایی

147
160

# FIRST
# +AID



## 147 فریاگوزاریی سەرەتایی چییە؟

- پێشکەشکردنی هاریکارییە بە کەسێک، کە بە هۆی هەر ڕووداوێکی کتوپڕەوە ژیانی لە مەترسیدا بێت و ڕزگارکردنی تاوەکوو کاتی گەیاندنی بە نەخۆشخانە یان گەیشتنی تیمی فریاگوزاری، ئەمە بەواتای فریاگوزاریی سەرەتایی دێت.
- فریاگوزاریی سەرەتایی دەکرێت لە لایەن هەر کەسێکەوە ئەنجامبدرێت، بەڵام مەرجە بە شێوەیەکی دروست بێت بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی ئەهامەتی زیاتر بۆ قوربانییەکە و کەسی فریاگوزار.
- ئامانج لە فریاگوزاریی سەرەتایی ڕزگارکردنی بەرکەوتووەکانە لە بارودۆخێکی کتوپڕ نەک چارەسەرکردن.

مەبەست لە نووسینی ƎƆИA⅃UBMA لە پێشی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بە پێچەوانەوە ئەوەیە کاتێک شۆفێر لە ئاوێنەوە تەماشای دەکات بە شێوەی AMBULANCE دەربکەوێت.




### ژمارە تەلەفۆنەکانی فریاکەوتن

لە کاتی هەبوونی هەر بارودۆخێکی کتوپڕدا پەیوەندی بکە بە یەکەکانی فریاکەوتن، ژمارە **911** یاخود:

- **115** بەرگری شارستانی ئاگرکوژێنەوە
- **440** پۆلیسی هاتوچۆ
- **104** پۆلیسی فریاکەوتن
- **122** فریاگوزاری (ئەمبولانس)

### پێداویستییەکانی فریاگوزاریی سەرەتایی

- زۆر گرنگە، کەرەستەکانی فریاگوزاری لەناو ئۆتۆمبێلەکەتدا هەبن و لەناو جانتایەکدا لە شوێنێک هەڵیان بگریت، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بە ئاسانی بتوانیت دەستت پێیان بگات.

› پلاستەر بە قەبارە و شێوەی جیاجیا › پارچە پەڕۆی خاوێن › برینپێچ › لەفاف › باندیج بە قەبارەی جیاواز › برینپێچی چاو › لۆکە / پەموو › مەقەس › مووکێش › لایت › دیتۆل › ئیسپرتۆ › گەرمپێوی جەستە › کرێمی پێست › شلەی پاککردنەوەی برین › ئامێری پێوانی فشاری خوێن

- دەبێت دەرفەت بە ئۆتۆمبێلەکانی فریاگوزاری بدرێت، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی فریاگوزاریدا؛ لە ڕێگەی چۆڵکردنی ڕێڕەوی لای چەپ بۆیان.

# 148 بووژاندنەوەی دڵ





## بووژاندنەوەی دڵ
## CPR: Cardiopulmonary Resuscitation

- یەکێکە لە تەکنیکەکان، کە بە شارەزابوون دەکرێت یارمەتیدەر بێت بۆ ڕزگارکردنی ژیانی کەسەکان لە کاتی وەستانی هەناسە یان وەستانی دڵ بە هۆی ڕووداوێکی کتوپڕ یان جەڵتەی دڵ و سییەکان، یاخود نزیکبوونەوە لە خنکان.

- زۆر گرنگە بەشداری بکەیت لە خولێکی ڕاهێنانی فریاگوزاریی سەرەتایی، بەتایبەتی چۆنیەتی ئەنجامدانی تەکنیکەکانی بووژاندنەوەی دڵ. ئەگەر شارەزاییت نەبوو، بە زووترین کات پەیوەندی بە تیمی فریاگوزارییەوە بکە.

## پێش دەستکردن بە ئەنجامدانی بووژاندنەوەی دڵ

- دڵنیابە کە ئایا بارودۆخەکە سەلامەتە؟
- ئایا کەسەکە لە هۆش خۆیەتی یاخود نا؟
- پرسیار لە کەسەکە بکە و بە دەنگی بەرز، دەست لە شانی بدە و بڵێ ئایا تۆ باشیت؟ من دەبینیت؟

## چۆنیەتی ئەنجامدانی

- کەسەکە لەسەر پشت لەسەر زەوییەکی تەخت ڕاکشێنە.
- لەژنۆکانت لەسەر زەوی لە تەنیشت شان و مل و سینگی کەسەکە جێگیر بکە.
- لەپی دەست بخەرە سەر ناوەڕاستی سینگی کەسەکە و پاشان دەستەکەی دیکە بخەرە سەر هەمان دەستەکانت پێکەوە قوفڵی بکە. قۆڵەکانت بە ڕێکی ڕابگرە و ئانیشک مەنووشتێنەرەوە و شانت ڕاستەوخۆ بکەوێتە سەرەوەی دەستەکانتەوە.

- هێزی جەستەت بەکاربهێنە بۆ پەستان خستنەسەر سینگی قوربانییەکە بە قووڵایی **5** سم و بە خێراییەکی جێگیر کە لایەنی کەم بتوانیت لە هەر خولەکێک ١٠٠ بۆ ١٢٠ جار شێلانی سینگ ئەنجام بدەیت.

- دوای هەر **30** پەستان خستنەسەرێک، بە دەم **2** هەناسەی پێبدە.



# ئەو کاتەی لە شوێنی ڕووداوەکەی

## چی دەکەیت؟



ساڵانە ژمارەیەکی زۆر ڕووداوی هاتوچۆ ڕوودەدەن و برینداری و مردنیان لێدەکەوێتەوە. بە هۆی ئەوەوە، کە تۆ ئۆتۆمبێل لێدەخوڕیت، لەوانەیە یەکەم کەس بیت دەگەیتە شوێنی ڕووداوێک. هەرچەندە لەوانەیە نەتوانیت بە باشترین شێوە هاوکاری قوربانییەکان بکەیت و فریاگوزاریی سەرەتاییان بۆ بکەیت، بەڵام بە دوورخستنەوەی مەترسی لە شوێنی ڕووداوەکە، دەکرێت ژیانی قوربانییەکان بپارێزیت.

## 149 چی دەکەیت کاتێک یەکەم کەس بیت بگەیتە شوێنی ڕووداوێک؟





- کاتێک ئۆتۆمبێلێک دەبینیت لەسەر شەقام و ڕێگاکان تووشی ڕووداوێک بووە یان پێکدادان لە نێوان چەند سوارڕۆیەک ڕوویداوە:
- دەستبەجێ ئۆتۆمبێلەکەت لە شوێنێکی سەلامەت لە لێواری ڕێگاکە بوەستێنە و هێمای چواری (فلاش) بۆ ورياکردنەوەی سوارڕۆکانی دیکە دابگیرسێنە.
- ئەگەر قوربانییەکە لەسەر ڕێگاکە کەوتبێت، ئۆتۆمبێلەکەت وەک بەربەستێک لە بەردەم هۆیەکانی گواستنەوەی دیکەدا بەکاربهێنە، تاوەکوو فریاگوزاریی سەرەتایی بۆ دەکرێت.
- هەوڵ بدە خۆت و قوربانییەکە بە هێمنی بمێننەوە، تاوەکوو بتوانیت بڕیاری ژیرانە بدەیت.
- ئەگەر هەستت بە ترس و شڵەژان کرد، هەناسەیەکی قووڵ بدە بۆ ئەوەی بتوانیت بە باشی بیربکەیتەوە و بڕیاری دروست بدەیت.
- مانەوە بە هێمنی دوورتدەخاتەوە لە ترس و شڵەژان و ئەگەر چەند کەسێک بن بەیەکەوە، دەتوانن بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان هاوکاری یەکتر بکەن.
- بەر لەوەی بۆ داواکردنی هاوکاری پەیوەندی بکەیت، بە خێرایی تەماشای دەوروبەری شوێنی ڕووداوەکە بکە و بزانە چەند ئۆتۆمبێل لە ڕووداوەکەدان و ژمارەی قوربانییەکان چەندە.





- بزانە، ئایا لە هیچ شوێنێک ئەگەری کەوتنەوەی ئاگر یان ڕژانی سووتەمەنی و بۆنی دووکەڵ یان سووتان هەیە.
- بزانە، ئایا هیچ منداڵێک لە شوێنەکە هەیە، تاوەکوو لە شوێنی ڕووداوەکە دووریبخەیتەوە.
- دڵنیابە کە لە شوێنی ڕووداوەکەدا پارێزگاری لە سەلامەتی خۆت دەکەیت و نەبیت بە یەکێک لە قوربانییەکان.
- خۆت لە بەکارهێنانی ئاگر و چەرخ یان جگەرە لە کاتی گەیشتن بە شوێنی ڕووداوەکە بەدوور بگرە.
- دوای ئەوەی بە خێرایی توانیت ڕووداو و بارودۆخەکە بخەملێنیت، پەیوەندی بە فریاکەوتنی خێراوە بکە و زانیارییەکان بگەیەنە.
- لەگەر کەسانی دیکە هەبن لە شوێنەکەدا، هەوڵ بدە لەوانیش پەیوەندی بە فریاکەوتنی خێراوە بکەن؛ لەوانەیە ئەوان بتوانن زانیاری زیاتر بگەیەنن.
- لە کاتی پەیوەندیکردندا بە تیمەکانی فریاگوزارییەوە: سەرەتا خۆت بناسێنە، ناونیشان و جۆری ڕووداوەکە لەگەڵ ژمارەی قوربانییەکان باس بکە. هەروەها لە هەبوونی ئاگرکەوتنەوەش ئاگاداریان بکەرەوە، ئەگەر هەبێت.
- سوارڕۆکان و کەسانی دیکە کە لە ڕێگاکە تێپەڕدەبن وریابکەرەوە، بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکەدا زیانیان پێنەگات.
- بە خێرایی بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکە بکوژێنەرەوە کە لە شوێنەکە تووشی ڕووداو بووە.
- بە وریاییەوە لە قوربانییەکە نزیکببەرەوە؛ لەوانەیە قوربانییەکە بترسێت و ئازارت پێبگەیەنێت یاخود لەوانەیە لە کاتی جووڵاندنیدا تۆ ئازاری زیاتر بە قوربانییەکە بگەیەنیت.
- بە هیچ شێوەیەک هەوڵی جووڵاندنی مل و بڕبڕەکانی قوربانییەکە مەدە، چونکە ئامازەکانی بەشێکی زۆری برینی قوربانییەکان لە سەرەتادا لە دەرەوە دەرناکەون.

تکایە!

کاتێک دەگەیتە شوێنی ڕووداوەکە، وێنەی قوربانییەکان مەگرە!



لەوانەیە هەندێک جار بە شێوەی سیناریۆیەک ڕووداو ڕێکبخرێت، کە بەمەبەست لێی دزیکردن بێت، بۆیە کاتێک ئۆتۆمبێلەکەت ڕادەگریت دڵنیابە دەرگا و جامەکانی داخەیت و کەلوپەلی گرانبەها لە ناویدا نەبێت!

سیناریۆیەک بە مەبەستی دزیکردن!





- تەنیا لە کاتێکدا هەوڵی گواستنەوەی قوربانییەکە بدە، کە لە ژێر مەترسی ڕاستەوخۆی ئاگر یان هەر جۆرە مەترسییەکی دیکەدا بێت و لە بیرت بێت بە باسک و دەستەکانت ملی قوربانییەکە جێگیر بکە.
- دڵنیابە لەوەی کە هیچ بەربەستێک بۆ هەناسەدان لە بەردەم قوربانییەکەدا نەبێت.
- ئەگەر کەسەکە لە هۆش خۆی چووبێت، زۆر گرنگە دڵنیابیت لەوەی دەتوانێت هەناسەبدات و ڕێڕەوی هەناسەی نەگیرابێت.
- بە کردنەوەی قۆپچە و زنجیر یان جلی تەنک هاوکاری قوربانییەکە بکە و بۆ پارێزگاریکردن لە پلەی گەرمی جەستەی بە بەتانی یان داپۆشەرێک دایپۆشە.
- هەوڵ بدە بە قسەی نەرم و هاندەر قوربانییەکە ئارامبکەیتەوە و لە ترس و شۆک دووربخەیتەوە تاوەکوو تیمەکانی فریاگوزاری دەگەنە شوێنەکە.
- هەوڵ بدە خەڵکی لە شوێنی ڕووداوەکەدا کۆنەبنەوە، چونکە لەوانەیە قوربانییەکە بە هۆی کۆبوونەوەیان تووشی ترسێکی زۆر بێت. هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش لە شوێنەکەدا، ڕەنگە ببێتە ڕێگر لە بەردەم تیمەکانی فریاگوزاریدا، کە نەتوانن بە باشی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.
- لە کاتی گەیشتنی تیمی تەندروستی فریاکەوتندا، دووربکەوە و ڕێگە بدە ئەوانەی شارەزان لە کارەکەدا چاودێری و کاری پێویست ئەنجام بدەن.

## لەبیرتبێت

- کاتێک دەتەوێت ئۆتۆمبێلەکەت لەسەر شەقام دووربخەیتەوە یاخود بیگوازیتەوە بۆ لای فیتەر: **باشترە پەیوەندی بە ئامێری گواستنەوە** (کرێن) **بکەیت.**



## 150 بنەماکانی فریاگوزاریی سەرەتایی



3

**فریاگوزاریی سەرەتایی لە 3 بنچینە پێکدێت:**

1. پارێزگاریکردن لە ژیانی بەرکەوتوو یان قوربانییەکە.
2. ڕێگەگرتن لە تەشەنەکردن یان خراپتربوونی ئەنجامەکان.
3. خێراکردنی چارەسەرەکان.

**زۆرترین لەو بارودۆخانەی کە دەکرێت شۆفێر ڕووبەڕوویان ببێتەوە و فریاگوزاریی سەرەتاییان پێویست بێت، دەکرێت یەکێک لەمانەی خوارەوە بێت:**

## 151 ① خوێنبەربوون

- خوێن هاتن لە جەستەی قوربانییەک دەکرێت ئاماژە بێت بۆ بەرکەوتنی توند و دروستبوونی برینی سەخت لە جەستەدا، بەڵام دەکرێت تەنیا بە هۆی برینێکی سادەوە بێت. لە هەر یەکێک لەم بارانەدا، پێویستە بتوانیت بە هێمنی پارێزگاری لە ماڵەوەی خۆت و کەسی بەرکەوتوو بکەیت، چونکە بینینی خوێن زۆر جار هۆکارە بۆ ترس و شڵەژان، ئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر قوربانییەکە دروست دەکات.

**دەکرێت خوێنبەربوون بە یەکێک لەم شێوازانە ڕووبدات:**

- خوێنبەربوون لە دەرەوەی جەستە: کاتێک بە هۆی برین یان کونبوونی جەستەوە خوێن لە جەستە دێتە دەرەوە.
- کاتێک لە یەکێک لە ئەندامەکانی جەستە وەک لووت، گوێ، دەم یان بەشێکی دیکەی جەستەوە خوێن دێت، بە بێ بریندار بوون.





1 ئەگەر دەرچوونی خوێن لە لوولە خوێنبەرەکانەوە بێت، ڕەنگی خوێنەکە سوورێکی گەش دەبێت و زۆر فیچقە دەکات، چونکە لە دڵەوە دێت و ڕێژەیەکی زۆر ئۆکسیجینی تێدایە. ئەم جۆرەیان زۆر مەترسیدارە و دەبێت دەستبەجێ هەوڵی وەستاندنی بدرێت.

2 ئەگەر ڕەنگی خوێنەکە سووری ڕەشباو بێت، ئاماژەیە بۆ دەرچوونی لە لوولە خوێنهێنەرەکانەوە.



## چۆنیەتی ئەنجامدانی فریاگوزاری و بەهاناوەچوونی قوربانییەکە

1 بەر لەوەی دەست لە برینی قوربانییەکە بدەیت، دڵنیابە کە خۆت و شوێنەکە سەلامەتن و لە بیرت بێت دەستکێش و دەمامک بەکاربهێنە.

2 هەوڵ بدە کەسەکە ئارامبکەیتەوە، چونکە دڵەڕاوکێ و شڵەژان خوێنبەربوون زیاد دەکات.

3 جلوبەرگ و پارچەی بەرکەوتوو لە شوێنی برینەکە دووربخەرەوە و بە پارچە قوماشێکی پاک دایپۆشە، بەڵام ئەگەر پارچەی گەورە لە شووشە یان هەر شتێکی دیکە بە قووڵی لەناو پێستیدا ڕۆچووبێت، بە هیچ شێوەیەک هەوڵ مەدە بۆ دەرهێنانی، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی زیاتر کرانەوەی برینەکان و خوێنبەربوونی زیاتر.



4 یارمەتی کەسەکە بدە بۆ پاڵکەوتن لە شوێنێکی سەلامەت و باکەمترین جووڵەی هەبێت.

5 بە پارچە قوماش یان لۆکە فشار بخەرە سەر شوێنی برینەکە.

6 دوای دوورخستنەوەی مەترسییەکان، دەستبەجێ پەیوەندی بە فریاکەوتنی خێراوە بکە، ئەگەر خوێنبەربوونەکە نەوەستا یان بە ڕێژەیەکی زۆر بێت.

## 152 ② خوێنبەربوون لە ناوەوەی جەستەدا

■ خوێنبەربوون لە ناوەوەی جەستەدا دەکرێت بە دوو شێواز بێت: هەندێک جار نیشانە لەسەر جەستەی کەسەکە دەردەکەوێت، وەک ئاوسان و شینهەڵگەڕان یان گۆڕانی ڕەنگی پێست لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە خوێنبەربوون لە ناوەوەی جەستەدا ڕوویدات، بە بێ دەرکەوتنی نیشانەی دیار لەسەر جەستەی کەسەکە، بۆ نموونە کاتێک خوێنبەربوون لەناو کاسەی سەر یان گەدەدا ڕوودەدات.
بە گشتی بۆ دڵنیابوون لەوەی کەسەکە تووشی خوێنبەربوون لەناوەوە بووە یان نا، بڕوانە ئەم نیشانانە:

① ئاوسان و شینبوونەوەی پێست. ② زیادبوونی لێدانی دڵ.

③ هەبوونی ئازارێکی زۆر لە شوێنی برینەکەدا. ④ ڕشانەوە و دڵتێکەڵهاتن.

⑤ هەناسە توندبوون. ⑥ تینوویەتی. ⑦ بوورانەوە و لەهۆشچوون.





### بەهاناوەچوون

■ ئەگەر قوربانییەکە هۆشی لە لای خۆی بوو، هەوڵ بدە ڕێژەی لێدانی دڵی بە جێگیری بهێڵێتەوە و ئارامی بکەرەوە.

- هاوکاری قوربانییەکە بکە بۆ پاڵکەوتن و بۆ بەرزکردنەوەی قاچەکانی تا ئاستی سینگی.
- بە هیچ شێوەیەک خۆراک و خواردنەوە بە قوربانییەکە مەدە.
- بە زووترین کات داوای پەیوەندی بە تیمی فریاگوزارییەوە بکە **122**.



## 153 ③ ئارامی بکەرەوە

- لە کاتی هەبوونی خوێنبەربوون لە لووتی قوربانییەکە:



- هاوکاری کەسەکە بکە بۆ ئەوەی بە ڕێکی دابنیشێت و سەری بەرەو پێشەوە لار بکاتەوە.
- بە دوو پەنجە فشار بخەرە سەر کرکراگەی پێشەوەی لووتی، لایەنی کەم بۆ ماوەی 10 بۆ 15 خولەک.
- لەگەر خوێنبەربوونەکە بۆ ماوەی زیاتر لە 2 خولەک بەردەوام بوو، پێویستە داوای هاوکاری پزیشکی یان فریاگوزاری بکەیت.

## 154 ④ شکانی ئێسک

- شکان بریتییە لە درزبردن یان قڵیشانی ئێسک لە لەشی مرۆڤدا، کە لە ڕێگەی زەبرێکی توندەوە لە جەستەدا دروستدەبێت. بەگوێرەی سەختی بەرکەوتنەکان، دەکرێت شکان بە دوو جۆر ڕووبدات، کە بریتین لە مانەی خوارەوە:
- **شکانی داخراو:** ئەم جۆرە بریتییە لە شکانی ئێسک، بەڵام هیچ بەشێکی ئێسک لە پێستەوە دەرناچێت و لە ناوەوەیە؛ تەنیا ڕەنگی شوێنی شکانەکە دەگۆڕێت و کەسەکە تووشی ئازار و ئاوسان دەکات.
- **شکانی کراوە:** بەم جۆرە شکانە دەگوترێت شکانی سەخت و بە هۆیەوە بەشێکی ئێسک لە پێست دێتەدەرەوە و برین دروست دەکات.



### نیشانەکانی شکان

- ئازار و هەڵاوسان لە شوێنی شکانەکە.
- گۆڕانی ڕەنگی پێست، کە زۆر جار شین و مۆر هەڵدەگەڕێت.
- خواربوون و ناڕێکبوونی شوێنی شکانەکە.
- پێنواتایی بەرکەوتووەکە لە جووڵاندنی ئەو بەشەی جەستەیدا، کە شکان تێیدا ڕوویداوە.





## به‌هاناوه‌چوون و فریاگوزاری

- جلوبەرگ لـە شـوێنی شـكانەكە دابكەنـە یـان بـە مەقـەس بیدڕێنـە، بۆ ئـەوەی شـوێنەكە بـە باشـی ببینرێت.
- هەوڵ بدە قوربانییەكە ئارامبكەیتەوە و هانی بدە تا كەمترین جووڵەی هەبێت.
- شـوێنی شـكانەكە بـە جێگیری ڕابگـرە و ئەگـەر بكرێت بـە پارچە تەختـە یـان ئامرازێكی دیكە لە شـوێنی خـۆی بیهێڵـەرەوە، بۆ ئـەوەی نەبێتە هۆی زیاتر دەرچوون و شكان لە ئێسـكەكاندا.
- شـوێنی برینەكـە بـە پارچـە قوماشـێكی خاوێـن داپۆشـە، ئەگـەر بە هۆی شـكانەوە تووشـی خوێنبەربـوون بووبێـت، بـەڵام خـۆت لـە فشـار خسـتنەسـەر یـان دەسـتلێدان لـە شـوێنی دەرچوونـی ئێسـك بـەدوور بگـرە.
- پێویسـتە زۆر بـە وریایـی لـە كاتـی شـكان و بەركەوتنـی زەبـر لەگـەڵ برِبـڕەی پشـتی قوربانییەكـە مامەڵـە بكەیـت. ئەنجامدانـی هـەر هەڵەیـەك دەكرێـت بارودۆخەكـە بـۆ قوربانییەكـە زۆر خراپتر بـكات. لەبـەر ئـەوە لـە كاتـی دەركەوتنـی هـەر نیشـانەیەك لەسـەر كەسـەدا، كـە زیـان بـەر برِبڕەكانـی كەوتـووە یـان هەسـت بـە ئـازار دەكات و ناتوانێـت دەسـت و پێـی بجووڵێنێـت، بـە زووتریـن كات پەیوەندی بـە تیمـی فریاگوزارییـەوە **122** بكە و هیـچ جووڵەیـەك بـە قوربانییەكـە مەكـە، ئەگـەر بـە مەبەسـتی دوورخسـتنەوەی ئەبێـت لـە مەترسـی.



ڕێنەری هاتوچۆ

## 155 ⑤ مەترسی مار و دووپشک:

دووچاربوونی گەستن لە لایەن مارەوە یان دووپشک دەکرێت بە چەند نیشانەیەک بناسرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانیت بە زووترین کات ژیانی قوربانییەکە ڕزگاربکەیت و لەمەترسی زیاتر دووربخەیتەوە.

### نیشانەکانی پێوەدان لە لایەن مار و دووپشکەوە:



- دەرکەوتنی شوێنی پێوەدان لەسەر جەستەی کەسەکەدا؛ بە شێوەیەک لەگەر ماری ژەهراوی بێت کونی بچووک لەسەر پێست جێدەهێڵێت.
- ئازار و ئاوسان و گۆڕانی ڕەنگی پێست لە شوێنی پێوەدانەکە.
- لێڵبوونی توانای بینین.
- سەر سووڕان و ڕشانەوە.
- لاوازبوونی ماسوولکەکانی قوربانییەکە و لەستەمبوونی جووڵەپێکردنیان.
- ئارەقەکردن و تینوویەتی.

### فریاگوزاریی سەرەتایی بۆ قوربانییەکە

- لە شوێنێکی سەلامەت دوور لە پێوەدان قوربانییەکە دابنیشێنە یان ڕایکشێنە
- داوای هاوکاری بکە لە **122**.
- بازن و کاتژمێر و خشڵەکانی دەست و پەلەکان لابدە.
- شوێنەکەی بە ئاو و سابوون بشۆ.
- شوێنەکەی داپۆشە بە باندجێک یان پارچە پەڕۆیەک.
- شوێنی گەستن و ئاستی ئەستووربوونەکە دیاری بکە.



### ئەم کارانە لە بەرامبەر پێوەدان لە لایەن دووپشک و مارەوە ئەنجام مەدە:

- هەوڵ مەدە مارەکە یان دووپشکەکە بگریت یان بیکوژیت.
- شوێنی پێوەدانەکە مەمژە بۆ ڕاکێشانی ژەهرەکەی.
- شوێنی پێوەدانەکە مەبەستەوە.
- شوێنی پێوەدانەکە بریندار مەکە .
- بەفر مەخەرە سەر شوێنی پێوەدانەکە .
- نابێت قوربانییەکە قاوە، کحوول و چا بخواتەوە.



# ژمارە تەلەفۆنەکانی فریاکەوتن

لە کاتی هەبوونی هەر بارودۆخێکی کتوپڕدا پەیوەندی بکە بە یەکەکانی فریاکەوتن، ژمارە **911** یاخود:

- **115** ئاگرکوژێنەوە
- **440** پۆلیسی هاتوچۆ
- **104** پۆلیسی فریاکەوتن
- **122** فریاگوزاری (ئامبولانس)

- لە کاتی بینینی نیشانەی سووتان لەسەر جەستەی قوربانییەک، دەستبەجێ قوربانییەکە لە مەترسییەکان یاخود لە سەرچاوەی ئاگر یان هۆکاری سووتانەکە دووربخەرەوە.
ئەگەر سووتان بە هۆی کارەباوە بێت، دڵنیابە کە سەرچاوەی کارەباکە کوژاێتەوە بەر لەوەی لە قوربانییەکە نزیکبیتەوە.

- یەکەم هەنگاو پێش نزیکبوونەوە دەبێت دڵنیابیت لە سەلامەتی خۆت و شوێنەکە، دواتر کەسەکە بگوازەرەوە بۆ شوێنێکی سەلامەت کە مەترسی ئاگری لێ نەبێت.

- خشڵ و زنجیر یان قایش و هەر ئامرازێکی کانزایی و کاتژمێر لە دەوری جەستەی قوربانییەکە دووربخەرەوە، بەتایبەتی لە دەوری شوێنی سووتانەکە. شوێنەواری سووتان زوو تووشی هەڵاوسان دەبێت.

- شوێنی سووتانەکە بە پارچە پەڕۆ یان بەتانی یان هەر شتێکی دیکە داپۆشە، بە مەرجێک پاک بێت و فشار و پەستان نەخاتە سەر شوێنی سووتانەکە.

- ئاو بکە بەسەر برینەکە بۆ ماوەی لایەنی کەم **10–15** خولەک.

- دوای دڵنیابوون لە پاراستنی قوربانییەکە و خۆت لە مەترسی، پەیوەندی بە تیمی فریاگوزارییەوە بکە **122**.



## 157 لە کاتی ئەنجامدانی فریاگوزاریی سەرەتاییدا

1 لە شوێنی ڕووداوەکەدا خواردن و خواردنەوە بە قوربانییەکە نەدەیت، تاوەکوو تیمی فریاگوزاری دەگاتە شوێنەکە.

2 ئەگەر خوێنبەربوونی زۆر لە قۆڵ یان قاچی قوربانییەکەدا هەبێت، باشترە بە بەرزی بهێڵدرێتەوە تاوەکوو خوێنی کەمتر بچێت بۆ ئەو بەشەی جەستە.

3 بە هیچ شێوەیەک هەوڵ مەدە چاوی بریندارەکە خاوێنبکەیتەوە، کاتێک زەبرێکی بەرکەوتبێت؛ بە پارچە قوماشێکی پاک و نەرم چاوی قوربانییەکە داپۆشە.

4 ئەو ئۆتۆمبێلەی بۆ گواستنەوە بەکاردەهێندرێت، پێویستە شوێنی تەواوی هەبێت تاوەکوو پشتی قوربانییەکە بە ڕێکی بمێنێتەوە.

5 لە کاتی بینینی ڕووداوێکی هاتوچۆی ماتۆڕسکیل، کاتێک قوربانییەکە لە ژێر کڵاوی سەلامەتییەوە خوێنی لێدێت، نابێت کڵاوەکە لابەرێت تاوەکوو تیمەکانی فریاگوزاری دەگەنە شوێنەکە.

6 کاتێک قوربانییەکە شوێنەواری شکاوی بە بەشێکی جەستەیەوە هەبێت، بە هیچ شێوەیەک فشار مەخەرە سەر شوێنی شکاوییەکەی.



6
خاڵی گرنگ



## 158 چی دەکەیت کاتێک بە ئۆتۆمبێل تووشی ڕووداوێک دەبیت؟

تووشبوون بە ڕووداوی هاتوچۆ دەکرێت مەترسیدار و ترسێنەر بێت. لەوانەیە تووشی شڵەژان و تووڕەیی یان هەست بە تاوانباری بکەیت. پێویستە هەمیشە پێشبینی ڕووداوەکان بکەیت و بۆ چۆنیەتی دەربازبوون لێیان بە سەلامەتی ئامادەبیت. ئامادەبوونت بۆ کاردانەوە دەستبەجێ دوای ڕووداوەکە، لەوانەیە مەترسی لەسەر خۆت و قوربانییەکانیش کەمبکاتەوە. بۆیە لە کاتی تووشبوون بە ڕووداو پێویستە:

1. چەند دەکرێت بە هێمنی بمێنەوە. پارێزگاریکردن لە هێمنیت دوورتدەخاتەوە لە هەڵچوونە دەروونییەکان.
2. لە شوێنی ڕووداوەکەدا بمێنەوە. دەکرێت هەڵاتن لە دوای ڕووداوەکە بێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی سزای قورس، ئەگەر بێت و تۆ هۆکاری ڕووداوەکە بیت یان نا.
3. پەیوەندی بە پۆلیس یان پۆلیسی هاتوچۆ یان فریاگوزاریی خێراوە بکە.
4. هێمای وریاکردنەوە دابگیرسێنە و ئەگەر بتوانیت ئۆتۆمبێلەکەت لەسەر ڕێڕەوی سوارڕۆکان دووربخەرەوە.
5. ئەگەر بتوانیت وێنەی ڕووداوەکە و شوێنەکە بگرە، بەر لەوەی بۆ دوورخستنەوەی ئۆتۆمبێلەکە لە ڕێڕەوی سوارڕۆکان جووڵەی پێبکەیت.
6. ئەگەر سەلامەت بوو لە ئۆتۆمبێلەکەدا بمێنەوە تاوەکوو تیمەکانی فریاگوزاری دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە.
7. ئەگەر هەستت بە بۆنی بەنزین یان سووتەمەنی یاخود بۆنی سووتانی وایەر کرد، دەستبەجێ لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزە، چونکە لەوانەیە سووتەمەنی ڕژابێت و مەترسی گرگرتنی هەبێت.



**7**

خاڵی گرنگ




سزاکە سووک دەکرێت ئەگەر شۆفێرەکە دەستبەجێ یارمەتی بریندارەکە بدات، بە گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە یاخود هەر بنکەیەکی تەندروستی یان ئەگەر بنکەی پۆلیسی ئاگادار کردەوە بە هەر هۆکارێک بێت.

## 159 چی دەکەیت کاتێک ئۆتۆمبێلەکەت لە ڕێگادا پەکیدەکەوێت؟

8

خاڵی گرنگ

▪ دەبێت هەمیشە بەر لە دەستکردن بە لێخوڕین دڵنیابیت کە ئۆتۆمبێلەکەت لەبارە و هیچ کێشەیەک لە بەشە سەرەکییەکانیدا نییە. ئەگەر بێت و پەکیبکەوێت لە ڕێگادا، جگە لەوەی دەکرێت ڕووبەڕووی مەترسی ببیتەوە، زۆر جاریش دەبێتە مایەی هەستکردنت بە بێزاری.

### هەر کاتێک بە هۆی کێشەیەکی میکانیکییەوە پێویست بێت ئۆتۆمبێلەکەت بوەستێنیت، ئەمانە لەبیرمەکە:

1 بە وریاییەوە ڕێڕەوەی گونجاو بگرەبەر و لە شوێنێکی سەلامەت ئۆتۆمبێلەکەت پارک بکە.

2 لە شوێنێکدا ئۆتۆمبێلەکەت ڕامەگرە، کە سوارڕۆکانی دیکە نەتوانن بتبینن. لە ناو تونێل یاخود لە ژێر پرد ئۆتۆمبێلەکەت مەوەستێنە.




3 هێماکانی ورياكردنەوە لە مەترسی چواری (فلاش) یان ڕووناکی نزم دابگیرسێنە، تاوەکوو کەسانی دیکە بتوانن بتبینن.

4 سێگۆشەی فسفۆری لە دووری نزیکەی **50** مەتر لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکەتەوە لەسەر ڕێڕەوی لای ڕاستی شەقامەکە دابنێ.

5 لەگەر دووکەڵ لە ژێر بۆنێتی ئۆتۆمبێلەکەوە بەرزبێتەوە، بۆنێتەکە بەرز مەکەرەوە، چونکە لەوانەیە ئاگر لە ژێر بۆنێتەکەوە بەرزببێتەوە.

6 بە لابردنی بۆنێتەکە، ئۆکسیجینی زیاتر دەچێتە ناوەوە و ئاگرەکە زیاتر تەشەنە دەکات.

7 لەسەر ڕێگا مەوەستە و ڕێگا مەدە ئەو کەسانەی لەگەڵتدان، لەسەر ڕێڕەوی ڕێگاکە بوەستن.



8 ئەگەر شەو بوو، لە شوێنێکدا مەوەستە ببێتە هۆی شاردنەوەی ڕووناکییەکانی ئاگادارکردنەوەی دەوروبەری ڕووداوەکە.

## 160 چۆن ئاگرکوژێنەوە بەکاردەهێنیت؟

- دڵنیابە لە ماوەی بەسەرچوونی.
- لە دوورییەکی گونجاوەوە لە ئاگرەکە بوەستە و دڵنیابە لە پشتەوە ڕێگای دەربازبوون هەبێت.
- ئۆتۆمبێلەکەت بکوژێنەوە، ئەگەر سەلامەت بێت.
- دڵنیابە پێشتر ڕاهێنانت ئەنجامداییت و بەم کارە خۆت و ئەوانی دیکە نەخەیتە مەترسییەوە.

ئەگەر بە هۆی ڕووداوێکەوە ئاگرکەوتبێتەوە، بە مەرجێک بتوانرێت کۆنترۆڵبکرێت، دەستبەجێ ئاگرکوژێنەوەی ئۆتۆمبێلەکەت ئامادە بکە:



- ئەلقەی گرتنەوەکە ڕابکێشە.



- سۆندەکە ڕووەو بنچینەی ئاگرەکە ڕابگرە.



- دەسکەکە بە توندی بگوشە.



- سۆندە و ئاگرکوژێنەوە بسووڕێنە.



### جۆرەکانی ئاگرکوژێنەوە

- **A** بۆ کوژاندنەوەی ئاگری سووتانی قوماش، دار و تەختە، ماددەی لاستیکی و کاغەز بەکاردەهێنرێت.
- **B** بۆ کوژاندنەوەی ئاگری سووتەمەنی و ڕۆنی چەورکردن و ڕۆنی خواردن دروستکردن و بۆیەکان بەکاردەهێنرێت.
- **C** بۆ کوژاندنەوەی ئاگری شۆرتی کارەبا و سووتانی وایەر و ئامێرەکانی دروستکردنی وزەی کارەبا بەکاردەهێنرێت.
- **D** بۆ کوژاندنەوەی ئاگری سووتانی ماددە گڕگرتووەکانی وەک مەگنیسیۆم * بەکاردەهێنرێت.
- **K** بۆ کوژاندنەوەی ئاگری سووتانی کەلوپەلی چێشتخانە و خواردن دروستکردن بەکاردەهێنرێت.




* ئەم ماددانە لە پلەی گەرمی بەرزدا دەسووتێن و کارلێکی خێرایان دەبێت کاتێک لەگەڵ ئاو، هەوا و دووانۆکسیدی کاربۆن و ماددە کیمیاییەکان یەکتر دەگرن. * جۆری پاودەری وشک لە پێکهاتەی ئاگرکوژێنەوەکەدا هەیە کە گونجاوە بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دروست بوو بە هۆی ئەم ماددانەوە.



•••

**NO COMMENT!**

# فەرهەنگی هاتوچۆ

# TRAFFIC GLOSSARY



| | |
|---|---|
| ئامێری بێدەنگکردن (سالەنسا) | Muffler (Silencer) |
| ئاراستەی ڕێگا | Direction of Road |
| ئاراستەی هاتوچۆ | Direction of Traffic |
| ئاماژەکانی پۆلیس | Traffic Police Hand Gestures |
| ئاماژەکردن | Signal |
| ئامێرە بەرزکەرەوەکان | Lifting Machines |
| ئامێری گواستنەوە یان سوارێی بە بزوێنەر | Motor Vehicle |
| ئەفسەری هاتوچۆ | Police Officer |
| ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە | Fire Engine |
| ئۆتۆمبێلی پۆلیس | Police Car |
| ئۆتۆمبێلی تایبەت | Private Car |
| ئۆتۆمبێلی کەسی | Personal Car |
| ئۆتۆمبێلی گشتی | Public Car |
| ئۆتۆمبێلی زرێپۆش (درع) | Armored Vehicle |
| ئۆتۆمبێلی هێزەکانی هاوپەیمانان | Vehicles of Multinational Forces |
| هێماکانی هاتوچۆ | Traffic Signals |
| بارودۆخی سەر ڕێگاوبان | Road Conditions |
| باڵۆنی هەوایی | Airbag |
| بزوێنەر (مەکینە) | Engine |
| - بەڵگەنامەی تۆمار<br>- تۆماری ساڵیانەی ئۆتۆمبێل (سەنەوی) | Annual Car Registration ID |
| بێوەیی (سەلامەتی) | Safety |
| بوەستە | Stop |
| پارکراو | Parked |
| جۆرێکی ماتۆرسکیل | Moped |
| پستن | Piston |
| پۆلیسی هاتوچۆ | Traffic Police |
| پیادە | Pedestrian |
| پەستان (فشار) | Pressure |
| پەستانی هەوا | Air Pressure |
| پەڕینەوەی پیادە | Pedestrian Crossing |
| دەرپەڕینی بەرد | Loose Chippings |
| پەککەوتنی ئۆتۆمبێل | Vehicle Break Down |
| پووچەڵکردنەوەی مۆڵەتی شۆفێریی | Revoking of Driving License |
| پیسبوونی ژینگە | Environmental Pollution |
| پێشڕەوی | Priority |
| پێشڕەوی لە هاتوچۆدا | Priority Road |
| پێڵاوی تایەدار | Roller Shoes (roller Sketchers) |
| تابلۆ | Signs |
| تابلۆی ئاراستەکردن بە ناچاری | Mandatory Road Signs |
| تابلۆی ژێر هێماکان | Additional Panels |

| | |
|---|---|
| تابلۆی ڕێنیشاندان | Direction Signs |
| تابلۆی ڕێگەبەندان | Regulatory Signs |
| تابلۆی وریاکردنەوە | Danger Warning Signs |
| تاک هێڵی بەردەوام | Single Continuous Line |
| تاقیکردنەوەی کارەکی (عەمەلی) | Practical Test |
| تاقیکردنەوەی تیۆری | Theoretical Test |
| ترام | Tram |
| تەندروستی شۆفێر | Driver's Health |
| تەوژمی هەوا | Airflow |
| تیمی فریاگوزاریی (ئەمبولانس) | Ambulance |
| جووت هێڵی بەردەوام | Double Continues Lines |
| جلی تیشکدەری فسفۆری | Reflective Gear |
| ڕێگای نارێک | Uneven Road |
| گڵۆپە ترووسکەدارەکان | flashing Lights |
| گڵۆپی هاتوچۆ (ترافیک لایت) | Traffic Lights |
| چوارڕیان | Cross Roads |
| خولانەوەی کرینک RPM | Revolutions Per Minute (RPM) |
| داپۆشەری سلندەر | Cylinder Head |
| دەروازەی گەراجە گشتییەکان | Public Parking Lot |
| دەستووری ناوخۆیی | Domestic Legistlation |
| دوورگە یان ناوچەی بەربەست | Traffic Island |
| دووڕیانە | Y-junction |
| ڕاگیراو (پارککراو) | Parked |
| - ڕووناکی پڕ یان بەرز<br>- لایتی بەهێز - فلاشەر - فوول | Full Beam Headlights |
| ڕێگا | Road |
| ڕێگای پاسکیل | Cycle Track |
| ڕێگای خێرا<br>ڕێگای گواستنەوەی خێرا | Motorway (expressway) |
| ڕێگاوبان | Highway |
| ڕێگا ئۆتۆمبێل | Carriageway |
| ڕێگای سەرەکی | Main Road |
| ڕێگای لاوەکی | Minor Road |
| ڕۆدی بەیەکەوەبەستن | Connection Rod |
| ڕینگەکانی پستن | Piston Rings |
| ڕێڕەو | Lane |
| ڕێڕەوە خێراکان | Fast Lane |
| ڕێڕەوی ئۆتۆمبێل | Driving Lane |
| ڕێڕەوی پاسکیل | Cycle Lane |
| ڕێڕەوی ناچاری | Mandatory Lane |
| ڕێڕەوی سەرپشکی | Optional Lane |
| | |

| | |
|---|---|
| سایکل | Cycle |
| سیستەمی ئاراستەکردن | Steering System |
| سیستەمی بەهێزکردن (پاوەر) | Power System |
| سیستەمی جێگیرکردن (هاندبرێک) | Parking Brake (Handbrake) |
| سیستەمی دژەقوفڵبوون | Antilock Braking System (ABS) |
| سیستەمی دەرکردنی دووکەڵ | Exhaust System |
| سیستەمی رووناکی | Lights And Illuminations |
| سیستەمی ساردکردنەوە | Air Conditioning System |
| سیستەمی سووتەمەنی ئۆتۆمبێل | Fuel System |
| سیستەمی کارەبای ئۆتۆمبێل | Electric System |
| سیستەمی هەوای ئۆتۆمبێل | Engine Cooling System |
| سیستەمی هەڵواسین | Suspension System |
| سیستەمی وەستێنەرەکان (ئیستۆپەکان) | Braking System |
| سلندەر Sylinder | Cylinder |
| سوارێ | Vehicle |
| سوارێی جووڵاو (سوارێ لە جووڵەدا) | Vehicle In Motion |
| سوارێی ڕاکێشراو | Caravan |
| سوارێی وەستاو | Stopped Vehicle |
| سووڕانەوە | U-turn |
| سووڕانەوەی سێ خاڵی | A Three Point Turn |
| سێگۆشەی سەربەرەوخوار | Inverted Triangle |
| سکوتەر | Scooter |
| شۆفێر (سایەق) | Driver |
| شۆفێری تەکسی | Taxi Driver |
| شۆفێریکردن | Driving |
| شێوازی پارکردن | Types of Parking |
| شێوازی لێخوڕین | Driving Style |
| شێوەی لێخوڕین | Driving Habit |
| کابرێتەر | Carburetor |
| کرێنک شەفت | Crankshaft |
| کلاچ | Cluch |
| کلاچ و گێر | Transmission |
| کەرەفانە | Caravan |
| کۆڵان | Alley |
| گالیسکە (عەرەبانەی بە ئاژەڵ ڕاکێشراو) | Cart |
| - گڵۆپەکانی ئیستۆپگرتن<br>- لایتەکەی ئیستۆپگرتن | Braking Lights |
| گڵۆپەکانی پشتەوە (لایتەکانی پشتەوە) | Rear Lights (tail Lights) |
| گڵۆپەکانی پێشەوە (لایتەکانی پێشەوە) | Front Lights |
| گڵۆپی پرتەقاڵی ڕەنگ زەردباو | Amber Lights |
| گڵۆپی رووناکی (رووناککەرەوە یان ئیشارەتەکان) | Lights |
| گۆڕینی ڕێڕەو | Changing Lanes |

| | |
|---|---|
| گێر | Transmission |
| گێری خۆکار | Automatic Transmission |
| گێری دەستی (عادی) | Manual Transmission |
| لێخوڕین بە بەگ / لێخوڕینی بەگ | Reverse Driving |
| لێخوڕینی سوارێکان | Driving Vehicles |
| لێخوڕینی ژینگەیی | Eco-Driving |
| لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێریی | Revoking of Driving License |
| لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێریی | Withdrawal of Driving License |
| ماتۆرسکیل | Motorcycle |
| مەرجەکانی تەندروستی | Minimum Safety Inspection |
| جۆرێکی ماتۆرسکیل | Moped |
| ناوچەی مردوو | Blind Spot |
| ناوچەی نیشتەجێبوون | Built-up Area |
| نووسینگەی فێرکردنی شۆفێریی | Driving School |
| نیمچە عەرەبانە | Semi-Trailer |
| فلای ویل | Flywheel |
| فڕۆکەی نزمفڕیو یان نزمفڕ | Low Flying Airplane |
| فۆرکلیفت | Forklift |
| فلکە | Roundabout |
| عەرەبانە | Trailer |
| هۆڤەربۆرد | Hoverboard |
| هۆڕن | Horn |
| هۆی گواستنەوە | Means of Transportation |
| هێڵەکانی سەر ڕێگا | Lane Markings |
| - هێڵی ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر<br>- خاڵی بەیەکگەیشتن | Level-crossing |
| هێڵی بەردەوام | Unbroken Lines |
| هێڵی پچڕپچڕ | Broken Lines |
| هێڵی پێچاوپێچ | Zigzag Lines |
| هێڵی شەمەندەفەری فرەڕێڕەو | Multiple Level-Crossing |
| هێماکانی ناو داشبۆرد | Dashboard Signs |
| هێماکانی هاتوچۆ | Trafic Signs |
| هێما نێودەوڵەتییەکانی هاتوچۆ | International Driving Signs |
| هێمای تایبەت بە ناوچەی دیاریکراو (زۆن) | Special Regulation Signs |
| هێمای ڕێگەپێدان | Give Way Sign (yield) |
| هێمای وەستان | Stop Sign |
| وەستان (نەجووڵان، نەجووڵەکەوتن) | Stopping |
| وەستاندن ١ (بۆ ماوەیەکی کەم) | Pull Over |
| وەستاندن ٢ (ئیستۆپکردن) | Braking |
| وەستاو (نەجووڵاو، لە جووڵەکەوتوو) | Standing Vehicle |
| ڤاڵڤ | Valve |
| یەکتربڕ | Intersection |

# NOTES

# NOTES

NOTES

# NOTES

# NOTES

NOTES

بۆ گەیاندنی هەر سەرنج و تێبینی و پێشنیاز و پرسیارێک، دەتوانیت لە
ڕێگای ئەم QR وە پەیامەکانت بگەیەنیت.




Dedicated to

# Kurdistan

**Najat Najm**

B-BE

Kurdistan Regional Government
Ministry of Interior
Directorate General of Traffic Police

# TRAFFIC MANUAL

## For All Road Users

Author : Najat Najm



v 1.0 | 2025